گۆشەکردنی کێرکووك لە قۆناغی ئەمڕۆدا نیشتمانییە

تایبەتمەندییەکانی شاری کێرکووك

کێرکووك وەك هەر شارێکی لە شارەکانی ئێم گەردوونە , ئەو هەکارانەی بە شێوەی گشتی , بوونەتە هۆی گۆڕان و گەورە بوونەوەی شار و هێژای شارنشینی لە جیهان , هەمان کاریگەرییان لەسەر گۆشەکردنی شاری کێرکووك و بەرزبوونەوەی هێژای شارنشینی لێم دۆقەرە داناوە , لە نێوان گەورە بوون و پوکانەوە *, کەچی جوتیارانی هەرێمی کێرکووك , لە لادیکانییەوە بە ناوەندی شار , بەدەر نییە لە یاسای جیهانی لە گۆڕانی پێکهاتەی کۆمەڵ , لە گواستنەوەی کۆمەڵگە لە قۆناغی دەرەبگایەتییەوە بە قۆناغی سەرمایەداری , کە سیمای سەرەکی ئێم گۆڕانکارییە , خێی لە کەچی بە کۆمەڵی جوتیاران لە لادێوە بە شار , لە ژیانی لادێنشینییەوە بە شارنشینی دەبینەتەوە .
وەڵە نابەت ئەوە لە یاد بکەین شارەکان , بە ئاست و پلەی جیا لە یەکتر گۆڕیان کردووە , هەموو بە یەك هێی هاوتەریب گۆڕە ناکەن لە مێژووەدا , پێشکەوتنی ئابووری , لە باربوونی جوگرافیا و ژینگە , هەمنی هەڵومەرجی سیاسیی ناوچەکە , هێی خێیان دەبینن لێم بوارەدا .
گۆشەکردنی شارەکان لە هەرێم , وڵات , کیشوەرەکان ئاست و شێوازی جودا جودا دەگرنە بەر , شاری وا هەیە لەماوەیەکی دیاریکراودا لە نەش و نما دەکەوێت و دەپوکێتەوە , تەنانەت لەسەر نەخشە دەسڕێتەوە , شاری دیکە هەیە بە پێچەوانەوە بە هادەی پێشبینی نەکراو لە ماوەیەکی کورت خایەندا گۆڕە دەکات .
گرنگترین ئەو پێشمەرجانەی پێویستە لەو پارچە زەویەدا هەبێت , کە شارەکەی لەسەر دروست دەکرێت , بە بەردەوام بوون و گۆشەکردنی شار , دەتوانیین لێم وتەیەی ئیبن خەلدونەوە بە گوڕەی کات و سەردەمی خۆی لێم خاڵانەدا چە بکەینەوە : ((ئیبن خەلدون لە سەدەی 14 ز باسی لەوە کردووە , بوونی لەوەڵگە , زەوی کشت و کاڵ , سوتەمەنی , کەرەستەی خانوسازی بە شوێنی شار گرنگە , تاکو هاونیشتمانیان بتوانن پەداویستییەکانیان دابین بکەن 1 .
ئەگەر ئەمانە گرنگترین پەداویستی دروستبوون و گۆشەکردنی شار بێت

, لە 7 سەدە لەمەوپێش , دیارە ئەم پەورانە لە ئێستادا گەانیان بەسەردا هاتووە , ژیانی نوێ پێشمەرجی نوێی بەرهەم هێناوە . شارێکی وەك دوبەی دەپێك ئاوی شیرینی تێدا نییە , کەچی بەتە گرنگترین و پێشکەوتوترین شاری عەرەبی و هەموو ەڕۆهەاتی ناوەاست . سەنگافورە و هەنگ کەنگیش ناتوانن بە هەردوکیانەوە مگەلە مەك مام ناوەندی تێر بکەن , یان خەراکی بولبولی هاووەاتییەکانیان بەرهەم بهێنن , کەچی هەموو جیهان ئاواتە خوازن تێیاندا بژێن .
بە پێی ئەم پەورانەی ئیبن خەلدون دیاریکردووەن ئەو پارچە زەویەی شاری لەسەر دروست دەکرێت دەبێت دارای هەندەك تایبەتمەندی بێت , لەو تایبەتمەندییانەوە دەتوانیین ئەوە هەڵبژێنجین , ناوچەی کەرکووك هەموو پێداویستییەکی بە شاربوون و گۆشەکردن و نۆشونماکردنی هەبووە , چ لە ەابردوودا , یاخود لە ئێستادا , کە پێداویستییەکانی گۆشەکردنی شار گەاوە .
هەرەمی کەرکووك , ئاوهەوایەکی گونجا و سازگار و لەباری هەیە نە گەرم نە سارد , بە ژیان , کشت و کاە , بەخێوکردنی مەوماڵات.
پلەی گەرماکەی لە نێوان 8,6 بە 42,8 پلەی سەدی یە (ئێتێسی کەرکووك – ل30) , ەڕژەی باران بارینی لە نێوان زیاتر لە 500ملم بە کەمتر لە 200 ملمە , لە لە ناوەندی شار 300-400ملمە2 .
زەری لەوەگای بەرینی نایاب بە مگەلەکانییان لە پەدەشتەکانی کەرکووك , هانی کەچبارەکانی دەوروبەری داوە بە نیشتەجێ بوون لەی , لەوەرگەی مەو ماڵاتی ەوەندەکانی باشور بووە لە وەرزە قات و قەییەکاندا , لەو دەشتاییە ئەردویان هەدەدا , زەوی تەخت و بەراو بە کەلان و کشت و کاەکردن , دەشتییەکی کاکی بە کاکی دەورەی شاری داوە , دەشتایی دەگیر تا دە حەزبکات جەگەو جەباری پە ئاوی پەدا دەەوات , لە پاە کارەز و ەوبارەکان , دەشتایی بان ساەیی تاکو دیدەی چاو تەختانی و پە لە گژ و گیایە , تا دە بیەوێت بە پیت و بەرەکەتە .
گەنم و جە یەکەکە لە گرنگترین بەروبومە کشت و کاییەکانی هەرەمی کەرکووك , ئەم دوو بەروبوومە بە خواردنە ستراتیژییەکانی مرۆف دادنرێت لە تەواوی مێژووەدا , دەتوانرێت بە مێژووی دوور هەبگرترێت و پاشکەوتبکرێت , هاوکات بەرگەی ەگەی دوور و سەخت بگرێت بە بازرگانی و گواستنەوە , خواردنی سەرەکی و بەردەوامی مرۆڤیش . هەندەك لە مێژوونوسان لەو باوەەدان , جوتیارانی گەنم و جە , بەهەی بونی کاتی زەری بەتاەوە لە زستان و بەهار (گەنم و جە کاتی زەری ناوێت بە وەبەرهێنان) , زیاتر بیر دەکەنەوە و داهێنان دەکەن , بۆیە زووتر تەکەە بە شارستانی بوونە لە مێژووەدا . بە پێچەوانەی ئەو ناوچانەی جوتیارەکانی لە جیاتی گەنم و جە بە

کاری چاندنی مەرزەوە خەریك بوونە , ساڵە 12 مانگ , خەریکی بەرهەم هێنانن , کاتیان نامێنێت بۆ بیرکردنەوە .
گەنم بە یەکەم جار لە مێژوودا لەم ناوچەیە بەرهەم هێناوە و بە جیهاندا بڵاوبۆتەوە . پاشماوەکانی گوندی چەرموی 30 ماڵی نزیك کەرکووك , چەمی ڕەزانی دەڤەری قەڵاسۆکە , باشترین بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییەی ناوچەی کەرکووك دایانگەی شارشی کشتوکاڵ .
((کەرکووك بارانی زەر و ئاوهەوای فێنکە , ناوچەیەکی بۆ بەرکەت بۆ بەروبوومی دەمی , چاخی کشت و کاڵی سەرەتایی لە نزیك 10 هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە لە کوردستان , چەمچەماڵ – چەرمو – چەم ڕەزان سەری هەڵداوە . یەکەم ئاوەدانی لە شوێی گوندی کشت و کاڵی لە کوردستانەوە سەری هەڵدا 3 .
لە مێژوودا کشتوکاڵ و بازرگانی لە پێشەوەی بزاوتە ئابوورییەکانی کەرکووك بوونە . کەرکووك وەك شار و ناوچە , گرنگی سە لایەنەی هەبووە لە ڕابردوودا ((ناوچەیەکی کشت وکاڵی , سەرچاوەی بازرگانی , ستراتیژی شوێنی سەربازی)).
کشت و کاڵی ناوچەی کەرکوك , بەشێوەی گشتی دەمییە , بەشێك لە زۆییەکەی گاسنی پێدا نەهاتبوو , هاوکات بەراویش لە دەمز و چەم و جۆگەلەو کانی و کارێزکانی کراوە . دەوروبەری کەرکووك بە باخی میوەو ڕەزوو کارێز پڕ ئاوکانی ناسراوە لای گەیدە و ئێژەڵاتناس و گەشتیارەکان .
بوونی لەوەڕگەی بەرینی نایاب , ئاووهەوای گونجاوو لەبار (نە سارد و نەگەرم) یارمەتیدەری پەروەردە کردنی بەرباوی مەڕومااڵت و ڕەشە وڵاخ و تەنانەت گامێش بووە لەم ناوچەیە .
لایەنکی دیکەی گرنگی ئەم دەڤەرە , بوونی سامانی ژێر زەمینی زەر و زەبەنی ئاوی سازگارە .
بونی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە لە نزیك شار , هەکاری سەرکییە بە بوونی هەر شارێك و گەشەکردنی .
کەرکووك ناوچەیەکی دەوڵەمەندە لە ڕووی هەبوونی ئاوەوە , پاشکۆتکی گەورەی سامانی ژێر زەمینی ئاوی هەیە , لەم ناوچەیە زەر بە ئاسانی بیر دگات بە ئاو , سەرباری بوونی ئاوی سەرزەمینی زەر تیایدا وەك زەی بچوك , خاسە , عەرەفە , ناوچەی قەرییە , سیروان , … کانی و کارێز و ناعورەکانی .
ئاوی خاسە سەرباری خواردنەوە , بۆ کشت و کاڵ و ئاودێری و کارپێکردنی ئاسیاوەکانی شار بەکار دەهێنرا . شوێنکەی لە بەرزاییە , بۆیە مەترسی لافاو لە سەر شار نییە .
هەرچی لە ڕووی کەرەسەی خانوەییە , دەتوانیین کەرکووك بە دەوڵەمەندترین شاری ناوچەکە دابنێین لەم بوارەدا , دارای خاکێکی

پتەو , قوی جیەو خەاگر , بەردو مەمەی بەهێز , جۆری کەرەسەی خانوو , تەمەنی خانوو و شێوەی دروستکردنی دیاری دەکات .
کەرکووك دارای ئاوهەوای مام ناوەندییە , بە پێی پێوەری ئیبن خەلدون بێت , خەڵکەکەی ویستییان لە خانووی بەردینە ((ئیبن خەلدون باوەی وایە خەڵکی ناوچەی ئاووهەوای مام ناوەندی خانوەکانییان بە بەرد دروست دەکەن و بەشێوەیەکی هونەرییانە دەیازننەوە 4 .
کەرەسەی سەرەتایی خانوو دروستکردن لە کەرکووك بریتییە : (ئاوی خاس , گڵ , قایە , گڵی سوور , قامیشەان , دیرەگ ...).
بوونی کورەی بەرهەم هێنانی گڵ لە کێناری شاری کەرکووك بە دوری نزیك بە 1-2 کم لە قەراوە , قایە و بەردی مەمەی سپی زەر و زەبەن کە بەناوبانگە لە هەمان شوێن. هەروەها ئوباری خاس لە نزیکترین پێنتی ئاوەدانیی کەرکووکەوەیە , قەڵا چەند مەترەك لەوی دوورە , سەرباری ئەوی وەك ئاماژەمان پێیدا , نزیکی لە سەرچاوەی ئاوەوە , زوو گەیشتن بە ئاو بە لەدانی بیر و ناعور و کارێز .
گڵە سوورەی ناوچەی کەرکووك , بەناوبانگە لە خەراِگری و جیەی بە سواق دان و پێکردنەوەی بان خانوو , یاخود دروستکردنی خشت .
تەنووری کەرکووك لە هەموو عەراق و ناوچەکانیی دەوروبەرەوە دێن بە کەینی , بەهەی باشیی گڵەکەی و خەاگری و جیەی قوڵەکەی .
نزیك بوونی شار لە ناوچەی هەزو باخ و دارستانکانەوە , وەك قەریێە , چەمی زەنگانە , سەرخاسە , قەاسەوکە , شێخ بزێنی خواروو سەروو , قەرەحەسەن , تازە , خورماتوو ... , هەروەها بەشەانی چە و پێی کەنار چەم و ئوبارکان , دەتوانێت پێداویستیەکانی خانوو دروستکردن دابین بکات , لە داری دیرەگ و تەختەی دەرگا و پەنجەرە و قامیش هەڵگرتنی خانوو , لە قامیش کەڵەت و کەپر دروست دەکرێت , سەری خانووی پە دادەپۆشرێت , کەرکووك ناوچەیەکی دەوەمەندە بە پیشەانی قامیش .
هاوکات دابینکردنی پێداویستی ماڵان و حەمامەکانی شار لە سوتەمەنی , هەروەها دەرگای ماڵان لە دار گوێزی پتەو دروست دەکران , بزماری سەرپانی گەورە بەسەرییەوە , تەنانەت بە 10 کەسی بەهێزیش ناکرایەوە .
زەربەی شارە گەورەکان یان لەدەشتایین , یاخود کەوتونەتە قەراغ ئوبار و دەریاوە . کەرکووك کەوتەتە ناوەندی ناوچەی گەرمیانەوە , جگە لەباربوونی کەشەکەی و بە پیتی خاکەکەی , هاوکات کەوتەتە دەشتاییەکی پان و بەرینی ئاودارەوە , گەلی و دەڵ و ملەی تەنگەبەر لە کەرکووك نییە , بەڵە قەڵەای بە دروستکراوە بە پاراستنی لە هەرشی داگیرکەران , شار کەوتەتە ناو قەڵایەکی لە گرتن نەهاتوو ,

لە دامەزراندنی دەشتەکی بەرینی پە لە هەڵمەت و تەپڵکە , گردەکانی ستراتیژین بۆ کاروباری سەربازی , , هەزو باخی سەوزەی کەرکووك لە وەبەرهێنانی تور و سۆق و سەوازایی بەناوبانگە لە ناوچەکە و هەموو عێراق .
پێکهاتەی جوگرافی شار , کاریگەری لەسەر قەبارەکەی دادەنێت , دەشتایی بوونی سنووری شار , هەکاری گەورەبوونوویەتی بۆ گوڕەی ژمارەی دانیشتوانی . کەرکووك کەوتەتە جەرگەی تەختاییەکەوە , بۆ هەر چوارلادا توانای گەورە بوونەوە و فراوان بوونی هەیە , بۆ پێچوانەی سلێمانی و هەولێر و ئاکرێ و ئامێدیی و ..... .
هەروەها لەباربوونی ئاووهەوا , هاوکاری زەربوونی ژمارەی دانیشتووانە , تا ئاووهەوا لەبار بێت , تەندروستی هاووڵاتیان باش دەبێت و نەخۆشی کەم دەبێتەوە , هاوکات پەیداکردنی خێراك سانا دەبێت , بە نموونە ئاوهەوا هەکاری سەرکی بوونی نەخۆشییە لە ناوچەی ئیستیوائی , کە ئەمەش بە یەکێك لە خاڵە نەگەتیفەکانی کیشوەری ئەفریکا دادەنرێت , یەکێك لە هەکارەکانی زەربوونی مردن و دواکەوتویی ئابووریی .
لایەنکی دیکە بە درێژدان بە ژیان و گەشەدان بە چالاکی ئابووری , بوونی سوتەمەنی و وزەیە لە نزیك شار . لە چاخەکانی ناوەڕاست , وزە بریتی بوو لە دار و پاشماوەی ئاژەڵ و ئاوو هێزی دەست و ئاژەڵ (دار و پاشماوەی ئاژەڵ زیانیان هەیە بۆ ژینگە) 5 .
مێژوونووسە یۆنانییەکان لەپرسەی (ئەلیکسەندەری گەورەدا) ئاماژە بە سەختی گرنگی ستراتیژی سەردەمە کۆنەکان دەکەن لە کەرکووك ئاویش (قەڵا, ئاگر,هووباری نەوت)ە 6. کەواتە کەرکووك دەوڵەمەندە بە هەموو سەرچاوەکانی وزە .
وەك ئاماژەمان پێیدا , کەرکووك ناوچەیەکی لەبارە بۆ پەروەردەکردنی ئاژەڵ , خەڵکی کەرکووك , بە بەرفراوانی کەڵکیان لە پاشماوەی ئاژەڵ وەردەگرت بۆ سووتەمەنی ماڵان و گەرمکردنی حەمامەکان , ئەمەش زەرجار سەرچاوەی نەخۆشییە کوشندەکان بووە لە مێژوودا . هەرچەندە دەرهێنانی نەوت لە کەرکووك کۆنە , وەك گرنگترین بەشی وزە ((لە ساڵی 1639 وە نەوت بەشێوەی سەرتایی لە کەرکوك دەرهێنراوە 7 . ((یەکەم بیری نەوت لە جیهان لە ساڵی 1859 زۆدراوە 8.
قیر لای کریستانەکان پیرۆزی خۆی هەیە , لە سواقدانی پەرستگاکان بەکاری دەهێنن . لە مێژووی کۆنیشدا بەکار هاتووە ((لە نەو گەڵك لە ئەشکەوتێ (شانەدەر) چەقیەك دەزراوەتەوە , کە لە بەردی مەرمەڕ دروست کراوەو مستەکەی ئەسکەو بە قیر داپۆشراوە 9. ئەمەش بۆتە هۆی ئاوای گرنگی بازرگانی شارەکەی زیاد کردووە.

بەم شێوەیە دەبینیین هەموو ئەو تایبەتمەندییە سروشتییانەی پێویستن بۆ دروستکردنی شار لە ناوچەیەك و گۆشەکردنی , بۆ گورەی پێداویستی سەدەی 14 و پێشتریش , لە کەرکووکدا بوونی هەبووە , هەر بۆیە کەرکووك توانییەتی بەردەوامی بەخۆی بدات وەك شار و گۆشەبکات .

بوونی نەوت بەتەنها لەم سەردەمە لە کەرکووکدا بەس بۆ بوونی ئەم شارە بە ناوەندێکی گرنگی سیاسی و کاگەی . هەر نەوتە کۆنەی کردووە بە شار لەو بیابانە لماویە , دوبەیکی دواکەوتویی کردووە بەگرنگترین شاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ((دەزینەوەی نەوت بووە هەی کەبونەوەی دانیشتوان بە دەوری کەمپانیاکان , بەجی نمونەیەکە 10 . لە پاڵ هەموو ئەمانەی تا ئێستا ئاماژەمان پێیاندا , کەرکووك مەزارگە و ئارامگەی کەسایەتی ئاینی جیاجیای تێدایە , مەبەندی چەندین تەریقەتی سۆفیانە بووە لە کۆنەوە , بوونی مەرقەدەکانی دانیال پێغەمبەر , ئیمام قاسم , زین العابدین لە کەرکووکدا , خاڵی بەهەزن , هەروەها هەکارن بە بەردەوامی دان بە کەبونەوەی دانیشتووان لە دەورو بەریان , بە تایبەت هەردوو مەرقەدی ئیمام قاسم و زین العابدین , ساڵانە ژمارەیەکی زۆر شیعە دەچن بۆ سەردانی , ئەمەش گۆشە دەدات بە گەشت و گوزاری ئاینی ناوچەکە , لە گەیدا بازاڕی شارەکە دەبوژێنەتەوە , بوونی خانەك بۆناوی هیندی خانەر(خانی هیندییەکان) لە کەرکووکدا , کە بە زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان لە هیندوستانەوە بۆی هاتوونە , باشترین بەڵگەیە بۆچونەکەمان .

بوونی قەڵا لە کەرکووك

لە ڕابردوو قەڵا قەڵغانی شارە بووە بە بەرەو ڕووبووەوەی هەرشبەرانی دەرەوە , بەبێ بوونی قەڵا و بورج شار ناتوانێت بەرەو ڕووی سوپای زۆر و زەبەنی هەرش بەران ببێتەوە , شار بەرامبەر بە هەڕەشەی دەرەوە , دەبێت پارێزراو بێت بە شورای قایمکراوو و قەڵای قایم .

بە بەرەو ڕووبونەوەی مەترسی دەرەوە , دروستکردنی قەڵا پێویستی سەرکی بوو بە درۆدان بە ژیان ,((قەڵا لە توانای سەربازی شار زیادەکات وتوانای بەرگری دەباتە سەر 11.

مەرۆڤ لە چاخی کۆنکاندا , لە سەردەمی نەبوونی پەیماننامەی نەودەوڵەتی و یاسا و ئاشتی دا , هەموو کات لە قۆناغی جەنگدا بووە بەرامبەر بە دەرەوە . دەسکەوتی جەنگ ئابوری وەاتی دیاریکردووە , بەرهەمی نەتەوەیی وەات بەشی زۆری لە ڕەگەی غەزەواتکانەوە دابینکراوە , بە خێ پاراستن لە کارساتکانی شەڕی هەرش بەران ,

قەڵا باشترین ئامراز بووە بۆ دەست گرتنەوە بە داگیرکی لە مانەوە .
زۆربەی شارە کۆنەکان لەسەرەتادا بریتی بوونە لە قەڵایەك یاخود کۆتوونتەوە ناو شورایەك , لەوەوە گەشەیان کردووەو پێلیان هاویشتووە و گەورە بونەتەوە , تاکو لە کۆتایدا قەڵا بووە بە ناوەندی شار .
کێرکووك بەهۆی شوێنی دروستکردنکەی و چەبوونەوەی لەناو قەڵا , قەبارەی بەشایەکەی نزیك بوو لە 11% , نەبوونی ڕێگاو بانی بۆرین وڕام بە پێشکەوتنی هەیکانی گواستنەوەو داخوازی سەردەم بداتەوە .
گرنگی پێ نەدانی قەڵا لەلایەن دەوڵەتەوە , خراپی خزمەتگوزاریەکانی , لەم دەیان ساڵەی دواینەدا , دانیشتووانە دەوڵەمەندەکەی قەڵا بەرەو گەڕەکە هەمەن و نوێکانی کەنار شار کێچیان کرد , لە جێگەیان هەژاران نیشتەجێ بوونە .
لەم ساڵانەی دواینەدا بەشی زۆری دانیشتووانی قەڵا , یان لەتورکمانە هەژارەکانی پێك دەهاتن , یاخود لەو جوتیارە کوردانەی لە لادێوە کێچیان دەکرد بە شار , بەهۆی هەرزانی کرێ خانوو لە قەڵا دەگیرسانەوە .
لە سەدەکانی ڕابردوو , دەسەڵاتی ناوچە لە لایەن قەڵاوە بڕیوە دەبردرا . لەو سەردەمانە وەزیفەی شار زیاتر وەزیفەیەکی سەربازی بووە , نەك وەزیفەی بەرهەم هێنان و ئابووری و کارگێڕی . بۆیە دەبینیین شارەکان بریتی بوونە لە سەربازگەیەکی گەورە : ((قەڵا لەسەرەتاوە دەزگایەکی سەربازی بووە , کاری کردووە بۆ دابین کردنی ئاسایشی ناو قەڵاو و دەوروبەرەکەی . سەرباری ئەوەی ناوەندی کارگێڕیی ناوچەکەش بووە . لەگەڵ ئەوەشدا قەڵا تایبەتمەندی شاری نەبووە , دانیشتوانەکەی بەشەوەی سروشتی لە سەربازان پێك دەهاتن , ئەو سەربازانەی کاریان بۆ قەڵاوە پێویست بووە)) 12.
قەڵای کێرکوك دانیشتوانەکەی لە سەربازان و دەست و پێوەندەکانیان و هاووڵاتیان پێك دەهات کە بە بازرگانی و پیشەگەری و فەرمانبەری و کشت و کاڵی ژیان دەگوزەرێنن .
وەك باسمان کرد شارە قەڵا, ڕێگای بنکەی سەربازی گەڕاوە , لە زەر کاتدا شوێنی کۆبوونەوەی سەربازان و خەزانەکانیان بووە , لەو شوێنەوە پێوەندی بە دەوڵەتی ناوەندییەوە دەکرا , قەڵای کێرکووك نموونەیەکە بۆ ئەم , ناوەندی دەسەڵاتی مەرکەزی بوو لە ناوچەکەدا .
کێرکووك لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم هەزاران سەربازی تێدا مەڵدرابوو بۆ وتەی بارەن ئیدوارد نێد ((لەبەر چەند هەیك تورکیا بە چاوکی تر دەیوانییە ئەم شارە , لەڕدا نزیك 4500

چەکداری دەوڵەتی تێدا مەڕابوو 13 .
دروست بوون و گۆشەی شار , یان هەکاری سەربازی لە پشتەوە بووە هەروەك کەرکووك و هەولێر بە بوونی قەڵاکەی , یاخود هەکاری ئایینی بووە وەك نەجەف و کەربەلا , یان هەکاری سیاسی بە داسەپاندنی دەسەڵات بەسەر ناوچەدا وەك بەغدا, یاخود هەکاری ئابوری بووە وەك موصڵ و بەجی .
شاری نەجەف لە سەدەی 9 کەچی وەك ئیبن بەتوتە دەیگێڕێتەوە ((باشترین شاری عەراقی بووە , لە ڕوی بینا سازی و ڕێك و پێکییەوە , بازاڕی باش و پاکژی هەبووە , لە ڕێگای دەرگای ئاوەدانییەوە چوینە ژوورەوە , بازاڕی بەقاڵەکان و چەشتچی و نانەواکان پێشوازییان لێکردین , دوایی بازاڕی سەوزەو میوە , پاشان بازاڕی بەرگ دروو ..... 14 . کەبونەوە لە دەوری ناوەندەکی کارگێڕی بە داسەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر خەڵکان , سەربازگیری , باج سەندن ئەرکەکانی شارن لە ڕابردوودا .
هەروەها ڕێکخستن پەیوستە بە کەبونەوەی دانیشتوان لە دەوری بازاڕ , بە ڕێکخستنی کارکان و پاراستنی نەزم و یاسا بازارگانییەکان و ڕێ گرتن لە فێڵ و تەڵەکەبازی و دزی و تاڵان , ئەمانەش بەبێ دەسەڵات ناکرێت .
بازاڕ پەیوستی بە چاودێری و باج و لێپرسینەوەو پاراستن هەیە , باج نەدان بە دەسەڵاتی مەرکەزی گەورەترین بەرەنگاربونەوەو تەحەدای سیاسی بوو لە ڕابردوو . بە دابینکردنی هەموو ئەمانە شار پەیوستی بە دەسەڵات هەیە , بەرزترین ئەرگانی دەوڵەت لەو سەردەمە قازی قوزات و والی ولات و قائیدی قوات بووە , کە ئەمانەش لە شار دادنیشتن , پادشاش لە پایتەخت , هەروەها زیندان وەك شوێنی لێپرسینەوە لە پێشلیەکان بەهەمان شێوە لە شاردا هەبووە .
بوونی سەربازگە پەیوستە لە هەر ناوچەیەك , لە لایەکەوە بە پاراستنی ناوچەکە لە داگیرکاری دەرەوە , کە بەردەوام لە بەردەم هێڕشی هەرشدا بووە , لە لایەکی دیکەوە بە پاراستنی ڕێگاو بانەکان , و سەرکووتی یاخی بونەوەکان . هەروەها هاوکات ناوەندی کەکردنەوەی باجی ڕاهداری(پاراستنی ڕێگاو بان لە دزی) لە خەڵك لەو کاروانانەی لە ڕێژەهەڵات و ڕۆژئاوا , باکوور و باشورەوە بە شاردا تێدەپەڕین بە ناوچەو وڵاتکانی دیکە .
گۆشەی شار پەیوستی بە دابینکردنی ئاسایش و جێگیری سیاسی , ئابوری , کەمەبەستی هەیە, شێ هەموو کات مەترسییە بە سەر گۆشەی شار و مانەوەی .
کەواتە لە ئەنجامدا دەتوانیین بڵێین : باشترین ئامراز بە پاراستنی شار , لە سەردەمی پێش پەیدا بوونی چەك و تفاقی سەربازی

نوێ , بوونی قەڵایەکە .
هاوکات ئەو شارانەی قەڵایان نەبووە , شوراو دەرگای شارییان هەبووە , نموونە ئەسکەندەریە لە میسر 4 دەرگای هەبووە , شەوان دەرگاکانی داخراون 15 . بەغدا بەهەمان شێوە دەرگای هەبووە , بەڵام موصڵ قەڵاو شورای پێکەوە هەبووە .
کەرکووك بازاڕی ناوچەکە
شار ناوەندی بازرگانی و چالاکی ئابوریە , هەموو شەکەکی بە دەت و لەوە دەرچەت , نیشانەی شارنشینی و بەرز بونەوەی ئاوەدانیە لە ناوچە .
ژیانی لادێ سادەو ساکارە , شار شوێنی کولتوری بەکاربردنە , خەڵك بە دوای خێشیدا دەگەڕێن , بۆیە بازاڕی بەردەوام لە گەشەکردندایە . لادێ ژیان تێدا سادەو ئاسودە و هەمنە , بەڵام ژیانی شار جەنجاڵ و ئاڵۆزە .
کەرکوك نەوەندەکی بازرگانی گەورەیە لە ناوچەکە , دەورو بەری ئاوەدانەو پڕە لە شارچکەو قەڵای ئاوەدانی, بازاڕی ساغکردنەوەی بەروبووم کشتوکاڵییەکانی ناوچەکە و دەوروبەرکەشی بووە.. .
ناوەندی ناردەی خوری و مەوماڵات وبەروبوومی کشت و کاڵی هەرێمەکە بووە بە دەرەوەی ناوچەکە و وڵاتیش ... .
لە بەرزاییەکانی زاگرۆس , جوتیاران بەروبوومەکانیان لە بازاڕەکەی ساغکردەتەوە . زەربەی ئەو بەروبومانەی دەنێردرانە دەرەوە , لەو بەروبوومانە پەك دەهاتن , توانای بەرگە گرتنی ڕەگەی دوور و, مانەوە بە کاتی درێژخایەن , بەرگەگرتنی سەختی ڕەگەی پە هەوراز و نشێویان هەبووە , وەك دانەوێڵە و خوری و پستەو .. .
(هەروەها هەمان هەڵکەوتو وای کردوە دامەزراوە بازرگانییەکان شارەکانی کوردستان لە یەکتری بچن 16 .
لە دائیرەی مەعارفی بەریتانیدا کەرکووك وەك یەکەك لە بازاڕە سەرەکییەکان کوردستان سەیرکراوە 17.
لەدائیرەی معارفدا بەم شێوەیە وەسفی کەرکوك کراوە : ((بنکەیەکی گرنگ و سەرەکی بازرگانییە لە کوردستان)) هەروەها دەنوسێت ((کەرکوك بە بازاڕی بەرهەم هێنانی کشت و کاڵی ناوچەکە دەژمەردرێت . جگەیەکە بە هێناردنی خوری و دانەوێڵەو ماڵات و نەك و کەتیرەی بەرهەم هێناوە لە بەرزاییەکانی زاگرسدا 18 .
لە بەرواری 25-6- 1820 کلەدیەس جیمەس بیەچ , لە گەشتەکەی کوردستانیدا , کاتەك دەبێتە میوانی میری بابان لە سلەمانی , لە یاداشتەکانیدا ئەمەی خوارەوەی نوسیووە : ((شەوی ئابردوو من و عومەر ئاغا سەبارەت بە بەروبوومی کوردستان زۆر دواین . شاری کەرکوك ئەو بازاڕەیە کە هەموو بەروبوومی ئەم بەشەی کوردستانی بە

دەبردرێت 19 .
کەرکووك جگە لەوی بازاڕی ساغکردنەوەی بەروبوومی جوتیاران بووە , هاوکات بازاڕکەی ناوەندی پێدا کردنی پێداویستییەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کەرکووك و شارکانی دەوروبەریش بووە , ئەمەوا دەکات بڵێین : کەرکووك شارێکی بازرگانی هەرێمی گرنگ بووە لە ناوچەکە ((لە هەندێك تێبینی ئێچدا ئەوە دەرکەوێت گەلێك شتومەکی دەگمەن و بە بەها لە کەرکوکەوە بۆ سلێمانی دەنێردرا 20 .
کەرکووك پێوەندییەکی ئابوری بەهێزی بە شاری سلێمانییەوە هەبووە , بازاڕی دووەمی خێکی ناوچەکە بوو , ئەمەش وایکرد خێکی هەردوو شار پێوەندیی بەهێز پێکەوە ببەستن , تا ئاستی هێگرتنی پاش ناوی کەرکووك لە لایەن بازرگانانی سلێمانییەوە ((ئەم جۆرە پێوەندییە بەهێزە ئابووریانە وایکرد کە هەندێك لە خانەوادە بازرگانییە ناسراوەکانی سلێمانی نازناوی ((کەرکوکی – کەرکوکلی)) بخەیان دابنێن 21 .
هەرێمی شار , ئەو پانتاییە جوگرافیاییە , نزیکترین بازاڕ لەوی شاری سەرکی هەرێمەکەیە, هەموو خێکی ئەو سنوورە , پێوەندیی سەرکییان بەو شارەوەیە و پێداویستییەکانیان لێی دابین دەکەن .
کەرکووك یەکێکە لە شارە هەرە گرنگەکان , پانتایی جوگرافیای هەرێمی کەرکووك بەرفراوان و تەختاییە , هاوکات دەوڵەمەند و بە بەرهەم , بەیە پێوەندی کردن بە شارەوە سانایە , بەهۆی دەوڵەمەندی و فراوانی دەوروبەرکەیەوە , پێویستی بازاڕی دەوڵەمەند و گەورە هەیە .
هەندێك هەرێمی شار کە دوورن لە ناوەندەوە , دانیشتوانەکەی دابەش دەبن بەسەر دوو بەش , لە نێوان دوو شار , وەك دەشتی تەقتەق و ناوچەی تەکییەی چەمچەماڵ و گۆڕ و سەبیران ... .
بەهۆی لە باری پێکهاتەی زەوی و کەش و هەوای هەرێمی کەرکووکەوە , دەوروبەرکەی هەموو ئاوەدان بووە بە درێژایی مێژوو , هاوکات هیچ بەربەستێکی سروشتی سەخت نەبووە لە نێوان کەرکووك و هەرێمەکەی , لە یەکتریان دابڕێت و پێوەندی سەخت بکات لە نێوانیان , بەیە دەبینییەن بەشێکی زۆری هەرێمەکە بە شارو شارۆچکانییەوە , تەنانەت هەرێمی شارکان دەوروبەریش , بازاڕیی هەمیشەیی و بەردەوامیان کەرکووك بووە , تەنانەت بەهۆی سەرە بووندەوە بۆتە بازاڕی هەرێمی شارکانی دەوروبەریش .
بازرگانی گرنگترین فەرمانی نێوان شار و هەرێمەکەیەتی , سەرباری ئەرکە کارگێڕییەکان کە لادێ بەشار دەبەستێتەوە .
جووتیار لە شاردا ئەو بەرهەمانە دەفرۆشت کە لە بەکاربەری خێی زیاترە , هاوکات پێداویستییەکانی ژیانی دەکڕێت , بەیە بوونی

شار و بازاڕ بە درێژدان بە بزاوتی ئابووری و پێشڤەچوونی شار پێویستە , چەندە ژیان پێش بکەوێت , هێزی بەکاربەری هاووڵاتیان سەردەکەوێت , پێداویستی هاووڵاتیان دەچێتە سەر , لادێ و شار زیاتر پێویستیان بە یەکتر دەبێت . شار و لادێ لە ڕووگەی کاڵا , سەرمایە , خزمەتگوزاری , بازرگانییەوە لە یەکتر نزیك دەبنەوە .
بازاڕ هەی سەرەکی گەورە بوونەوەی شارێ , چەندە بازاڕ گەشە بکات , چالاك بێت , دەوڵەمەند بێت , ئەوەندە لق و پۆپکانی لە کاڕگەی و خزمەتگوزاری لە گەیدا گەشە دەکەن , هاوکات پێویستی بەهێزی کاری زیاتر دەبێت بە پێڕا گەیشتن بەکاروبارەکانی , لە گەیدا ژمارەی دانیشتووان پێ بە پێی گەشەی بازاڕ دەچێتە سەر .
سەرباری ئەوەی لە دەوڵەمەندیدا نەخشی کەم دەبێتەوە , ئاستی تەمەن دەچێتە سەر , کەمڕەگەی تەر کەمتر دەکەوێتە بەر هەڕەشەی نەخشی کوشندە .
بەهەمان شێوە , چەندە ژمارەی دانیشتووان زیاد بکات , دەبێتە هەی گەورەبوونەوەی بازاڕ کەنەکان , هاوکات پەیدا بوونی بازاڕی تازە . واتە بازاڕ و ژمارەی دانیشتووان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە .
لە گەڵ گەشەی بازاڕ و زەربوونی ژمارەی دانیشتووان , ژمارەی خانوو و ڕێگاو بان و مزگەوت و حەمام و خان و قوتابخانەو … زیاد دەکات , بەمانەش ڕووپەوی شار گەورە دەبێتەوە , لە گەیدا کارگەییەکەی فراوان دەبێت .
بەهەی گەشەکرنی بازاڕ و زەربوونی ژمارەی دانیشتوان و ئاڵوگۆڕبوونی کارگەرییەوە , شاری کەرکووك لە سنوری خەی کە قەڵایە دەرچووە دەرەوە , لە سەرەتادا بە هەر چوارلای شاردا بە شێوەی بازنەیی گەورە بووە , کەرکووك و هەولێر نموونەیەکن بە ئەم گەورە بوونەوەیە . هیچکە 17 دوکانەکەی گەڕەکی مەیدان و بازاڕی شمشێر دروستکردنەکەی نایەتوانی پێویستی شار و دەوروبەر دابین بکات , هاوکات ژمارەی خانووەکانی نایەتوانی ئەو حەشاماتە بحەوێننەوە , بەیە شار پێویستی بە دەرچوون بوو لە ناو قەڵا .
شار یان بەشێوەی بازنەیی بەدووری خەیدا گەشە دەکات , بەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی شار , یاخود بە دووری ناوەندە بازرگانییەکاندا پاڵ و پێ دەهاوێت . بە کەرکووك لە دوو قۆناغی جودا جودادا , هەردوو شێوە گەشەکردنەکەی بەخۆوە بینییوە .
لە سەرەتادا کەرکووك بە دووری بازاڕدا , بە چواردووری قەڵادا گەشەیکرد , لە قۆناغی دواتردا بە دووری خەی و ڕێگا سەرەکییەکاندا گەورە بووە و پاڵ وپەی هاویشت , دوای ئەوەی دووری بڕی بازاڕەکان توانای پە کردنەوەی ئەو حەشاماتیان نەما لە ئەنجامی

بەرزی زەربوونی ژمارەی دانیشتووان و کەچی جوتیاران لە لادێوە ڕوو لە شار دەستی پێکرد , لە قۆناغی ئاوابوونی دەربەگایەتی و سەرهەڵدانی سەرمایەداری .
شار جگە لەوەی بازاڕی ئاڵ و گۆڕی هەرەمە , هاوکات بازاڕی فرۆشتنی هێزی کاریشە لە ناوچەکە , بەکارانی هەرەمی شار بە پێیداکردنی بژێوی خۆیان ڕووی تەدەکەن , بۆیە پنتی گیرسانەوە کەچی بەکارانی هەرەمە .
کارە گرنگەکانی ئابردوو لە شار بریتی بوون لە : بیناسازی , پەستەسازی , دەبەخانە (سرکە- عەرەق – ترشیات) دروستکردن , هەروەها بەرهەمی ئاژەڵداری و هەویرکاری .
لە سەرەتادا ناوچەی نیشتەجێ بوون , ناوچەی بازرگانی و پیشەسازی لە شاردا هەموو تێکەڵ بوون , بەڵام لە قۆناغەکانی دوواتردا بە گەورەبوونەوەو مۆدێرن بوونی شار , ئەو کەرتانە لەیەکتر جیاکرانەوە , گۆڕەپانە و ناوچە پیشەسازییەکان دەرکرانە دەرەوەی شار .
چینە کۆمەڵایەتییەکان لە شاردا , بە دەوری یەکتردا جەمسەر دەبەستن , گۆڕەکان لەسەر بنچینەی چینایەتی , هەندێك جار لەسەر بنچینەی پیشەیی دابەش دەبن , جەماوەری شار دابەش دەبن بەسەر گۆڕەکی میللی(هەژارنشین و مام ناوەندی) , هەروا هاووڵاتیانی ناو کەڵەت و چینەکان , لە لایەکی دیکەوە گۆڕەکی ئاقی قەراغ شارەکان .
ئەم گۆڕەکانە(بە تایبەت گۆڕەکە دەوڵەمەند نشینەکان) سنوری نەتەوەیی لە شارەکی فرەنەتەوەیی وەك کەرکووك دەبەزێنن , شوێنی سەرو نەتەوەیی بەخۆوە دەگرێت .
بازاڕی شار
کەرکووك شارەکی سەرە ڕەی بازرگانی بووە لە مێژوودا , ئەمەش وای کردووە گرنگی ئابووری تایبەتی خۆی هەبێت .
پێیوەندی نێوان بەغدا – کەرکوك لە چاخە سەرەتاییەکانی ئیسلامدا لاواز بوو . لەو سەردەمە ڕێگای بەغدا – کفری – داقوق – ئەربیل زۆر بە کەمی بەکار دەهێنرا 22, لە بەرامبەردا ڕێگای موصڵ سامەڕا بەغدا زیاتر بەکار هاتووە , دیارە گرنگی ڕەی ئابووری شاری موصڵ هەکاری ئەمە بووە .
ڕێگای ئەربیل – ئاڵتون کۆپری- دەی شاقرد , قەڵای کەرخینی(کەرکەك) –داقوق- قەڵای خورماتوو- بەغدا , تەیمور لەنگ دووجار پێیدا تێ پەڕیوە , یەکەم جار لە ساڵی 1394 . هەروەها شاڕ محەمەد بن قەرە یوسف لە ساڵی 1411 ز هەمان ڕێگای بەیوە 23 .
پردە لە سەدەی 16دا هەبوو , کاتێك گەشتیاری ئەوروپی لئون رالوف بینیویەتی , ناوی ناوچەکەی بە پردە نوسیوە 24

بەرام بە شەوی گشتی ئەم ڕێگایە , سەرباری بوونی ڕێگای موصڵ – سامەرا – بەغدا یەکەك بووە لە ڕێگا گرنگە پڕ بایەخەکانی بازرگانی لە ناوچەکە . لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی , شەنگار- موسڵ – هەولێر – پردێ- کەرکوك –داقوق – کفری- خانەقین – مەندەلی- کرماشان , یاخود بە بەغدا . دواتریش بە هاتنی ئینگلیزەکان و پشقڵچوونی هەکارەکانی گواستنەوە و پێوەندی ئەم گرنگییەی لە دەست نەدا , بەڵکە بەهەی سنوری بوونی ناوچەکەوە , گرنگی زیاتری پێیدا کرد .
((بەریتانییەکان هەوڵیاندا کەرکوك و هەولێر بکەنە بنکەیەك بۆ پتەوکردنی پێوەندی یە ئابوریەکان , بە ڕێژاوای ئێران – کوردستان – ئازربایجانەوەی ببەستن . بۆ مەبەستی ئەوەی پێوەندیەکان لەگەڵ ناوچەکانی قەفقاس و ئەو دیوو قەفقاس , کە دەکەوێتە سنوری سڤیەتەوە لەکار بخەن 25 .
بەهەی سستی هەیەکانی گواستنەوە , بوونی کەرکووك وەك شاری سەرەکی بازرگانی , بووە هەی ئەوەی ژمارەیەکی زەر (خان)ی لە دروست بکرێت وەك وەستگەیەك بۆ پشودان , , ئەم میوانخانەو کاروان سەرایانە , یاخود ئەم خانانە دوو ئەرکیان ئەنجام دەدا , لە لایەکەوە فرۆشگاو و بازاڕی ساغکردنەوەی بەربوومی جوتیاران بوون , لە لایەکی دیکەوە وەزیفەی میوانخانەیان دەگێڕا , هاوکات شوێنی حەواندنەوەی ئاژەڵەکانیشیان بوون و باری گالیسکەو ئەسپەکانی تێدا دادەگرترا .
هەروەها سەرەڕای بوونی کەرکووك , وای دەکرد , شار بەردەوام قەرەباغ بێت لە نێو ئاپورەی فرۆشیار و کڕیاردا ,, بۆ بازرگانان و ئەو ڕێبوارانەی لە ناوچەو شار و وەاتانی دیکەوە بۆ کەرکووکدا گوزەریان دەکرد , بۆ شار و وەاتانی دیکە .
خانەکان لە دوکان و ژوری خۆو و حەسانەوە پڕ دەهاتن , دەکەوتنە ناوەندی بازاڕەوە , زەربەیان دوو نهەم بوون , نهەمی سەرەوە بۆ حەسانەوەی میوانەکان , لە ژمارەیەکی زەر ژوور پڕ دەهات , خوارەوەش وەك کەگەی کەل و پەل و شوێنی ئەسپ و کەر و .. بەکار دەهێنران .
بۆ دیوی دەرەوەش لەسەر ڕێگاکان دەرگای فرۆشگاکان دەکرانەوە . تا ئێستاکەش لەبازاڕی گەورە و جووت قاوەی کەرکووك , ژمارەیەك لەو خانانەی تێدا ماون بە هەمان نەخشەی کۆن .
سەرباری بوونی ژمارەیەك خان , کەرکوك بە ژمارەی زەری گەرماوەکانی دەناسرایەوە . لەبەر ئەوەی هەموو ماڵێك توانای نەبوو گەرماوی تایبەتی بۆ خۆیان دروست بکەن , ئاوو سوتەمەنی پێیداکردن بۆ گەرماو لە کەرکووك سانا نەبوو , بۆ تایبەت لە قەڵا , هەروەها

پانتایی شار ڕەگەی بەو نادا , هەموو ماڵێك گەرماوی تایبەت بە خۆیان هەبێت , چونکە سنووری شار لە قەڵادا قەتیس مابوو , سەرباری ئەوەی لە ناوی ئابوورییەوە قازانجی زۆری هەبوو ,نەخۆش و دەوڵەمەند و سەربازو گەشتیار و بازرگان و ئەجنەبیوارن بۆی دەچوون , بۆیە ژمارەیەکی زۆر حەمام لە کەرکووك دروستکران . گەرماو بە یەکێك لە لەزەتەکانی ژیان دادەنرا .
((شاری دیمەشق 160 گەرماوی تێدابوو , لەبەر ئەوەی ماڵەکان گەرماویان نەبوو , وتەیەك باو بوو ((نعیم الدنیا الحمام)) 26 .
مزگەوت و بازاڕ و حەمام و خانەکانی شار هەموو لە نزیکیەکتریەوە بوون , کەرکووك بە ژمارەی زۆری حەمام و خانەکانییەوە دەناسرایەوە .
لە شار کار دابەش دەبێت , بازاڕ سەرباری بوونی ژمارەیەك زۆر فرۆشگای وردەواڵە فرۆش , سەوزە فرۆش , قوماش فرۆش (تەنانەت فرۆشتنی ئاورەشم و قوماشی زەڕچن) , گەنم فرۆش , قەساب , کەباب خانە , چێشتخانە دوکانی بەن و بەرامە و بخوێ , , ژمارەیەك پیشەسازی سەرەتایشی تێدا بوو نموونە کاسە , گەزە , مەشکە , شەربە , کوپە , تەنوور دروستکردن . بازاڕی توتنچی , قمچی ,قازان سپیکەرەوە, کەبابچی , قوماش فرۆش , کورتان دوور, بەرگ دوور, لەفەدوور , چەخماخچی , زەنگەر, پاك کەرەوەری چەك , شەغرە چی , ئاسنگەر , پیشەسازی چەقۆ و خەنجەر , گاسن , پەنجەرە , قاپ و قاچاغ و سەتڵ دروستکەر, نەجاڕی سندووقی دوەدوی و قاپی و پەنجەرەو هتد ..... دروست کەری تێدا بوو .
لە نەجەف و بەغدا و موصڵ بازاڕەکان لە یەکتری جیابوون , سەوزە فرۆش – قەساب- ئاسنگەر – نەجاڕ ... هتد 27 . بە کەرکوکیش ئەمە ڕاستە .
. بەشەوی گشتی شار لەم پەکهاتانەی لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەدەم پێك دێهات : قەڵا – شورا – سەرای – زیندان – بازاڕ – خانوو – کەنان – مەرقەدی پیاوچاکان – قەبرستان- مزگەوت – تەکیە – خانەقا – خان – چایخانە – قوتابخانە – مەخزەن – فرۆشگا .
قەبرسان و مزگەوت گرنگی خۆیان هەبوو , گەورەیی شار بە بوونی ژمارەی ئەو مزگەوتانەی نوێژی هەینی تێدا دەکرا دیاری دەکرا , شارەکی وەك بەغدا لە سەدەی 8 کەچی 11 مزگەوتی تێدا بوو نوێژی هەینی تێدا دەکرا 28 .
کەرکووك پاش قەتیس مانەوەی بە ماوەی زیاتر لە 45 سەدە, لە ناو قەڵا , لە دەوروبەری 3 سەدەی ڕابردوودا , سنورە کۆنەکەی خەی دەبەزێنێت و گەورە دەبێتەوە , بە دوو ئاراستەدا گەشە دەکات , لە ڕوی ڕوپەوی شار وە ژمارەی دانیشتووان , لە خوارەوە دەینە سەر

هەردوو بوار و ئاراستەکە .

گۆشەکردنی کەرکووك لە ڕووی پانتایی و قەبارەوە

وەك ئاماژەمان پێی دا , لە سەرەتادا زەربەی شارەکان قەڵا شاربوون , تەواوی پێکهاتەکانی شار , لە بازاڕ و کارگەی و گەڕەکی نیشتەجێ بوون , دەکەوتنە ناو سنوری قەڵاوە , یاخود شورای شارەوە .
لە دەرەوەی قەڵا و شورا , ژیان لەبەر هەرشی بەردەوامی دوژمنان ئاستەم بوو , مرۆڤەکان هەموو کات لە ترسی هەرشی لە ناکاو لەسەنگەردا بوون , بۆیە لە قەڵادا ژیانیان بەسەر دەبرد . لەوەدا بەرامبەر کوشتن و تاڵان و بە کۆیلەکردن پارێزراو بوون , شاری بە قەڵاو شورا ژیانی تێیدا گران بوو .
هاوکات قەڵا ناوەندی کارگەی و هێزی دەوڵەتی ناوەندیش بوو لە هەرێمەکە , قائیدی قوات و قازی قوزات و والی ولاتی لە دادەنیشت , کە گەورەترین دەسەاتداری هەرێمایەتی بوون .
جوانترین پێناس بۆ زمانی کوردی تاکو ئێستا بۆ کەرکووکی کۆن کرابێت ,بۆ باوەی من ئەم چەند ستۆیەی خوارەوەیە : ((لە بنەڕەتدا وەك قەڵاتێکی خۆ لەسەر گردێکی چوارگۆشەیی بینا کراوە و , 120 پێ لەو دەشتانە بەرزترە کە دەوریان داوە , دەوانتە دەی ووبارەکەکەیەکی کەم ئاو)) 29 .
قەڵا

ڕووبەری قەڵا 22 هکتارە , کە دەکاتە 2,2کم2 , بە بەرزایی 18 مەتر 30 . قەڵا لەم گەڕەکانە پێك هاتووە (قەڵا-مەیدان – زندان – حمام مسلم- حمام مسیح).
گەڕەکی مەیدان دەکەوتە باکوری قەڵاوە , گەڕەکی قەڵا دەکەوتە ناوەاستی قەڵاوە , گەڕەکی حەمام دەکەوتە باشوری قەڵاوە .
دەرگاکانی قەڵا ئەمانەن ((داش قاپی , تەپ قاپی , یەدی قزلار , حەلوچییە)) , 2 دەرگایان بۆکار دەهات بە دەربازبوونی گالیسکە , 2شییان بۆ هاتوچۆی پیادە .
تاکو کۆتایی هەشتاکان , قەڵا لە 560 خانوو پێك دەهات , کە کەی گشتی 4000 کەسی تێدا دەژییا .
بۆکارهێنانی زەوی بۆ خانوو 42% پانتایی قەڵای گرتبووە .
4% خانووکانی باش بوو .
45% خانووکانی مام ناوەندی بوون .
8% خانووکانی کەڵەپورین .
31% خانووکانی خراپن .
12% خانووکانی ڕوخاون بۆ کەڵك دانیشتن نایەن

8% ناوچەی سەوزایی .
8% دوکان و ناوچەی پیشەگەری .
12% کەلان .
10% شەقام 31 .

گەورەبوونەوەی شار لە دەرەوەی قەڵا

هەندێك پێیان وایە لە سەدەی 13 دا , کەرکووك لە دەرەوەی قەڵاش ئاوەدان بووە , واتە کەرکووك تەنها شارە قەڵا نەبووە : ((وەاتناسی لە مەژینە(یاقوت الحموی) کەچکردو لە 1229ز ئاشکرای کردووە کە قەڵای کەرخینی لە دەرەوەش ئاوەدانە 32 .
یاقوت حەموی کە لە ساڵی 1228 کەچی دوایی کردووە , سەبارەت بە کەرکووك دەنوسێت : (کرخینی بکسر الخاو المعجمە پم باو ساکنە ونون و یاو فعالە وهی قلعە فی وگاو من الارچ حسنە حصینە بین داقوقا و اربیل رایتها وهی علی تل عال و لها ربچ صغیر – 33 بەڵام هەندێکی دیکە پێیان وایە , لە کۆتایی سەدەی چواردەهەمیشدا کەرکووك تەنها لە قەڵا پێك هاتووە ((لەسەرەتای کانونی یەکەمی 1393ز , تەیمور لەنگ گەیشتە داقوق , لەوەوە بە ئاراستەی قەڵای کەرکووك هەنگاوی نا , کە گەیشتە کەرکووك خێکی قەڵا پێشوازییان لە کردو دەستزیییان بەی دەربەی .
قەڵاکانی کەرکووك(کەرخینی) و داقوق و خورماتوو , وە ئەو گوند و شوێنانەی سەر بە ئەوان بوون , ئەمیرە کوردەکانی ناوچەکەو دەستاتدارە تورکمانەکان و فەرماندە سەربازییەکان حوکمەانی بوون . وەاتی کەرخینی و داقوق بە دەست خێکی کوردەوە بوو ژمارەی پیاوەکانی لە 700کەس زیاتر بوو 34 .
وەك دەبینین کەرکووك وەك خورماتوو و داقوق , بەقەڵا ناوزەد کراوە نەك شار , ئەمەش دەربەی ئەوەیە, کەرکووك لەو کات و ساتەدا , تەنها لە قەڵا پێك هاتووە , وەك سەرجەم شارە قەڵاکانی دیکەی ناوچەکە و بگرە جیهانیش , ئەگەر پەراوێزی بچوکیشی هەبوبێت وەك ئەوەی حەموی ئاماژەی پێ دەدات , بەهەی بچوکییەوە شایانی ئاماژە پێدان نەبووە , یاخود هاوین نشینی بووە بەهەی ئەوەی کەرکووك هاوینان زەر گەرمە , بە ناچاری خێکەکەی بە تایبەت دەوڵەمەندەکان پەنا دەبەنە بەر گوند و ئاوەدانی و کەپرو ناوچە کشت و کاڵییەکان دەوروبەر کەرکووك .
نابێت ئەوە لە یاد بکەین , لەو کاتەدا داقوق لە ووی ئابوری و کارگێییەوە , گرنگی زیاتری هەبووە لە کەرکووك , بگرە کەرکووك بەشێك بووە لە شاری داقوقا , بەیە لە سەرچاوە مێژوییەکان , ئاماژەکان لەو سەردەمەدا , زیاتر بە سەر داقوق بووە نەك کەرکووك

((کەرکووك وەکو شارێك ئەو دەمە نەوی لێ نەو ناواندا نەبووە , بەڵکە ئەو ناوچەیەی کە شاری کەرکووکی ئێستای لێ هەڵکەوتووە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری بە چەند ناوی دیکە ناسراوە : بەناوبانگترین شاری ئەو وەختەی دەڤەری کەرکووك , شاری داقوقا(داقوق) بووە * کە لە سەرچاوەکاندا تا ئادیەك زانیاری مێژوویی لەسەر تەمار کراوە 35 .
((تا کۆتایی سەدەی 14 لە هەوی کارگێڕیی و ئابوورییەوە بەشێك بوو لە داقوق 36 .
لەم خشتەیەی خوارەوە , کە ئاماری داهاتی کوردستانی بەشی عوسمانییە , لە ساڵی 1349 ز ئەنجامدراوە , تیایدا ئاماژە بە داقوق کراوە نەك کەرکووك , هەروەها خشتەکە دەوڵەمەندی ناوچەی کەرکووك دەردەخات , کە لە دوای سنجار زۆرترین داهاتی هەبووە بە دەوڵەتی ناوەندی :
زەنگاباد 11500 دینار
خانەقین 12200
اربیل 22000
ئاکرێ 27000
داقوق 78000
سنجار 147500
ئامێد 30000 37 .
کەرکووك ناوەکی تازەیە بە شارەکە , تاکو سەدەی پانزەهەمی زاینی , کەرکووك بە قەڵای کەرخینی ناوبراوە ((بە یەکەم جار ناوی کەرکووك بەم شێوەیەی ئێستای لەساڵی 1424-1425 ز بەکار هاتووە , لە پەرتوکی زەفەرنامەی شەرەفەدینی عەلی یەزدی 38 .
یەکەم بەکارهێنانی ناوی کەرکووك لە لایەن عەلی یەزدییەوە بوو لە سەدەی 15 ی ز 39 .
وەك ئاماژەمان پێیدا , زۆر پێیان وایە , کەرکووك تەنها لە قەڵایەك پێك هاتووە , تەنانەت لە سەدەی شانزەهەمیشدا ((بە گوێرەی (منمنە) یەکی مێژوویی, کە هەرشەکانی سوڵتان سلێمان قانوونی بەسەر عێراق لە ساڵی 1525دا دەردەخات , تەنها ئاوی خاسو قەڵا دەردەکەوێت , ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت , لەو کاتەدا شاری کەرکووك تەنها لە قەڵا پێك هاتووە 40 .
هەمان نووسەر , ئاماژە بە قەبارەی شار دەکات , لە ناوەڕاستی سەدەی 16 ((بە گوێرەی بەگڵەرنامەکان , کە مێژوییان دەگەڕێتەوە بە ساڵی 1548 , شار پێك دەهات لە 145 خانوو کە خەزانەکان تێیدا دەژیان , وە 23 خانوو سەڵتی تێدا دەژیا , سەرباری بوونی بەیەچی و ئاش و مزگەوت لە شاردا 41 .

یەکەك لەو مزگەوتانەی ئاماژەی پێداوە , مزگەوتی ئولیە ((مزگەوتی ئولو لە سەر پاشماوەی کەنیسە دروستکراوە , مێژوی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی 16 42 .
مزگەوتێکی گرنگی پیرەزی دیکەی شار , مزگەوتی دانیال پێغەمبەر ((مزگەوتی دانیال پێغەمبەر لە ئابردوودا کەنیسە بووە , نووسینەکان سەری دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەدەی چواردە 43 .
((سوڵتان مەحمود غازان , کە حوکمی ئێران و عێراقی کردووە لە ساڵی 1295 – 1304 دا , پاش ئیسلام بوونی زۆر تووندڕەو بوو , کەنیسەی کریستانەکانی کردووە بە مزگەوت , ئاگاری ئاوە هەیە ئەو کەنیسەی دانیالی کردبێت بە مزگەوت 44 .
قەڵا سەرباری دانیشتوانەکەی , شوێنی نیشتەجێبوونی سەربازانیش بووە , بە هۆی ئاوەوای شار سەنگەری پارێزگاری ناوچەکە بووە لە هەرشی تاتانچی و داگیر کەران , بۆیە هەموو کات وەزیفەی سەربازی هەبووە . گەڕەکی ئاغالق چونکە شوێنی نیشتەجێی سەرکردە سەربازییەکانی ئینکشاریییەکان بووە بۆیە بە گەڕەکی ئاغالق ناوبراوە ((گەڕەکی ئاغالیق لە قەڵا شوێنی نیشتەجێی سەربازان بووە . 45
بە هەمان شێوە گەڕەکی حەمام , بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە , چونکە حەمامێکی گەورەی تێدا بووە , گەڕەکی مەیدانیش بازاڕی لێ بووە , بازاڕی شمشێر دروستکەرەکان , هەروەها پاشماوەی 17 دوکانی لە دەزراوەتەوە . حەمام مەسیحیش چونکە کریستانەکانی تێدا ژیاوە … .
((کۆنترین باڵەخانە لە قەڵا , یەدی قزڵەر , کە لە5 نهەم پێك هاتووە , نهەمی یەکەمی زیندان بووە , بۆیە بەو گەڕەکیان ووتووە (زیندان) 46 .
بوونی زیندان و سوپا لە قەڵای کەرکووکدا , بە مانای بوونی فەرمانداری سەربازی و قازی دێت لە قەڵادا , لەو سەرو بەندەدا ئەم دوو پلە کارگێڕییە, بەرزترین پلەی دەسەڵاتداریەتی هەرمایەتی بوون لە پاڵ والی وڵات , ئەو کەسایەتییانەی بەو پلە کارگێڕییە بەرزەوە تەنها لە شاردا دادەنیشتن , پاش ئەوەی کەرکووك پلەی کارگێڕییەکەی بەرز بوونەوە والیشی تێدا جێگیر بووە .
گەڕەکی ئیمام قاسم لە ناوەڕاستی سەدەی 16دا ئاوەدان بووە , دووری قەڵا لە ئیمام قاسمەوە لە دەوروبەر 1 کم ە , بۆیە دەتوانیین ئەم ئاوەدانییە بە بەشێك لە شار دابنێین ((بە گوێرەی ئەو سەرچاوانەی بە دەستمانەوەیە کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1548 گەڕەکی ئیمام قاسم لە 21 ماڵ پێك هاتووە , بەڵام مێژووی مزگەوتی ئیمام قاسم نەزانراوە , لە ئاوەی ووونە ئەم مەرقەدە لە ساڵەکانی 1614 – 1691 – 1894 چاك کراوەتەوە 47 .

مزووی مزارگاکا زەر کەنترە لە سەردەمی چاك کردنەوەی چەند جارەی , هەروەسا مزارگای کەسایەتییەکی وەك ئیمام قاسمی پیرەز لای شیعەکان , بە بە ئاوەدانی نابەت لە دەوروبەرکەی , مزارگای کەسایەتیەکی گەورە لای مزهەبکی گەل پەرستی وەك شیعە , پەویستە بە موزین و خزمەتگوزاری هەیە , بەردەوام شیعەکان بە سەردانی هاتوونە , بوونی خانك بە ناوی هیندلر خانی لە کەرکووکدا , کە بە ناو زیارەتکەرانی هیندییەوە ناو نراوە , باشترین گواهییە بە ئەم بۆچوونە .

وەك ئاماژەمان پیدا , نووسراوەکان ئاماژە بە بوونی ئاوەدانی لە دەرەوەی قەلا , هەروەها نابوونی دەدەن , بابزانیین گەشتیارە بگانەکان لەم بارەوە چی دەبژن : ((ئەتەر کە یەکەم گەشتیاری فەرەنسی بووە , لە ساڵی 1735 سەردانی کەرکووکی کردووە , لە ساڵی 1739 دووبارە سەردانی کردەتەوە , باسی ئەوە دەکات کەرکووك شارەکی قەبارە مام ناوەندییە . هەرەها ئاماژە بە ئەوەش دەکات کەرکووك لە دووبەش پەك دەت , بەشی یەکەم قەلاکەیە و بەشی دووەمی ناوچەی دەوروپشتی قەلایە کە بازاڵی شار پەك دەهەنەت 48 .

بە پەچەوانەی(یاقوت الحموی) و ئەو سەرچاوانەی ئاماژەمان پەیان دا , کە باس لەوە دەکەن , کەرکووك لە دەرەوەی قەلا ئاوەدان بووە , هەندەك سەرچاوەی دیکە پەیان وایە ((لە سەرەتای سەدەی 18 شاری کەرکوك لەناو قەلا قەتیس ماوە , لەدوای ئەو مژوولە دانیشتوان لە دەشتاییەکەی خوار قەلاوە خانویان دروست کردووە . لە ساڵی 1766 گەەك کارستن نیبەر سەردانی کەرکووکی کردوەو دەەت: ((کەرکوك دەکەوەتە دەشتاییەکی جوانی بەبەرکەتەوە , بەەام ئاوەدانی کەمە . تەنها کەمەك لە شارەکە لەسەر تەپەلکەکە ماوە , تەپەلکەکە (قەلا) قەرەباغە بە دانیشتوان , شوریەکی بە قوە بە دروست کراوەو حامیەی یەنیجەری تەدایە (حامیە : بەشەك لە سووپا کە پارەزگاری لەو شارە دەکەن کە تەیدان) ئەمە پەی دەەن قەلا … . خانوەکانی ئەم قەلایە بە جیاوازی لەو پەەی خراپیدان , لەناو قەلا 3 مزگەوتی بە منارەی تەدایە . کەرکوك بارەگای پاشاکانە بە پلەی (گوغتین) بەەام پاشاکان لەناو شارەکە ناژین , بەکە لە دیوەکەی دیکەی ەوبارەکە دەژین و ناوچەی دەسەاتی بچوکە 49 .

وەلە بە پەی هەردوو سەرچاوە , کەرکووك دەکەوتە دەشتاییەکی قەشەنگی دەوەەندەوە , بەەام کەم ئاوەدانە . قەلایەکی پە لە دانیشتوان , بەەام خزمەتگوزارانی تەندروستی لاوازە . هاوکات ئاشی زەری تەدایە , لەوەوە ئارد لە دەکرەت و ەەوانەی باشوور دەکرەت .

لەبەر ئەوەی ئاوەدانییەکانی قەەا و دەرەوەی , دابانەك لە نەوانییان هەبووە , هەروەها ئەو ئاوەدانیانە کەبوونەوەی چەی

دانیشتوان نەبوونە , بەکە چەند پوازەکی لەرەو لاوی بچوکی دانیشتووان بوونە , بەیە ئەو پوازە نیشتجیانە لای هەندك بە بەشك لە کەرکووك دیاری نەکراوە .
کارستن نیبەر هەر خەی وەلامی خەی دەداتەوە , ئاماژە بە ئاوەدانی لە دیوەکەی ئاوبەری شار(ئاوبەر خاس) دەکات , ئەم سەرباری ئاوەی مەزارگای ئیمام قاسم بوونی حەتمیی بووە لەو کات و شوێنە , ناتوانرێت هاشای لێبکرێت .
ئابڕت ئەوە لە یاد بکەین , لە دوای هەوشاندنەوەی خەلافەتی عەباسی , هەرشی مەغۆل و تەتەر و سەفەویيەکان بە سەر عەراق و ناوچەکە بە کەرکووکیشەوە , زەربەی شارەکان کەوتنە بەر شاوی وێرانکردن و تاڵان و بڕە , ئەمەش وایکرد لە ماوەی چەندین سەدەدا , باری ئابووری – کەمەڵایەتی – شارستانی لە ناوچەکە لە دابەزیندا بڕت , شارەکان هیچ پێشڤەچونەکی وایان بەخەوە نەبینیبێت شایانی ئاماژە پێدان بڕت .
ئەوەی لای مێژوونوسان باوە, سەردەمی خەلافەتی عوسمانی , تەنانەت دوا سەدەکانی دەسەڵاتی عەباسی , سەردەمی پوکانەوەو مت بوون بووە لە مێژووی دەسەڵاتی ئیسلامی , سەردەمی گیانەلای دەسەڵاتی ئیسلامی تورکی بوو , سەدەکانی خاوبونەوەو دواکەوتن و گەندەڵی و تەکشکان و هەرەسهێنان بوو , دەوڵەت بەشەوەی سستماتیك بەرەو هەوەشاندنەوەو هەرەس دەچوو , بەیە چاوەڕوانی گەشەکردنی شاری لێناکرا .
جەنگ , پەلاماردان , کاولکردن , تاڵان و بڕە , کەیلەکردن , نەخشی , لافاو , بومەلەرزە … لە مێژوودا زەر شارو شارچکەی لە مرۆڤ پاك کردەتەوە , زەر شاری گەورەی بچوك کردەتەوە , زەری دیکەی لە بنچەوە کوەر کردەتەوە و لەسەر نەخشە سیویيەتییەوە , ئەم بە کەرکووك دروستێ .
لە خوارەوە چەند نموونەیك دەخەمە ڕوو :
((لە ساڵی 1248ز بارانکی زەر باری , لادێکان کەوتنە ژێر ئاواوەوە , قەڵای کەرخینی ڕوخا 50 . ساڵی 1733 سەدان گولە نرا بە قەڵاوە , بەڵام داگیر نەکرا .
((ساڵی 1743 هەزکانی نادر شا 80 هەژار کەرکووکیان ئابلوقە دا , 20000 گولە تەپی گەورەو 20000 گولە مەنجەنیقییان بە قەڵاوە نا , خەڵکەکی زەری لە کوژرا 51 . نادر شاێ لە ساڵی 1743 کەرکووکی داگیر کرد , لە ساڵی 1746 عوسمانییەکان گرتیانەوە .
ساڵی 1769 بومەلەرزە لە شاری دا , ساڵی 1821 ئەران هەرشی بە کەرکووك کرد , قەڵایان گرت , بەڵام لە مانگی شەعبان دەرکران , لە ساڵی 1822 ئاژاوەو پشێوی شاری داگرت 52 .
لەبەشەکانی داهاتوودا بە چەی باسی بەشك لەو نەخشی و ئافاتانە

دەکەین , پەلاماری دانیشتووانی شاری کەرکووکییان داوە , بەشکی زۆر دانیشتووانی شارییان کوشتووە , خەڵکی کەرکووکیان بە ناچارکردنی شار چۆڵ کردووە .
وەلی بە باوەڕی من ئەگەر کەرکووك لە دەرەوەی قەڵا بەشەوەی هەڵك و پڵك و فراوان بۆ پاڵ قەڵایا ئاوەدان بوایە , ئەگەری ئەوە هەبوو شورای شاریان بۆی دروست بکردایە , وەك زۆر لەو شارانەی لە بۆی قەڵایان شورایان هەبووە , یاخود ئەو شارانە هەردووك قەڵاو شورایان پێکەوە هەبووە , نموونە بۆ شەوەی دووەم شاری موصڵ قەڵاو شورای پێکەوە هەبووە , ئەوەی وای کردووە بیر لە دروستکردنی شورا نەکرێتەوە بۆ ئاوەدانی دەرەوەی شار , ئەوەبووە ئاوەدانییەکان پوازی بچووکی لەرەو لەوەی دابڕاو بووە لەشار و لە یەکتر .
بوونی ئاوەدانی بچووك لەرەو لەوە لە شەوەی پوازی بچووك بچووك لە نزیك شارەکان ئاسایە .
ئەو گوند و ئاوەدانییانەی لەو سەردەمە لە دەوروبەری کەرکووك هەبوونە , بەشێك نەبوونە لە شار , بەڵام بە گەورەبوونەوەی شار , دواجار بوونە بە بەشێك لەی نموونە قەرییە و تسن و بەاویە .
یاخود ئاوەدانی دەرەوەی قەڵا لەوانیە هەر پەراوێزی ئاوەدانی ناو قەڵا بوبێت , خەڵکەکەی هەندێك لە وەرزەکانی سال , بە تایبەتی کارەکانیان (ئاژەڵداری , کشت و کاڵ , ئاش , درەو , کەرتەوەی سوتەمەنی) لە دەرەوەی قەڵا , جێگیر بووبن بە ماوەیەکی دیاریکراو , یاخود ماڵ و هەواری هاوینەی دەوڵەمەندان بوبێت . دەوڵەمەندان بەهەی بەاوبونەوەی نەخشی , تەنگی جێگاو , کەمی ئاو , خراپی خزمەتگوزاریی پەیوەندیەوە ئەوپەری چەمی خاسە و تەیدا نیشتەجێ بوونە ,پاشان دەبینیین هەموو دەزگا کارگێڕیە گرنگەکان وەك قشڵاو مەجیدیە هەر لەو بەر دروست دەکرێت , دواتریش هەر بەو شەوەیە دەچێتە پێشەوە , تەواوی دەزگا کارگێڕیەکانی گرنگەکانی شار دەگەوێتە ئەوبەری شارەوە .
لە سەدەی 18 بە دواوە , دەبینیین کەم کەم , دەورو بەری کەرکووك , لە ڕوی ئاوادانییەوە گەشەی سروشتی لەسەرخۆ دەکات , لە دەستپێکدا بە پاڵ قەڵایا ئاوەدانی پەیدا دەبێت , قەبارەی ئاوەدانییەکان لەوە دەردەچێت مەژوونوس و گەیدەو گەشتیاران ئاماژەی پێ نەدەن ((لە کارگێڕی عوسمانیدا بازاڕەکان بەگوێرەی پسپۆری و جۆرەکان ڕاستەوخۆ دەوری قەڵاتە نیشتەجێ کراوەکەیان دابوو , بەڵام دایرەو سەراکانی حکومەت لەناو قشڵاکەی کە لە لای ڕۆژئاوای ڕووبارەکەوە دروست کرابوون بەاوبوونەوەو 53 .
سەرباری گەڕەکی ئیمام قاسم ** و قەرییە * **و شوان** * ە لە پێش ئەو مەژوولە دوری قەڵا هەبوونە .

لەرەو دەبینیین , بەرتەکییە بوو بە بەشك لە ناوکی ئاوەدان کردنەوە سەرتاییەکانی شار , لە کەرکووك بە گشتی وە ناوچەکانی قەڵا بە تایبەتی , بە دوای ئەو مژووەدا لەسەرتاوە شار بە دەوری قەڵادا بەرین بووەو پڵو پڕی هاویشت .
سەرباری ئەو ئاوەدانیانەی ئاماژەمان پێیان دا , ((تەکیەی شێخ عەبدوالڕەحمان (تاڵەبانییەکان)لە ساڵی 1706 لە دەرەوەی قەڵا دروستکرا 54 .
دانیشتووانی شار بە ئەندازەیەك زەر بوون , بازاڕ و کارگەڵەی شار بە شێوەیەك بەرفراوان بوون , شار نایتوانی هیچکەس لە پانتایی قەتیس ماوی قەڵادا وەك ئابردوو بمێننەوە , ئەوپەڕی قەڵا نایتوانی پێداویستی گشتی بازرگانی , پیشەسازی , خزمەتگوزاری , زەربوونی ژمارەی دانیشتووان , بەرینبوونەوەی کارگەڵەی دابین بکات , بۆیە شار پەَویستی بە پشت گەڵین و دەرچوونە دەرەوە بوو لە قەڵا . قەڵا نە جێگەی دروستکردنی بازاڕی نوێی هەبوو , نە دەتوانرا قەسرو قسوری نوێ و ماڵ و خان و قوتابخانە و مزگەوتی تازەی تێدا دروست بکرێت , بۆیە دەرچوونە دەرەوە لە قەڵا شەشك بوو بەسەر شار قەڵایی کەرکووکدا بەرپاکرا .
((لە قەڵا 756 خانوو هەبوو لە ماڵ و مزگەوت و تەکیە , لە 3 گەڵەك پڕ دەهات , بڕی باکور ناوی مەیدانە , گەڵەکی ئاغالق لە ناوەڕاست و حەمام مسلم یان زیندان لە باشوور 55 .
هیچی دی کەرکووك لە توانایدا نەما لە قەبارەو شێوازی کێندا بمێنێتەوە , وەڵام بە زەربوونی ژمارەی دانیشتووان و پێشکەوتنە ئابوری وکەمەڵایەتی وفەرهەنگییەکان بداتەوە ((دانیشتوانی قەڵات بە دەرەوەیان گواستەوەو لە ڕواڵەتکانی شارستانی ئەوروپی نزیکبوونەوە کە دەستیکرد بە باکەشای بەسەر لای ڕۆژئاوای ڕووبارەکەکە دوای ئەوەی کەچبەرکان تێیدا نیشتەجێبوون و زەربەیان لە مەسیحییەکان بوون 56 .
هەرچەندە گشتی شار لە سەدەی 18 و 19 لە عەراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست , زەر بە سستی و لەسەرخۆیی دەچووە پێشەوە , لە چاو ڕۆژئاوا , کە بە دوای شۆڕشی پیشەسازی , گشتی گۆڕی کرد , کەرکووکیش وەك شارکانی دیکەی ناوچەکە گشتی گۆڕی بەخۆوە نەبینی ((کەرکوك شارێ جوانەکە زەر نگەڵا لە دوو سەدەی دواییندا 57 .
نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە کەرکوك بە درێژایی ماوەی ململانێی نەوان عوسمانی و سەفەوی , بە دابەاوی و فەرامۆشکراوی مایەوە , گرنگی پێ نادرا , چونکە خاڵی تەماس و بڕووبوونەوە و بڕڕی پێشەوەی جەنگ بوو لە نەوان ئەو دوو دەوڵەت , لەگەڵ لەشکر کێشان

و داگیر کردندا بۆ شوێی ئاسایی شار دەبوو بە وێرانێ .
لە کۆتایی سەدەی 18 ەوە , کەرکووك بەرفراوانترین قەناغی بەرین بونەوەی بەخۆوە بینی لە مێژووی خۆیدا , لە دوای دروستکردنییەوە تاکو ئێو کات . بازاری فراوان و مۆدێرن (قەیسەری) , مزگەوتی نوێی نیگاوەنگی لە دروست دەکرێت , گەرەکانی هاووڵاتیانیش دەرێ چنێ دەرەوەی قەڵا بە پێدەشتەکانی دامێنی قەڵا ((حەلواچییەکان و مزگەوتی غەوس دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1780 58 .
لە ساڵی 1759 قوتابخانەی غەوسییە لە گەڕەکی حەلواچییەکان دروستکرا 59 . لە ساڵی 1790 ز قوتابخنەی مەیدان دروستدەکرێت 60 .
لە دوای حەلواچییەکان , بە دووری چەند مەترێك لە قەڵاوە , بازاڕەکی مۆدێرن بە گوێرەی ئێو کات , کە بازاڕی داخراوی قەیسەرییە دروست دەکرێت , هەرچەندە قەیسەری کەرکووك لە چاو بەشێك لە شارەکانی تر زۆر درەنگ دروستکرا , نموونە لە شاری موصڵ چەند سەدە لەوپێش قەیسەری هەبووە , دروستکردنی قەیسەری بەدوایدا قشڵە , گەورەترین ئینجازی خانە سازییە لە سەدەی 19 لە کەرکووك دا , سیمایەکی نوێیان بە شارەکە بەخشی , شۆقییان لە قەڵابوونی شار وەشاند .
سەرباری ئێوەی بازاڕی قەیسەری بێو ژمارە زۆرەی دوکانەوە , تەکانەکی گەورەی بە بازاڕی شارەکە دا , هەر بۆیە دەبینییەن بە دوای دروستکردنی قەیسەرییدا , ناوچەکانی نزیکی پێ دەبەت لەماڵ , زۆر گەڕەکی نوێ دروست دەکرێت ((قەیسەری لە ساڵی 1800 دروستکرا , 7 دەرگای بە دروستکرا , لە 300 دوکان پێك هات 61 .
ساڵی1804 گەشتیاری هیندی میرزا ابو تاڵب خان سەردانی کەرکووکی کردووە , دەڵێت کەرکووك شارێکی مەزن و مەحکەمە , خانووەکانی بە بەردو قایە دروستکراوە , زۆربەی بەرێو ەوخان دەچن 62 .
گەڕەکی ئینگلیزی بکنغام , دوای 4 دەیە , لە سەردانەکەی کارستن نیبور , لە ساڵی 1816 , سەردانی کەرکووکی کردووە , بەم شێوەیە باسی شارمان بۆ دەگێڕێتەوە : ((کەرکوك لە 3 بەش پێك دێت , هەربەشەکیان ەوپێوەکی فراوانی هەیە , بەشی سەرەکی لەسەر تەپۆلکەیەکە کە بە تەپۆلکەکەی ئەربیل دەچێت , لەناو ئەم قەڵایە ژمارەیەکی زۆر خانوو هەیە , منارەی هەر 3 مزگەوتەکە لە خانوەکانی دیکە بەرزترن , ژمارەی دانیشتوانی لە نێوان 5-6 هەزارە . بەشی دووەمی شار , کە گرنگە بە پارێزگاری لە شار , ئەم بەشە ەوپێوی فراوانتر و ژمارەی دانیشتوانیشی زۆرترە لە بەشەکانی دیکە .
دەکەوێتە دەشتایی پاڵ قەڵاوە , لە وەدا خانە سەرەکییەکانی شارو چایخانەو بازاڕەکان هەیە , دانیشتوانی ئەم بەشە نزیکە لە 10000

کەس . بەشی سێیەمی شار نیو میل لە دوو بەشەکەی دیکەوە دوورە , ئەم بەشە بچووکترین بەشە , خانووکانیشی پارتە , ژمارەی دانیشتوانی لە 1000 کەس تێپەڕ ناکات , بەمەش کەی ژمارەی دانیشتوانی کەرکووك لە 15000 تێپەڕ ناکات 63 . هەرسێ بەشەکەی کەرکووك گەورەیە , بە پلەیەك وامان لێدەکات وا بیر بکەینەوە , بەڵێن لەوانەیە یەکەك بوبێت لە ناوچە ئاوەدانەکان لەمژوی زووداو . کەرکووك هەشتا گەورەترین شاری دەشتایەکانی ناوچەکە 64 .

لە دوای دروستکردنی بازاڕی حەلواچیەکان لە دەروەی قەڵا , لەتەنیشت بازاڕی گەورەی شار , بە دەوری بازاڕ و قەڵایا گەورەکی نیشتەجێبوونیش دروست دەکرێت ((بریادی و ئاوچی و مزگەوتی نەعمان مژووی دروستکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1818 65 .

ساڵی 1812 پەرتووکخانە لە گەورەکی موسڵا دروستکرا , 150 پەرتووکی تێدابوو 66 .

گەورەکە ئاوەدانەکانی خوار قەڵا , لە سەرەتادا بریتی بوون لە : ((ئیمام قاسم , ئاخی حوسێن , پریادی , چقور , ئاوچی و موسڵا و چای , هەمویان لە دەورو بەری یەك ماوەی مژوویدا دروستکراون 67 .

لە ساڵی 1815 قوتابخانەیەك لە لایەن جولەکەکانەوە دروستکرا , بە ناوی (موسوی مکتبی) ((ناوەکە تورکییە , ئەمەش باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی مەرج نییە , ئەو شوێنانەی ناوی تورکیان هەبێگرتووە , مەرکی تورکی بونیان پێوە بێت)) , ئەم قوتابخانەیە 60 قوتابی کۆ تێیدا دەیخوێند 68 .

گەیدەی بەریتانی کلودیس جیمس لە ساڵی 1820 ز سەردانی لەیلانی کردووە لە 10کم ی شاری کەرکووك , هاوکات سەری لە قەڵاش داوە , باس لەوە دەکات , چەند گەڕەکەك لە دەروەی قەڵا هەیە 69 .

گەیدەی بەریتانی کلودیس جیمس لە ساڵی 1820 ز سەردانی لەیلانی کردووە لە 10کم ی شاری کەرکووك , هاوکات سەری لە قەڵاش داوە , باس لەوە دەکات , چەند گەڕەکەك لە دەروەی قەڵاکەی هەیە 70 .

بە دوای زەربوونی ژمارەی دانیشتوانی شار , گواستنەوەی بازاڕی سەرەکی شار بە دەروەی قەڵا , ناوچەی خوار قەڵا دەبێتە ناوەندی ئابوری شار , بەیە بەرفراوان دەبێت و گەشە دەکات , بازاڕی جەراوجەری لە پەیدا دەبێت , بە گوێرەی کار و پیشەکانییان بازاڕەکان دابەش دەبن ((ناوچەی خوار قەڵا لە ساڵی 1822 ەوە گەشەی کرد , بازاڕ , چایخانە , خان , ماڵ , ئاسنگەر و خمچی و دارتاش و … لە دروستکرا 71 .

هاوکات بەهەی زەربوونی ئاوەدانی دەروە , قەڵا پێویستی بە دەرگای نوێ هەبوو , بە پێوکردنی پێوەندی ناو قەڵا لەگەڵ دەروەی , کە

کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی PKU پێویستی بە چاودێری بەردەوام و پشکنینی وردی ئاستی فینیل ئەلانین لە خوێندا هەیە. ئەم بەتایبەتی گرنگە بە ئافرەتانی دووگیان کە PKU یان هەیە، چونکە بەرزبوونەوەی ئاستی فینیل ئەلانین لە خوێنی دایکدا دەتوانێت زیانی جددی بە کەرپەلە بگەیەنێت. بەم پێویستە ئافرەتی دووگیان پێش دووگیانی و لە ماوەی دووگیانیدا کۆنترۆڵکی زەر وردی ئاستی فینیل ئەلانین بکات.

چارەسەری سەرەکی بۆ PKU بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی خواردن بە شێوەیەکی ورد، بە تایبەتیش بە کەمکردنەوەی خواردنی پڕۆتین کە دەوڵەمەندن بە فینیل ئەلانین. ئەمەش مانای وازهێنان لە خواردنی گۆشت، ماسی، هێلکە، شیرەمەنی، پاقلەمەنییەکان و چەرەساتەکان. لە جیاتی ئەمانە، کەسانی تووشبوو بە PKU پێویستە خۆراکە تایبەتەکان کە فینیل ئەلانینیان کەمە بخۆن، وەک شیر و خۆراکی تایبەت بە PKU. هەروەها پێویستە ئەم کەسانە ڕێژەی فینیل ئەلانین لە خوێنیاندا بە بەردەوامی بپشکنن بۆ دەنیابوون لەوەی کە لە ئاستێکی سەلامەتدایە.

سەبارەت بە کاریگەری ژینگە لەسەر PKU، ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر سەرەتای نەخۆشییەکە چونکە هۆکارەکەی

بەماوەیەی. بەپێی ژینگە، بە تایبەتیش جۆری خواردن، ڕێکی گرنگ دەگەڕێت لە کۆنترۆڵکردنی نیشانەکانی نەخۆشییەکە. لە ڕاستیدا، سەرکەوتنی چارەسەرەکە بە تەواوی پشت بە ڕادەی پابەندبوونی نەخۆش بە سیستەمی خۆراکی تایبەتەوە دەبەستێت. ئەگەر نەخۆش پابەندی ڕێنماییەکانی خۆراک نەبێت، ئەوا ڕەژەی فینیل ئەلانین لە خوێنیدا بەرز دەبێتەوە و دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کێشەکانی تەندروستی وەک کەم ئەقڵی، کێشەی ڕەفتار، گرفت لە فێربووندا، و تەنانەت دەشێت ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە مێشک.

سەرەڕای ئەوەی PKU نەخۆشییەکی جددییە، بەڵام بە دەستنیشانکردنی زوو و چارەسەری گونجاو، زۆربەی نەخۆشکان دەتوانن ژیانێکی ئاسایی و تەندروست بەسەر ببەن. هۆشیاری کەمەگا و خەزانەکان سەبارەت بەم نەخۆشییە و گرنگی پشکنینی نوێ لەدایکبووان ڕێکی گرنگ دەگەڕێت لە کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم نەخۆشییە.

سەرچاوە زانستییەکان:

-1
https://www.mayoclinic.org/diseases-conditions/phenylketonuria/symptoms-causes/syc-20376302

\/https://pubmed.ncbi.nlm.nih.gov/20123472-2

/https://pubmed.ncbi.nlm.nih.gov/12474792-3

-4
https://my.clevelandclinic.org/health/diseases/17816-phenylketonuria

/https://medlineplus.gov/genetics/condition/phenylketonuria-5

-6
https://www.betterhealth.vic.gov.au/health/conditionsandtreatments/phenylketonuria-pku

-7
https://www.nhs.uk/conditions/phenylketonuria/#:~:text=Diagnosing%20PKU,the%20risk%20of%20serious%20complications.

تاریکی لەسەردەمی ڕۆشنبیریی شاشەدا.. نیهاد جامی

ئەوەی لەدنیای خەرئاوادا دەبێتە جێگەی بایەخی کەمەلگا، ئەو دریژە نیە کەوا میدیای کوردیی نیشانی دەدات بەبیانوی تۆڕی کەمەلایەتی و کاریگەری ڕۆشنبیریی شاشەوە، بەڵکو ڕۆشنبیریی شاشە کە بەرهەمی گۆشەی تەکنەلۆژیە لەپاڵ بوونی تۆڕە کەمەلایەتیەکان ئەوانەوە کە فریودەرو خەڵتاندنی مرۆڤ بەکار نایەت، مەگەر بە هەرزەکاران و مرۆڤە لادەرەکان زیاتر ئەو دیدە نیشان بدات، هەڵبەت وەک کاری ریکلامکردن و بازرگانی ئامادەبونی خۆی سەپاندووە، بەڵام ئەوە بە مانای کۆتایی مەعریفە و کتێب نیە، بەڵکو ناوەندەکانی کتێب هەوڵیانداوە لەگەڵ ڕۆشنبیریی شاشە و تۆڕە کەمەلایەتیەکاندا بوارو مەودای نوێ بە کارکردن بدەزنەوە، کە چۆن لەبەی تەسلیمبوون بەم دۆخە، هاتوون بە خزمەتی کتێب بەکاریان هێناون، کتێب خوێندنەوە لەڕگەی ئامڕازکانی وەکو کیندل و کۆبۆ و ئینک بووک کتێبخانەی گەڕەکی بە مرۆڤ بەخشی، کە تەنانەت لەناو شەقامیشدا ئەمە کتێبخانەی خەمان لەگەڵ بێت، کتێبخانەیەکی بچکۆلەی ئەلکترۆنی کە زیاد لە دەهەزار کتێبمان خستبێتە جانتاکەمانەوە، لەهەر شوێنێک دانیشتین تەنیا نەبین و کتێبمان لەگەڵدا بێت.

لەپاڵ ئەوەدا تۆڕە کەمەلایەتیەکان پەکران لەکتێبی ئەلکترۆنی، لەو نەوەندەدا میدیای کوردیی دەیەوێت فریووی ئەو ئاستیەمان بدات و لەشوێنێدا تەنیا یەک ڕووی ئەو گۆڕانکاریە ببینێت، دیدی هەرزەکاران و لادەرەکان وەک دیدی باوی ئەو کاریگەریە بخاتە ڕوو، بەدنیایەوە ئەوەی لەئێستای کوردستان ڕوو دەدات هەر ئەو فریوو دانەیە، ئەوەی کورد کە دەکاتەوە لایقی کچە مۆدێل و قسەی بێبەها و ئەوانەن کە لەدەرەوەی مەعریفەدا دەژین، بەڵام ئەو خود نائاگایەیە چەندە کاریگەری خراپی لەسەر داهاتووی ئەمە هەیە، بەهەمان شێوەش مۆدێلکی نوێی ئایدیەلۆژیە کە هێزە سیاسیەکان دڵخۆش دەکات، بەوەی کەمەلگا وەک خۆیان لەدەکەن و ئاسان دەتوانن نوێنەرایەتیان بکەن.

بیرمان نەچێت سیاسی کورد نەخوێندەوارترین تۆژی کەمەلگای کوردیین، ئەو دۆخەش لەڕێی میدیاکانیانەوە بڕەوی پێ دەدەن کە خوێندنەوە لەتەواوی جیهاندا بەهای خۆی لەدەست داوە، لەبەنەمادا

ئەو دەستەواژەیە تەنیا مناڵە کالفامەکانی حزب دەتوانن باوەڕی پێبکەن، هەر بۆیە ئەو ئێستا خراپەی لەکوردستان هەیە زادەی ئەو دیدگا نائاشنایە کە ئاوا کەمالگای بە بردراوە، دەنا بازاری کتێب و جێش و خرێشی مرۆڤ لەدنیادا بە کتێب وەک حەتمیەتێکی ناو ژیانە، بۆیە ئاشنبیریی شاشە بۆتوە کەنالێک بۆ خوێندنەوەی کتێب، کتێبی ئێلکترۆنی کەوا لەکوردستان بۆخرایی دەست دەکەوێت، لەخرئاوا ئەو جۆرە کتێبەش دەبێت بە سەر ئامرەکانت بیکەیت ئەوسا بیخوێنیتەوە، ئەوەش گەواهی ئەوەیە مرۆڤ و کتێب پەیوەندیەکی بەردەوامی یەکترین.
هەڵبەت کتێبە ئەدەبی و هونەریەکان لەهەموو ساتێک زیاتر مرۆڤ ڕووی تەدەکات، بۆتایبەت ڕەمان و هونەر، دەستەواژەی هونەر لەخرئاوا بۆ تەواوی هونەرەکان بەکار نایەت، لەو ناوبردنە ئاستوخۆ مەبەست لەهونەری شۆکاریە، هونەرەکانیتر بەناوی خۆیان ناوزەد دەکرێن، "کتێبی فۆتۆگرافی" و "کتێبی شانۆیی" و "کتێبی سینەمایی" و "کتێبی مۆسیقی"، بەڵام ناونانی هونەر چەکراوەتەوە سەر هونەری شۆکاری.
ماوەی ئابردوو لە فەرەنسا خەڵاتی فناک بۆ باشترین ڕۆمانی ساڵ درا بۆ ڕۆمانی "ڕێحە شەڵانگزەکان"ی خانمێکی ڕۆمانووس بەناوی ماری ڤانترا، میدیاکانی فەرەنسا و تەڵەی کەمالیاتی ئێکس پێکران لەهەوالی خەڵاتەکە و ڕۆمانکانی لەپێشبڕکێدا بوون، خەڵاتەکە لەبنەڕەتدا لەلایان ناوەندێکی کتێبەوەیە، ساڵانە متمانە دەکاتە سەر ٨٠٠ دەنگ، بۆپێی ئامارو ئاپرسیێک کە بلاوی دەکاتەوە، ٤٠٠ دەنگ لەلایان کتێبفرۆشکانی ناوەندەکەوەیە، ٤٠٠ دەنگەکەی تر هی خوێنەرانی ئەو ناوەندەیە، ئەمساڵ بەدوای ئەوەی دەنگەکان لەسەر ٣٠ ڕۆمان بوو، کتێبی ناوبراو خەڵاتی ساڵی وەرگرت.
ئەمە تەنیا نمونەیەکی هەرە بچوکی ئێستای دنیایە، بەڵام چونکە ناوەندە کولتوری و میدیایەکان هەماهەنگن لەدەرخستنی ئەو ڕووە دیارەی کولتور، گۆشەندن و ململانێکان لەپێناو داهێنان بەردەوامی هەیە، هەزە سیاسیەکان خۆیان بە دژە کولتور نازانن، ئەو سەرسامیەی کەوا مرۆڤ ڕوو لەکتێبی هونەری دەکات، وەک سەرچاوەو تابلۆکان، وەک ئەوەی ئیتر هەموان گەلەریی تایبەتی خۆیان لەکتێبخانەی ماڵەوە هەبێت و گفتوگۆکانی خەزانیش دەبنەوە بەشێک لەقسەکردنەوە لە کتێب و هونەر، ئەوەی بەوای وایە کتێب و هونەر سەردەمیان بەسەرچوو، ئەوە ئەو دیدە فاشیزمانەی هەزە کوردیەکانە کە دەیانەوێت دنیا لەناو دیدی بنەماڵەیی ئەوان کورت بکەینەوەو تاوەکو نائاگایی بیرکردنەوە بە حیکمەت بزانین، ئەمە لەسەردەمێکی تاریکدا ناژین، هێندەی لەسەردەمێکداین تاریکبینەکان نوێنەرایەتی دنیای ئەمە دەکەن، زوو یان درەنگ دەبێت روناکی دەربکەوێت، ئەوەش ڕێک لەشانۆنامەی "کەماری قەیرەکان" دەچێت، بۆچی لەم شانۆنامەیە

دەچێت؟ پرسیارێک وەک گریمانەی خوێنەری ئەم وتارە دەیخوێنێتەوە.
بە ئاوەژووی ناکۆکیەکانیدا دەبێت بەدەنگیەکانمان بگەڕێنینەوە بۆ قسەکردن، گومانەکانمان چیتر لەشوێنی گومان نەمێننەوە و ببن بە پرسیار، ئەمە چاوەڕوانی چی دەکەین؟
پرسیارێک بەئاوەژووی کەسمان ئاراستەی بەرامبەری بکەین، بەڵام پرسیارێک لەناو هەموواندا بوونی هەیە، بەدەنگی و ترس لەزبروزەنگی دەسەڵات وایکردووە پرسیارەکە لەناو خەمان بکوژین، سەرەنجام مالی کوردی هاوشێوەی شانامەی «کەماری قەیرەکانی» شانۆسی عێراقی عەبدولستار ناسر، ئەگەرچی شانامەکە لەبنەڕەتدا لەشانۆگەری «مالی بەرنادا ئەلبا» ی شاعیرو شانۆس لەرکا وەرگێڕاوە، بەڵام بەهەی ئاوەژووی شانۆسە عێراقیەکە هاوێیداوە گوزارشت لەدەخی کەمەلگای عێراقی بکات، ئاوە وایکردووە وەک تێکستێکی سەربەخۆ دەربکەوێت، ئاو نزیکی و کاریگەریە دەکرێت بابەتێکی تەخنەیی شانۆیی بێت، کە ئەمە لەم نوسینە لاو ئاستەدا کار ناکەین، هەندەی وەک بابەتێکی کەمەناسی ئەدەبی سەیری دەکەین.
مالی کوردی تەک لاو کەمارە دەچێت، نە قەیرە کچ لەماڵکدان، لەچاوەڕوانیدا دەژین، دنیای دەرەوە بریتیە لە جەنگ، ژنکان لەماڵکی تاریکدا دەژین، لاو ماڵدا خاونی ئاوان بریتیە لە هەوالی دەرەوە، بەوەی ببیستن جەنگ کۆتایی هاتووە و دەستکانیان بگەڕێنەوە لایان، ئاو خاونە ڕزگاربوونیانە لە قەیرەبوون، بۆیە ماڵکە دەبێتە کەمارێک کە گوزارشت لەکەی کەمەگایەک دەکات، سەرەنجام لە دەرگا دەدرێت، هەر یەک لاوان بە خۆشویستکەی خۆی دەزانێت، کەچی دەردەکەوێت پیاوکی کەچەی شاڵە کە لە زیندان ئایکردووە، هەر یەک لەقەیرکان دەیانەوێت ئاو پیاوە بە ئاو بێت، سەرەنجام لەسەر ئاوە ڕەک دەکەون، کە پیاوکە بە هەموویان بێت، وەک یەک لە قەیرکان دەتێت تەنیا کاتێک ئەمە واز لاێ دەنین کە شەهیدکان بگەڕێنەوە، لەڕادا شەهید دەبێتە تەمزک بە خاونکی کوژراو، کەواتە ئەگەر جەنگیش کۆتایی بێت کە ڕاژەک کۆتایی دێت، بەڵام شەهیدکان ناگەڕێنەوە، بۆیە ئاشتی دوای جەنگ کاوتنە بەسەر خاونی کوژراو.
ئاوە ئاستیەکە سەرەنجام دوای کۆتایی جەنگ، خاون هیچ نیە جگە لەدەستدانی خودی خاونکی بەر لە جەنگ، وەک یەکێک لە قەیرکان دەڵێت «هەشتا منا بووم کە شەندفەرە جوانکەم تەیشت و بەجێی هەشتم» هەبێتە لاو نەوەندەدا ئاوانی دەست بەسەر ژیان دەگرن ئاو زیندانیە ئاکردوانی جەنگ و زیندانن، کە دەکاونە مالێک بەر لاژن، بۆیە کاتێک تیشکێک ناکی دێتە ژوورەوە وەک ئاماژەیەک بە کۆتایی جەنگ و ناکبونەوەی دنیا، کە مرۆڤکان دەتوانن ئەستا

لەماڵەکانیان بچنە دەرەوە، پیاوە ئاکردووەکەی زیندان دڵەت «ونەکی لەرە تاوانە»، تاوانە، چونکە کەتایی ئاکردوەکان و نەتوانینە بە دەست بەسەرداگرتنی ژنەکان.
ئەم شانامەیە وێنەیەکی هاوشێوەی کەمەگای کوردیە، کە لەردا لەسەر هەندەک جومگەی دەوستین، کەمەلگای کوردیی بەهەی جەنگی ئایدیەلەژی و ئابووری لەکەمەڵە قەیرەیەک دەچن، کەوا خەون تیایدا کەوژرا، گەرچی دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە دیەوەت خەون وەک دەستەواژەیەکی سیاسی درەزنانە بەکار بەنەت، ئەو فریووانە هاوشێوەی پیاوە ئاکردوەکەیە کە وا مەزەند دەکات بە هەمیشە لەم ماڵەدا لەگەڵ قەیرەکان دەمەنەتەوە، ئەو دوو بنەماڵە کوردیش بەهەمان دیدگا سەیری کەمەگای کوردی دەکەن، کە ئەوان بە هەمیشە نوێنەرایەتی ئەم دەکەن و کەتاییان نایەت، ئەو دیدە فاشیزمە بە ڕوانین لەکەمەلگا بەرهەمی بیرکردنەوەی فاشیزمی بەعسە، چونکە ئەو دوو هێزە سیاسیەش ئیتر خەون بەوە دەبینن بگەڕێنەوە منداڵدانی ئەو فاشیزمە، بەبێ ئەوەی بەعسیش نەیکرد ئەوان پێی هەڵسان، ئیتر هەڵەیەکی گەورەیە ئەم دوو هێزە بە بەعس بشوبهێنین، چونکە بەعس ئەو فاشیزمە بوو ئازادی زەوت دەکرد و مافە سەرەتاییەکانی ژیانی پەت دەبەخشی، نان و کارەبا و مووچە ئەو شتە لاوەکیانەی ژیان بوون، تەنانەت لەکاتی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران بیانووی خراپی دەخی ئابووری نەهێنایەوە، بەڵکو لەخوێندنگا سەرەتاییەکان ڕۆژانە خەراکی بەسەر قوتابیەکان دابەش دەکرد، تا هەست بە برسیەتی نەکەن، ئەو ئەخلاقە فاشیەی بەعس خاڵی نەبوو لەبیرکردنەوەیەکی فاشیانە، بەوەی نان و پەداویستی ژیان دابین کراوە، ئەوەی بەت نیە تەنیا ئازادیە، بەڵام فاشیزمی کوردیە هاوشێوەی بەعس ئازادی زەوت کردووە، لەهەمان کاتدا خودی ژیانیشی وەرگرتەتەوە لەت.
ئەمە تەنیا ئەو کاتە ئازاد دەبین لەدەست فاشیزمی کوردیی ئەو دەمەی شەهیدەکان گیانەوە، گیانەوەی شەهیدەکان خەونی ژیاندەستی کەمەگایە، خەونێک کە لەهەشتاکانی سەدەی بیستەم حزبی کوردیی وەک دریەک گرتیە بەر تا لەشکرێک لەمرۆڤی کوردیی تیای بکوژرێت، کاتێک دەسەڵاتی بنەماڵەیی هەردووکیان کەتایی هات بەدنیایی کۆی هەردوو سەرەک پەمان دەلێن «ونەکی لەرە تاوانە» تاوانبوون ونەکی وابەستەی کەتایی ئەوان و ژیانێکی نوێیە، ئەوەی ئەم ژیانەی ناوەت تەنیا نەوە نوێیەکانی حزبی دوو بنەماڵە و کێڵەکانی ناو کەشک و حەرەم سەراکانیانن، چونکە دیانەوەت رونەکی نێیەتە ناو ئەم ماڵە و ئەو تاریکیە هەمیشەیی بەت هاوشێوەی تاریکی زیندانەکانیان بەت.
ئەو دنیا نوێیە زادەی دەخێکە کە کەتایی دەسەڵاتی کوردیی قەبارەکەی زەر فراوانتر دەبەت لەکەتایی دەسەلاتی بەعس، هەکارەکەشی

ئەوین ئەم فاشیزمە نوێیە ژیانی لەتەواوی ئاستەکان زەوت کردووە، فاشیزمی بەعس سەپاندنی زمان و سەربازی بوو، فاشیزمی کوردیی لەپاڵ ئەو مەیلە فاشیزمی زەوتکردنی ژیان و بەزیندانکردنی خودی ماڵکانیشە کە ببەتەوە بە کەماری قەیرەکان.

نیهاد جامی- فەڕەنسا

سلەمانی، گوندە گەورە حەیاتەکە!.. ڕەبوار ڕەشید

لە ساڵیادی ٢٤٠ هەمینی بە ئازاریيدا!

چاومان هەڵهێنا لە سەر سەدەکە، سەروو دارەغا لە تەپوتۆزی هاوینان و لە قوڕوچڵپاوی باران و لە بەفرباڕین و لە سەهۆڵبەندانی زستاندا هەموو پەکەوە یاریمان دەکرد.کچان و کوڕان پەکەوە یاری باجیباجێنە و چشتەکوێنە و هەلوکەن و تاق تاق کە لە ماڵەوەیان دەکرد و ئەوارانیش ئەگەر هاوین بووایە لە نێوان کەلەن و بە سەر چیغی ستارەی سەر سەربانکانەوە تریقانەوە و پەکەنین و وردەقسە بە ماناکانمان هەر بەردەوام بوون.
شار ملەینەر و هەزارنەری تیادا نەبوو. پیاوان چایچیی و حەمام و کرێکار و ئاسنگەر و دارتاش و کەبابچی بوون و ئەواران هەموو جووت جووت و سیان و چوار بە ماندوویی بەرەو ماڵەوە دەگەڕانەوە.
شەقامەکان زەر بوو. بە دارلاستیک و قۆچقانیی شەقامبەردەکمان لەگەڵ یەکدا دەکرد هەروەکو دوژمنی سەرسەختی یەکتر بین. زەر لە هاوڕێکانم وەکو من بەخت یاریان نەبوو، ئەستایش نیشانەی بە بەرد شکاندن بە سەریانەوە ماوە. ژنان ڕۆژانە تا کاتی نووستن خەریکی کاروباری دووبارەبووەوەی ژیان بوون. هەموو ماندوو و وەرس لە بەسەرهاتوو و ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکان کە هەر بە سەر ئەواندا دەشکانەوە. شەڕەژنانیش هەبوو، بە زەریی لە سەر سەرەی خەرئاو و وردە شەڕی منداڵان و دەمەقاڵەی بیستنەوەی قسەوباسێک بوون کە گەورە دەکران. لەوەشدا هەر قوربانیی بوون.
لە ساڵانێکی بە ئازاردا گەورەبووین. هەموو هەژار و نەدار.

سەردەستی مرادخانی و چاغکانمان بە چەم سەین دەبریسکانەوە. کچان لە ئەمە خاوەنتر بوون. هەموو جارە جلوبەرگکیان لە بەر دەکردین. خەشیی چەشتنی گەورەمان جەژنی رەمەزان و قوربان بوون. رەژی جەژن ئەو دوو عانیەی دەیاندایە هەر بەشی یەک دوو جار سواری عارەبانەی یەکقامچیی و دووقامچیی و سووک چەرخوفەلەک و کورسیکورسیی دەکرد و هەندەک خەراکی منداڵانە کە زۆرانی تریش دەمانخواردن. خەڵکی شار پەکەوە دەسازان.
گەورەبووین و چووین بە خوێندنگا کە ئەوسا دەگوترا مەکتەب. لەو مەکتەبانەدا فێربووین گەڵکچیەتیی نەکەین و نەماندەرا لەگەڵ ئەواندا کە لە گەڵکە نیارەکانەوە هاتبوون بە شەڕ بین چونکە گشتمان بە مامەستاکان و ئەسکمان بە دایکوباوکمان بوو.
ساڵان زێیشت و سڵەمانیمان بە شوێنکی دیکە دەبینی. کازیوێک لە پشتی گەیژەوە خەرمانی دەکرد و خەر بە ئارامیی سەری دەردەهێنا. لە سەر سەدکەوە بەرەو دارەغا و تووێمەلیک شەڕ دەبووینەوە. لەگەڵ کاتدا بە حاجیحان و سابوونکەران و گوڕێ و خانووقوڕکان و کارەزی وەستاشەریف کە دارستانکی چە بوو ئاشنا بووین. لە پاش ١١ی ئازاری ساڵانی حەفتاکاندا هەڵپەکەی گەرمی پەشمەرگە و خەڵکی ئاسایمان لە سەر گردی سەلیم بەگ و لە تووکەی مەلیک نمایشی دووانزەسواری مەریوان و کاوەی ئاسنگەرمان دەبینی. هەینینان بە دزیی دایکمانەوە رووەو کانی شەکراو و بناری گوڕێ یان رووەو قووڵایی شار بە ناو گوزەرکانی بەر بەڵەدەکە، بە جادەی مەولەوی و بە خانەقا، جارێک بە مەجیدبەگ و کارەزوشک و جارێک بە سەرشەقام و جوولەکان و …ملمان دەنا.
سڵەمانی وەکو شار دروست بووبوو. زوو بوو بە شاری مرۆڤی باش و شاعیران و ئەدیبدەستان. شارەکی بچکۆڵەی پاکوتەمیز بوو. رووخسارەکان یەکتریان دەناسیەوە. متمانە بە یەککردن لەو پەڕی گەرمیی خەیدابوو. شایی و زەماوەند و پرسە و سەرخەشیی تایبەتیی بوون. بە شووکردن و ژنهێنان نەدەگوترا زەواج.
لە مەکتەب فێری ڕەز و خۆشەویستیی دەکراین. پێ بە دەنگی خەمان سروودی "ئەی ڕەقیب" و "ئەی دڵەران"و "خوایە وەتەن ئاواکەی"و "ئاپۆین"مان دەگوتەوە. سەردەستەکانمان پاک و دەستەسەی دەم و لووت سەینمان هەڵ دەگرت. ناوی ئەحمەدی خانی و فەقێی تەیران و جگەرخوێن و ئایشەشان و کاوەس قەفتان و گەران و پیرەمەرد و حاجی و مەستوورە و هەموو ئەوانەی تر بە گومان دەکەوت و پێیان ئاشنا دەبووین.
لەم شارەدا دەنگی ئازادیخوازان بڵند بوو. شاری شیوعیە باشکان و چەپە باشکان بوو. شاری پەشمەرگە ڕاستقینەکان بوو، ئەوانەی بە

چەند فلسەک و پاکەتەک جگەرە داستانیان تەمار دەکرد. شاری "ژانی گەل" و "هەر کورد ئەبین" و شاری رەفیق حیلمی و محەمەد ئەمین زەکی و تەفیق وەهبی و بەکەسی باپیر و بەکەسی باوک و فازل محەمەد و بابا عەلی و زەوەر و قانع و ئەخەل و موکری و مەولانا و سالم و کوردی و کاکەی فەلاح و سەدان دەنگی بوەر و ئازا و ئازاد بوو. شاری خەشویستنی نیشتیمان و ناسینی بەردەقارەمان و مەجەرسەن بوو. لە ئەم شارەوە بوو ئەحمەد موختاربەگی جاف فەری دەکردین "بە بە قەدری بە سەریا هامبوورن، حورمەتی بگرن، گوڵاڵە سوورەی ئەم خاکە، خوەناوی جگەرتانە"! هەر لەبەرئەوە ئاسایی بوو سلەمانی لە شاری "ژین و ژیان" و "گەلاوێژ" ـەوە ببەت بە شاری ئارام و جەعفەر و شەهاب و هەرە ئیبراهیم و ئەو هەموو سەرە پە شانازیانەی مەژووی ئەم نیشتیمانە.

سلەمانی شار بوو. شارەکی نیمچەپیشەسازیی بوو. شاری بەرهەمهەنانی تووتن و کارگەی جگەرە بوو. شاری جەڵایی و هەلاجیی و خومچیەتیی و پەستەخشکردن و چەخماخسازیی و مسگەریی و زین و کەپان و مووستن و پیشەی دەستیی و شاری کارگەی چیمەنتە و شەکر و کارگەی پەڵاوی سیروان و شەهلای چلوورەی ئەرخەوان بوو. شاری بە یەک گەیاندنی حەیران و لاوک و سیاچەمانە و هەرەی جاف و چریکەی زیرەک و ماملە و عەلی مەردان و کاوەس ئاغا و حەسەن جەزراوی و تایەر تەفیق و شەماە سائیب و قادر و حەمەساڵح دیلان و مەریەم خان و سەید عەلی ئەسغەر و تاد بوو. سلەمانی شاری سوعبەت و پەکەنین و نوکتە و گاڵتەوگەپ، شاری فەریقکوەر، شاری کەوتن و هەستانەوە و بەرەنگاربوونەوە و کەنەدان، شاری خەشویستیی و وەفا و چاوەڕوانیی، شاری موزیک و تیپی مەسیقای سلەمانی و تیپی زانکەی سلەمانی بوو، شاری کەریم کابان و عوسمان عەلی و ئاڵا عومەر و پەیمان عومەر، شاری شانە و تپیە پەشەوەکەی بوو، شاری بەرزانی قالەی خەووز، دەشاد مەریوانی و کەمال سابیر و بەدیعە دارتاش و گەزیزە عومەر و خالید زامدار و گەلەک ئەستەرەی تر بوو. شاری هەوانین بە ئەو دیو سنوورەکانیەوە بوو.

رەژنامەگەریی ئەمڕە بە گشتیی رەژنامەی حیزبیی و ریکلامی بازرگانیی و ئەو پەیجە سەبەر و دروستکراوانەن کە کاری سەرکیان شەڕەجوەن و بوختان و درەودەلەسە و شکاندنی ژنان و ناونەتەرە و شکاندنی پیرەزەکانی کوردوکوردستانن.

ئەستا سلەمانی لە هەڕەتیی لاویدا بە تەنیا ٢٤٠ ساڵ تەمەنەوە گەچانی هەوو لە هەورازی هەڵگرتووە. ماڵ و گەڵەک و گوزەرەکان لە پەنجا و شەست ساڵی هابردوودا هیچ نەگۆڕاون. بازاڕەکان وەکو خەیان ماون، کەڵانەکان لە ژەر فشاری با و باران و خەرەتاودا توڕیان

هەڵ داوە و ڕووخسارەکان بە هەستی ئازار و نامۆبوون بە خود و بە چواردەور لە گرێکانی پیرەمگرووەن دەچن.
سەلمانی ئەمڕۆ گوندەکە، دێیەکی گەورێیە و بە هەزار و یەک لادێ هەئاوساوە. هەر لادێیە و بنیکیان لە دێیە و بنێیکیان لە سەلمانییە و هەر یەکەکیان بە شوێنکیەوە نووساوە. دیارە شارەکە بە سرووششیی گەورە نەبووە و زادەی گەانکاریێکی نائاساییە. بە ئاسانیی هەموو دێیەک بە پەوەندیی ڕۆژانە و تەپەبوونیان لە شەوەی گەکەماڵدا دەناسرێنەوە. مزگەوتی تایبەت بە خێیان هەیە و ئەگەر لە دەکێیان کەشەی شەخسیان هەبێت ئەوا لە لادەکەی سەلمانییشیان ڕەنگ دەداتەوە و ئەو مزگەوتە دەکەن بە دوو مزگەوت.
ڕۆژێک لە ڕۆژان زاراوەی سەرانیی سەلمانی لە تەکەناوبوونی دیالێکتی بابان و ئەردەڵان و موکریاندا هەدی هەدی دروست دەبوو. ئەستا لە هەر گیرفانە لادێیەکی سەلمانی لەهجەیەک هەیە و شتێک بە ناوی زمانی سەلمانییەوە نەماوە. سەلمانی ئەمڕۆ شارەکی تەپەتەپەڵ کە هەر بە جادەی خوار و خێچ و چارەنووسی بەپلانەوە پەکەوە بەستراوە. لە سەلمانی ئەمڕۆدا ژمارەی مزگەوتەکان کەبەکەی براوە لەگەڵ ژمارەی خوێندگاکان و نەخۆشخانەکاندا دەکەن. بنکەی کولتووریی و کتێبخانەی گشتیی و پارک کە گەنجانی نەر و مێ بە یەک بگەیەنن و بە کوچەوکەانی موزیک و ئاواز و شانە و کولتووری خێیان و بە جیهانی شارستانییدا بیانبات، تەزیان لە نیشتووە و پڕموورد چاوەڕێی ئەو نوڕبارانەیە دەکەن کە ناگاتە دەنگی هیچ خودایەک.
هیچ کاتێک لە مێژوودا وەکو ئەمڕۆ بەدواوەگەانەوەی کولتووریی لە بواری موزیک و شانەدا ڕووی نەداوە. شانە بە گشتیی بووە بە دەم پانکردنەوە و گاتەبێککردن و ڕابووواردن بە ژنان و بە دەزی ژنان و بە دیفاعکردن لە کولتووری باوی دواکەوتوو، هاوکات کە گەرانی چەین بووە بە بەیتبێژیی لەو پەێی ستەی بە مانا و هەڵەقومەڵەق کە هیچ ئاستێکی هونەری تیادا بەدی ناکرێت و یاخود کراوە بە نووزەنووز و خەکردنەوە و کەکردنەوەی دەم و لەو و نیشاندانی ڕووخسار و پشانگای جلوبەرگ. هەر ئەم کولتورە داڕاوە گەاوەیە کە لە پەش هەر شتێک لە بواری سیاسەت و پرینسیپە جیددیەکانی کەمەگادا ڕەنگیان داوەتەوە.
سەلمانی پەانگەیشت بە ئاشی شاربوونی خەی شارەآوی کولتووری دەهاتی بشکەنەت و لە ناو هەناوی خەیدا هەزمی بکات و لە نوگەرییدا بە کولتووری شار بیپشکوەنەتەوە. ئەو کەچبەرییە بەوەنەیی لە دەهاتەکانی دەوروبەرەوە گەمارەی دا هەم بە هەکاری سیاسەتی داگیرکاریی و هەم بە هەکاری تری ناوخەیی لە درێژخایاندا بوون بە بەخوریکردنەوەی ڕیسی شارستانییەتی سەلمانی.

لەوبەر لە فیستیڤالی هەڵبجەدا بینیوومانە و لە سایادی سلێمانیشدا بە دڵنیاییەوە دەیبینین کە چۆن هەموو داهێنان و پێشکەوتنێکی کولتوریی شار لە دەمە و بریانی فرێشتن، ملوانکەی مەخەک و سەوی مەخەک کرێژ و سرکەیی بەحیجابببوودا خولاسە دەبێتەوە و بەناوی بەرهەمی خەماڵی و هونەری ژنانەوە دەفرۆشرێنەوە.
لە سلێمانی ئەمڕۆدا بە دڵگەرمی هەڵدەکەوێت ئوتومبێلێک مەڵێت بە پیادەیەک بدات بپەڕێتەوە، پرسەی مردنی ژنان بە ناوی پیاوانەوە تەخ دەکرێنەوە و جلوبەرگ بە ژنان بووە بە هەمای شەرەف. دەخێکی سترەس و ئاکەڵەک سەرتاپای شاری داگرتووە، زمانی بازاڕ پڕە لە وشەی عەرەبیی یان ئینگلیزیی ناتەواو، بەمتمانەییەکی تەواو لە نێوان کڕیار و فرۆشیار و مامەڵەکارانی بازاڕدا بەکار بووەتەوە، چاولەکەریی و دووپاتکردنەوەی ئەوەی هەیە و کراوە بیرکەی دەزینەوە و داهێنانیان بردووە بە خاڵی سفر. ئیسلامگرایەکی سیاسیی بوختانچی و واتەواتکار و هەرشبەر بە سەر ژنان و هەر بیرێک لەگەڵ خەیان نەگونجێت زەرینەی مزگەوتەکانی کردووە بە گومانگا لە نیشتیمان و لە کولتوری پێشکەوتنخوازیی و شارستانیی ئازادیخواز. زانکۆ و خوێندنگاکان بوون بە حوجرەیەکی گۆڕە و خوێندن و زانست لە نێوان کەرتی ئەهلیی و حکومییدا بوون بە ناوەندی بەرهەمهێنانی نەشبینیی و باوەڕبەخۆنەبوون و تووڕەیی لە نیشتیمان.
ئێستا گۆڕستانی بە ناونیشانان، لە پارکی ئازادیی کە بکەسی باوک لەگەڵ ڕەگوڕیشەی دارسنەوبەرەکانیدا تەکەڵ بووە، لە گردی یارە کە مامیارە گەرانیی بەهار بە زەمزەمەی بولبولیەوە دەخوێنێت، لە گردی سلێم بەگ کە شار هەڵپەکەی پێشمەرگەی دەکرد بە نەشبەڵەک، لە سەرچنار و دەرگەزێن و کانی ئاسکان و قەدپاڵەکانی ئەزمەڕ و ووخسارە بە هەیبەتەکەی پیرەمەگروون و تەنانەت لە پیرەسووریش بەناوبانگتر و بەناونیشانتر. شەرەفی ونبووی ئەو پیاوانەی شار لەوەدا لە جێستەی بەناوی ئەو ژنانەدا پاک دەبنەوە و دەکەدرێنەوە.
پیرەمەردی نەمر، بە پیرەی خەمخۆر، ڕۆژنامەنووس و شاعیرە ئەدیبدەستەکە، خوێندەوارە دەردەدارە کەی کورد، بە کارەزی وەستا شەریفدا بەرەو سەرەوەی سەیوان لە سەر ئەو گردە دانیشتووە و لە عەرشی پەروەردگاری ووانیووە کە سلێمانیەکەی بوو. نەورەزان بە دەستی خەمەی لە ناوە و ڕەشنبیرانی ئەو شارەی بانگهێشت کردووە و ئاگری نەورەزی کردوەتەوە و زانیوویەتی سنگی کچانی شارەکەی و نیشتیمانەکەی چۆندە بەرز و تۆندە. ئەو گردە، سەروپێچکەی سەیوان، ئا بەو شێوەیە، لە هەناوی ڕەنجی پیرەمەردەوە بوو بە گردی مامیارە. ئێستا هەموو حیزبێک گردێکی هەیە و تەنانەت تاکەکەسانیش گردی خەیان هەیە. مامیارە دەتە خۆنم و پێی وایە

هەر لە چاپخانە کۆنەکەی کار دەکات. بە دەم هاتن و چوونی بە قەرارەوە پەم دەڵێت "دەماوەت لەم شارە بارکەم، بڕۆم". دەڵێم یارە بە کوی دەڵێیت، تە ئیتر لە ناو عەرشی پەروەردگاردایت.
بە دەم نوقمبوون و غەرقبوونی کەشتیە شەقوشۆڵە تورکیەکانی ناو دەریای سپی ناوەڕاستەوە کە ئەهلی ئەم شارە و ئەم هەرەمیان بڕۆ بەهەشتە دوورەکان هەڵگرتووە، بە دەم لەرز و ئارەقەوە، خەبەرم دەبێتەوە.
بە هەژیش حەزرەتی سالم لە کەم نابێتەوە و خەریکی نووسینی نامەیەکی نوێیە بە نالی. کە نامەکە دەخاتە دەستم هەر وا سپییە، پیتەکان نابینم. بە رووخساری پرسیاراویمدا تە دەگات و لەم وەردەگرێت و دووبارە دەست دەکاتەوە بە نووسین و دەیداتەوە دەستم و سەرلەنوێ پیتەکان دەرناکەون. پەکەوە لە فرەشیارانی ئەم شارە دەڵێوانین کە بە دەوری بەرهەمی تورکیی و ئێرانییدا هەڵدەپڕن و سەما و ریکلامیان بە دەکەن و بەرژەوەندیی پارە لە سەروو زمان و کولتوری ئازادیخوازیی و نیشتیمانپەروەرییەوەیە. شارەکەی سالم بووە بە ژێر بەرهەمی پلاستیکیی ئێران و تورکیاوە و کراوە بە سەرنوێلکی بەرهەمی دەوڵەتانی دەراوسێ. لەی تە دەگەم شیعرەکەی دەستکاریی دەوێت.
دیسانەوە نامەکە لە سالم وەردەگرمەوە. لە ژێر هەنکەهەنکی هاکردنەکدا خەبەرم دەبێتەوە، چنگم توند لە دەستماڵەکەی دایکم گیر کردووە، ئەو دەستماڵەی کە تەنیا دیاریەکی ئەو ژنە حاجی حانیەیە بەم ماوەتەوە کە بە منداڵی پەلی دەگرتین و دەیبردین بە حەمامی بەرخی و تا پێستمان خوێنی تە دەزا بە لفکە دەیشتین. نامەکەی سالم لە دەستمدا نەماوە.
بە کامە گوزەری شاردا بڕۆم کە بەرهەمەکەی پێشکەوتبێت و هەمان هووخساری ماندوو و هەمان هەگا و دیواری ماوە بەسەرچوو و هەمان دەڵابە و قوفە نەبینم. کەرتی پیشەسازیی ئەم شارە نادیارە و کەرتی تەندروستیی قسابخانەیەکی ئەهلیە و کارەبا لەو کاتەوە کە بەداواکاری ئێران و تورکیا تەل و وایەر و کەبە و محاویلە و عەمودەکانیان دزی، هەر لە هەڵەتی نیشتیمانبوونی خەیدایە و گەل لە خەشویستیی یەکسەرە دایە لە گەڵی. هەژ بە ڕەژ زەرەک لە ئەو کارگانەش کە هەبوون بە هەی بە کارەبایی و هەکاری تراوە دادەخرێن کە هیوای بەرهەمکیان هەبوو.
لە هووی سیاسییەوە زەر هەیە بگوترێت و زەر گوتراوە بڕۆام گرینگترینی ئەویە کە حکومەتەکەی مالی بارزانی بایکۆتی لە سەر داناوە و بە شەڕەشەق پرەژە سوێندلەخوراوەکانی دەگەنە مەنزەیان هەرگیز ناگەن. ئێستا لە جیاتی هەشنگریی و بزووتنەوەی

ووناکبیریی و کتێبخوێندنەوە و بەرهەمی شانۆیی و تەلەڤیزیۆنیی و سینەمایی خەماڵیی گەنجی ئەم شارە بە دیار سندوقی تەلەڤیزیۆنەوە کە پڕن لە زنجیرەی تورکیی و فارسیی و عەرەبیی بازاڕیی کە خەیان بە بازرگانیی و پارەپەیداکردن بەرهەمیان دەهێنن، دادنیشن و بەهوودە لە هەوەدان لاسایییان بکەنەوە. کچان و کوڕان عاشقی بیچمە دروستکراوەکانی ئەم زنجیرانە دەبن ولاسایی مەدەلی فەرش و قەنەفە و گەپ و جلوبەرگ و پێڵاوییان دەکەنەوە کە نازانن ریکلامن بە بازرگانیی.
سلێمانی، گوندێ گەورە شواوەکە، باشترین و جوانترین و ڕەشبیرترین گوندێ گەورەی ئەم هەرێمەیە کە سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی دەبێت بە دۆلار و لیرە و تمەن و بە چەرخوفڵەکەکانی مێژوودا سەروخوار و سەروژوور بەرەو ئەو ئێشکەوتانە دەڕۆن کە بە منداڵی لە کتێبی ئەمیرئەرسڵاندا لە ژێر تەلیسمی جادووگەرێکدا نابینا دەکران.
سلێمانی، هێشتا لە بەراووردا لەگەڵ دەستخوشکەکانی تری لەم هەرێمەدا کە هەر گوندی گەورەن و بە مزگەوتی بەئەژماری گەورەوگران و ئازاوە و تەنراو بە هەزارویەک مەلا و بە کولتوری شێخوەن و بە ئەسپئەسپێنی عەشایەریی و سوفیی عەشایەریی و بە دادگای لایەندار و بە دامەزراوەی نادیاری سەدان و هەزاران فەرمانبەرەوە، دەنازن. هەر شاری ڕۆشنبیرییە.
لە ٢٤٠ هەمین ساڵیادیدا لە سەبەری یەکێک لە شیعرەکانی قانع دا و بە سەزی هەستی بەرزی نیشتیمانپەروەریی دەدار ـەوە بە مەولەویدا دەچمە خوار و گوە لە دەنگە بە سەزەکەی قادر کابانی گەونبوو دەگرم کە لە درزی پەچەی گەران ـەوە بە سەر جادەی چەم و سەبەردا تەپەڕە دەبێت. دەزانم ڕۆژێک دێت سلێمانی دەبێتەوە بە شارێک.

ڕەبوار ڕەشید
2024/11/12

پرسەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری..

بەشداربووان: عەبدولموتەلیب عەبدوڵا ، شاخەوان سدیق، عەلی شێخ عومەر،کاروان عومەر کاکەسوور و سابیر ڕەشید

ئامادەکردنی : عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

پرسکانی ئەدەب و ڕەشنبیری،هەرجارێ لەسەر بابەتک چند نووسەر و هونەرمەند و ڕەشنبیرک دەنێتە گۆ. بانیژی ئەدەب و کلتوور لە ڕۆژنامەی ڕاوت لەگەگی ئەم لاپەڕیەوە دەیەوێت پێنجە بخاتە سەر گیروگرفتکانی کایەی ئەدەب و ڕەشنبیری کوردیی و وروژاندنی پرسیاری جیددی. لەم ژمارەیدا بانیژی ئەدەب و کلتوور پرسی پەیوەندی نێوان دەق خوێنەر دەوروژێنێت.
پرسی ئەم ژمارەیە : پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر، پەیوەندییەکی داینامیکی و لێکهەڵپکراوە بەجۆرێک کە نەک هەر دەق بە بێ خوێنەر ناتوانێت بژێت، بەڵکوو خوێنەریش دیوەکی تری پرسەی نووسینی دەق. لێرەدا دەپرسین خوێنەری کورد تا چەند لەگەڵ دەقی کوردیدا چووەتە پەیوەندییەکی هارمۆنییەوە؟ ئایا پەیوەندی نێوان خوێنەر و دەق لەئاستێ جیاوازکانی زمان و مەعریفەدا توانیویەتی گرفتکانی خوێندنەوە چارەسەر بکات؟



عەبدولموتەلیب عەبدوڵا :

خوێندنەوە ئەو هەزیە کە وادەکات پەیوەندییەکی داهێنرانە یان مانا و دەلالەتی تایبەت بەرهەم بهێنێتەوە، خەیاڵێکی داهێنرانە بونیاد بنێ، نەک پەیوەندییەکی هارمۆنی… بەو مانایش پەیوەندی دەقنووس بە تێکست یان ئەو کەلەپووری تێکستی بەرهەمهێناوە،

پەیوەندییەکە وەک (پۆل ریکەر) دەڵێت، لە سەر پارادۆکس هەڵچنراوە. بەو مانایەش خوێندنەوە جۆراوجۆرو فرە ڕەهەندە، خوێندنەوە جیاوازییەکان هەڵدەنە و بیرکردنەوە تایبەتەکان دەنووسێتەوە... خوێندنەوە تەنها لە بوونی ڕەوانبێژی دڵق و مەعریفە و ئاگایی خۆی نانوێنێ، ئەوەی لە خوێندنەوەدا گرنگە خەیاڵی داهێنەرانەیە، نەک هاوەنییەت، لەو ڕووەوە کتێب هیچ پێشنیارێکی هاوەنی نییە، کتێب بەس خەیاتی لە پەیوەندی بە تاقمە جیاوازەکانی تر و بە گوترەی جێستە بە ئەندامەکانی تر، هەرگیز پرسیاری ئەوە ناکەین خوێندنەوە لە پگەی دال یان مەدلوول مانای چییە... ئەوەی بووەی هەیە ئەو خوێنەرەیە کە ڕوو لە دەرەوەیە، نەک ئەو خوێنەرەی کە ڕووی لە سندووقی کتێب و مستی مانا و دەلالەتەکانە... بە کورتی کتێب، تێکست ماشێنێکی بچووکە و کورت نابێتەوە بە کەمەڵ ئاماژەی دیاریکراو یان تێگەیشنێکی دیاریکراو... بەڵکو پێویستە خوێنەر دووبارە خۆی بەرهەمبهێنێتەوە.

هەموو منێکی خوێنەر کە دەخوێنێتەوە دووبارە خودی خۆی دەخوێنێتەوە، چونکە هەموو (منێکی خوێندنەوە) هەڵگری بەرهەم هێنانەوەی خەیاڵی داهێنەرانەی خەیاتی، بەڵام هیچ منێکی نووسینەوە و منێکی خوێندنەوە، منێکی کامڵ نییە، پاشان ئەوەی کە منی نووسینەوە و منی خوێندنەوە داوای دەکات، جگە لە داهێنان و بەرهەمهێنانەوەی داهێنان و سەیرورە شتێکی دیکە نییە، بەڵە منی خوێندنەوە هەمیشە نوێنەرایەتی جۆرێك لە سەیرورە (یان نیازگەری داهێنەرانەی بەردەوام) دەکات، یان نوێنەرایەتی ئەو جێگیرنەبوونە دەکات، کە تەواوی ئەزموونگەرییەکانی داهێنان و سەیرورەی لەخۆ گرتووە. کەواتە کردەی خوێندنەوە بەردەوام (منی داهێنەرانە)ی سەیرورە نوێ دروست دەکاتەوە. پۆل ریکەر لە یەکێك لە نووسینەکانیدا دەڵێ کاتێك دەخوێنمەوە (من)ی خۆم ڕووت دەکەمەوە، بە ئەوەی لە ڕەگای خوێندنەوەوە بگەمە خودێکی دیکەی داهێنەرانەی نوێ. بەو مانایەش منی خوێنەر لە ڕەگای داهێنانەوە لە ڕەگای سەیرورەی داهێنانەوە بوونی خۆی و پرسەی جێگیربوونی تێگەیشتن و سەیرورەی بەردەوام فەراهەم دەکات، چونکە بوونی زاتیانەی (خوێنەر/وەرگر) چرکەیەکە لە چرکەکانی بوونی ڕاستەقینەی داهێنان و کاری داهێنانیش چرکەیەکی وجودییە و هەر کاتێکیش هەر دوو چرکەکە بە یەکگەیشتن ئیدی دیالێگ لە سەر بنەمای (بەیرهێنانەوە) و (تێبینکردن) و (سەیرورە) دروست دەبێت، لەوشەوە پرسی بەردەوام و وەڵامی بەردەوام دێنە دی، کە بە هەیانەوە ڕووە جێگرەکانی حەقیقەتی بوون ئاشکرا دەبێت، هەر لەوشەوە بەردەوام ئەزموونی وجودییانەمان لە نەو جیهاندا گەشە دەکات.

بەڵام ئەوەی بەردەوام لە خوێنەر و کلتووری خوێندنەوەی کوردی بەرچاومان دەکەوێ، ئەوەیە کە خوێنەری کوردی هەمیشە خوێندنەوە وەک سندوقێکی داخراو ڕوو لە ناوەوە دەبینێ، خوێنەری کوردی هەمیشە هەوڵدەدا هەموو گرژی و بەرکەوتن و دژایەتیکانی نووسەر بگوازیتەوە، هەموو سەرسامی و کاریگەرییەکانی نووسەر لە خۆیدا بڕوێنێ، هەرگیز خوێندنەوە وەک کایەکی خاوی داهێنان و سەیرورە نایبینێ، هەرگیز خەیاڵی داهێنەرانەی خۆی لە خوێندنەوەدا پرەسیس ناکات، گرفتی خوێنەری کوردی ئەوەیە، کە دەکەوێتە ژێر چالاکییەکانی نووسەرەوە و گرفتی خوێنەری کوردی ملکەچبوونە، هەرگیز ئەکتیڤیبوونی خۆی نابینێ.
هەولێر / یەکی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤



شاخەوان سدیق :

بەگومان لێنوان دەق و خوێنەردا پەیوەندییەکی پتەوی دینامیکی هەیە،چونکە دەق بەبێ بوونی خوێنەر هیچ گرنگی و بایەخێکی نییە و خوێنەریش بێ ئەوەی هۆشیار بێت و ڕوانینەکانی بۆ خۆی و بوون بگۆڕێت پەیوستی بە خوێندنەوەی دەقێ، ڕاستەرتا وشە هەبوو. بەڵام وشە و دەق، بەبێ بوونی خوێنەر جگە لەوێنەی چەند پیتێکی کشراوی بێ گیان زیاتر هیچیتر نین. هیچ دەقێك، زیندوو و کاریگەر نییە و هەموو دەقەکان مردوو بێ ڕۆحن، ئەو خوێنەرەکانن، بەتایبەت (خوێنەری جددی) دەن و ڕۆحیان بەبەردا دەکەن و مەعنایان پێدەبەخشن، بەیە لە هاوکێشەی (نووسەر، دەق، خوێنەر)دا، سەنتەربوون نامێنێت بە یەکێك لەوانە، بەڵکو کرداری تێکەڵبوون و تێکهەڵکشان جگەیان دەگرێتەوە و هیچکام لەوانە ناتوانن بەبێ بوونی ئەوی دیکە گرنگ و واتادار بن، کارڵس ڕوزی زافێن، لە ڕوانگەی "یاریی فریشتەکە" دا دەڵێت" هەموو کتێبێك بەردەوام چەند ڕۆحێك تێیدا دەژی، ڕۆحی نووسەرێك کە کتێبەکەی نووسیوە، ڕۆحی خوێنەرانێك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو کتێبە دەخوێننەوە"
بەگومان ئەم ڕوانینە بەگشتی بە هەموو خوێنەرێك ڕاستە، جا خوێنەرەکە کورد بێت یان لەهەرشوێنکی تری ئەم دونیایەدا بێت، جا

دەقەکە کوردی بێت، یان بیانی و بەهەر زمانێك نووسرا بێت، لەئێستادا دەقی کوردی، یان بابەتین نووسینی نووسرانی کورد، لەئاستێکی فراواندا خوێنەری خۆیان هەیە و جیا لەمەش پەیوەندی و بەرکەوتەی نێوان نووسەر و خوێنەر لەسەر خوانی دەق لەئاستێکی باشدایە، بەتام مەسەلەی تێگەیشتن لە دەق و دروستکردنی هارمۆنی، بابەتێکە زیاتر پەیوەندی بە ئاستی هۆشبیری و مەعریفی تاکی خوێنەرەوە هەیە، چونکە خوێنەر وەك زەرفێك لەبواری کانی دیکە ئاست و ستێپی خۆی هەیە و فیگەرکانی زەر و جیاوازن، ئێستا نووسین و بەرهەمی کوردی لەئاستێکی باشدایە و دەکرێت، دەقی کوردی بە گرنگییەوە لەسەری بوەستین و بیخوێنینەوە، ئەم تەوانینە لەدەرەوەی سەرنجکانە لەسەر زمان و شێوازکانی دەربڕین و گەیانەوە، بەکەشف و گرفت و تەوانە هەزمانییەکانەوە، چونکە ئەمانە بابەتی جیاوازن و لە وردەکاریدا قسەی زەر هەڵدەگرن. من پەموانییە ئەمە لەئێستادا و لەناو هۆشبیری کوردیدا، کێشەیکمان هەبێت بەناوی کەشفی خوێنەر، بەتام هەنگاو بابەتکمان هەبێت بەناوی کەشفی نەبوونی دەقی باش و نووسەری هۆشبیر و خێافراوان، ئەوەی بەناوی نەمان و نەبوونی خوێنەرەوە بانگەشەی بە دەکرێت، هیچ نییە جگەلە تێنەگەیشتن لەسەردەمەکە و ئەو گەڕانکاریانەی کەبەسەر فەرم و شێوازی خوێندنەوەدا هاتن و وایان کردوە فیگەری جیاواز جیاواز بە خوێنەر دروست ببێت، دەبێت ئیتر لەوە تێبگەین خوێنەر بەتەنها خوێنەری کتێب و کاغەز نییە و ئەپشن وپلاتفۆرمەکان بە بەدەستخستنی زانیاری ئێجگار زەر و کراوەن، ئێستا خوێنەر و خوێندنەوەك زەر بابەتی تر لەپرسە و کردارێکی گشتییەوە بە نوخبە و تاك هەنگاو دەنێت و لەووی مەعریفشەوە لە زانیاری گشتییەوە بە زانیاری تایبەت و تایبەتمەند دەگوازرێتەوە، ئەم پڕۆسەیە گەڕانکارییەکی جیهانییە و لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە، کە هەونکردنەوەیان زەری دەوێت، بەتام لەفۆرم و وێنەگشتییەکیدا و بە دووبارە تێگەیشتنەوە لەپەیوەندی و بەهاکانی دەق و خوێنەر، دەبێت بیر لەجۆرێکی دی لەوانین لەم بابەتە بکەینەوە. (سوهراب) واتەنی " دەبێت چاوکانمان بشۆین و جۆرێکی دیکە دونیا ببینین"

عەلی شێخ عومەر :



تیاری وەرگرتن "تلقی" ئەم چەمکە لە بەخنەی ئەمانیدا، بەاوبووەوە، تیاری وەامدانەوەی خوێنەر لەئەمریکادا سەریهەدا و بەاوبووەوە. ئەوەی نەمری بەدەق دەبەخشێت، خودی دەقەکە خۆیەتی، خوێنەر زیندووی دەکاتەوە، تیاری وەرگرتن و وەامدانەوەی خوێنەر، لەسەردەستی وەفگانگ ئایزەر و هەبرت یاوس چەکەرەی کرد، بەهای ئەدەب لەبەرامبەر داهێناندا، یان نووسینی ئەدەبیدا وەردەگیرێت، ئەمەش بەخوێنەرەوە بەندە، کارتێکردن بە خودی دەقەکەوە، پشت بەچەندین سەرچاوە دەبەستێ، وەك فەرمالیستی ڕووسی شکلەفسکی، بونیادگەری براگ، دیاردەگەرایی ئینگاردن، هیرمەنتیکای هانز جەرج گادامیر، کە مامەستای یاوس بووە، لەتیاری وەرگرتندا، لەسەنگەی ئەوەی چەندین جەری خوێنەر هەیە، وەك خوێنەری شارەزا، نەشارەزا، هەخنەگر، بەیە تەوانینی خوێنەرکان بە دەقی ئەدەبی ناتوانە یەکسان بێ، هەندە سەرچاوە کاریگەریان لەسەر وەسیلەخوازی جەن دیوی، بوونخوازی چەمسکی دامەزراندووە، هەبەت تیاری وەامدانەوەی خوێنەر، بە ناوی جیاوازەوە لەچوارچێوەی وردەکاریی خوێندرا، بە چەندین تیۆرەوە پەلیندە کراوە، نموونەی تیاری"توانستی ئەدەبی جوناسان کیلەر، ناسنامەی دەق نەرمان هەاند، کاریگەری دەرووەنی دیفید بلیش، هەەی نیشانە یفایتر"، ئەمە لەئاستانەی کورت بەیەوە، ئاماژە بەو چوار چەمکە دەکەین کە تیاری وەرگرتن و وەامدانەوەی خوێنەری لەسەر بنیادنراوە. یەکەم کەگای دەق : ئەو شوێنەیە دەق و خوێنەر بەیەك دەگەینە، ئاوێتەبوونی ئەدەبەکانی پێشووتر و پاشەڕەکییەکانی دەڕەوەی دەق پێڕەو دەکەن، سنووڕکانی کارلەکردن و دواندنی نەوان دەق و خوێنەر دیاری دەکات. دووەم ستراتیژی دەق : تێگەیشتنی خوێنەرە، لەلایەن دەقەوە بەرپرسی هەکخستنی توخمەکانی نەو کەگای دەقە، لەنەو توێژکانی دەق ئەو هەە سوورانەی دەق دەگرێتەوە تا خوێنەر بەواتای دەق بگەینە، دەبە بەسەریدا بەوات، بە ئەمە ناتوانە کەدکانی دەق شی بکاتەوە، سێیەم کلێنکانی نەو دەق : ئەو بەشایانەیە خوێنەرپەی دەکاتەوە، پەیوەندی لەگەە دەقدا دادەمەزرێنە، ئەم بەشایانەنە بەو مەرجە شەوازی خەیاە کردنەوەی دەق ئاستە دەکەن، کە دەق هەکیخستووە،

لەهەمانکاتدا وەک هەمدانەوەی خوێنەرەکان لە دەخێن، کلێنکەکان جگەلەوەی بزوێنەری خیالن، ئاوێتەبوونی خوێنەر و دەق، شوێنی بەشایی لێنوان دوو تەوانینەن، بەدیوێك پاژکانی دەق بەیەکەوە گرێ دەدات، مەودا بەخوێنەر دەبەخشێت، بەچەندین شێوە لێکدانەوە بە واتای دەق بکات، بەدیوێکی دیکە بەرامبەر بەپارەکانی تری، ئاماژە بەهەوشاندنەوەی دەقەکە دەدات، چوارەم هەوانینی گەڵك : بە چەند قەناغێك پشت بە لەژیك و تاقیکردنەوە دەبەستێ، بە ئەوەی خوێنەر بەتەواوی بەواتاکەی بگات، هەر قەناغێ و شتەکمان پێشکەش دەکات، لەکەتایيدا تەکرا پێکهاتەکانی دەق لەسەر بنەمای نەرێنی دەق بنیاد دەنرێت، توانای گەیاندنی ئەزموونی نوێ و نەناسراوی هەیە، لەسایەی ئەم چەمکەشەوە لەسەر پەوەرەکانی فاکت و ئەزموونە باوەکانی دەق،کە وەرگر لەی تێنەگەیشتووە، لادان فەراهم دەکات.

چەمکەکانی یاوس و ئیستێتیکای وەرگرتن / لەئاریشەی دەستەی وەرگرەوە نەبە،لەژیاندا کاری ئەدەبی بەردەوام نابە، چونکە مەژووی ئەدەب، بەریتییە لەمەژووی وەرگرتنی دەستێك خوێنەری یەك بەدوایەکەکانی دەق، لەمەژووی ئیستێتیکادا، یاوس پشتی بەزانستی هاڤکردن بەست، بەیە باس لەو بابەتانە دەکات کەپێوەندی بەسروشتی کەمەیەتی و مەژووییەوە هەیە،ەخنە لەمیتەدی پسن، لەنگدانەوەی ماركسی، بەتایبەتی جەرج لەکاچ و لوسیان گەدمان و چەمکی هونەر بە هونەری فەرمالیستەکان دەگرێت، چەمکی وەرگرتن لای یاوس دوو لایەن دەگرێتەوە، یەکەم بکەر"فاعل"، دووەم کارلەکراو "منفعل" پرسەکە دوو ووی هەیە،ووەکیان ئەو کاریگەرییە بەرهەم دێخاتە سەر وەرگر، ووەکەی دیکە خوێنەر چۆن پشوازی لە بەرهەمەکە دەکات یان چۆنییەتی وەهەمدانەوەیەتی، چونکە جەماوەر یان بەنەردراو بەپێی ئاستی ەشنبیری، تەمەن،ئەزموون و ەگەز، کەمەی وەهەمدانەوەی جەراوجەریان بە دەقە ئەدەبییەکە دەبە، لەوانە خوێندنەوە بە بەسەربردنی کات، ەخنەگرتن، ەتکردنەوە، بەدەبوون، چەژەرگرتن لەفەرم و لێکدانەوەی نوێ بە ناوەرك، دیارە دانەری دەق هەمیشە وەرگرە، بەردەوام واتای نوێ بە بەرهەمی ئەدەبی فەراهم دەکات، ئەمەش بە کەمکی دوو توخم دەستبەر دەبە، توخمی ئاسەی پێشبینی یان"چاوەوانی" کە بریتییە لەو ەهەندەی کارەکە گریمانە دەکات، توخمی ئەزموون، وەرگر بەپێی ئەزموونی خێی تەواوی دەکات.

ئاسەی پێشبینی یان چاوەوانی / لەچکەی ستراتیژی دەقەوە، کەمەك گریمانەی هاوبەش دەدرێتە پاڵ خوێنەری نوێکی دیاریکراو، گومانی ئەدەبی پێشبینییەکانی خوێنەر دووپات دەکاتەوە، دەیگەت، یان چاکی دەکاتەوە، بەم پەوەرانەش بە، دەکرێ مەودای

ئەستێتیکی بە بەرهەمی نوێ دیاری بکرێ، پەیوەری خوێنەر لەوەرگرتنی دەقدا، چڕ لەوەرگرتن بۆ ئەزموونی ئەستێتیکی هەژمار دەکات، هەبەت ئەمەش لە کەسکەوە بۆ کەسکی دیکە، بەپێی باوەری ئایینی، ڕەگەز، و ئاستی ڕۆشنبیری.. تاد، گرنگانکاری بەسەردا دێت. خوێنەر کە دەقێك وەردەگرێت بڕشتوویەکی جیاواز وەک هاوتا مەدانەوەی بۆ دەبێت، ئاستی چاوەڕوانی لەڕێگای لێکدانەوەی ڕەخنەی خوێنەر، هەروەها سەرکێشکانی شیکردنەوەی دەق دیاری دەکات، بەکارهێنەرکردن ئاوێتەی دەق دەبێ، دواندنی لەتەکدا دەکات، تا دەگاتە ئاستێ، دەتوانێ زمانی ڕەزانێ لە زمانی جوانناسی جیاکاتەوە، لەنێو شارەزابوونیدا ئاسەی پەیوەر و پەیوانێك بە بەرهەمەکە دروست دەکات، گەر ئەو بەرهەمە لەتەك ئاسەکێدا تەبا بوو، ئەوا بەرهەمەکە ناگرنگێت، هەر دەقێ ئاسەی چاوەڕوانی بگرێ، ئەوە ئەو دەقە سەرکەوتوو دەبێت، لەتەك شێوازە باوەکانی پێشتردا، هەڵگری تایەکی نوێ دەبێت، لادان دروست دەکات، پرسیاری نوێ دەورووژێنێ، لەکۆتاییدا تیەری وەرگرتن، چەق دەخاتە سەر وەرگری دەق، بەم شێوەیش خەسڵەتی نووسەر و دەق کاڵ دەبنەوە، پەیوەندی نێوان خوێنەر و دەق دیارتر دەبێت، ڕۆڵی نووسەر پشت گوێ دەخرێت، ڕۆڵان پارت بە لەدایکبوونی خوێنەر بانگەشەی مەرگی نووسەری ڕاگەیاند، بەمەش لەسەکووچکەی نووسەر، دەق و خوێنەر گرنگی بنەڕەتی هەنایە کایەوە، پەیوەندییەکە لێنوان دەق و نووسەر، گوزرایەوە بە دەق و خوێنەر، کەواتە دەق بوونی خۆی لە نووسەرکەیەوە وەرناگرێ، بەڵکو خوێنەرکەیە بوونی پێدەبەخشێت، واتای دەق چالاکی خوێنەرکەیە، ئەزموون لەتەك دەقدا دەکات، چ کاتێ چالاکی پەیوەندی خوێنەر بە دەقەوە گەیشتە پلەی سەد، ڕۆڵی نووسەر بە سفر یەکسان دەبێت.
کەرکوك گەڵاوێژانی ٢٠٢٤

کاروان عومەر کاکەسوور :



هەر کاتێ دەق لە ئاستی گوتراوەوە، یان وردتر بگوترێت لە ئاستی نەبینراوەوە دەگاتە ئاستی بینراو و شێوەی نووسین (Graphic Shape) وەردەگرێت، ئەوە پەیوەندیی نێوان خۆی و خوێنەر

دادەمەزرێنێت، کە پەیوەندییەکە لەسەر پرەبلەماتیکی گەورە دامەزراوە. دەق دەبێتە مەبەندی بەریەککەوتنی دوو هۆشیاریی جیاواز، هۆشیاریی نووسەر و هۆشیاریی خوێنەر. ئایا ئەو دەقە چەند توخمەکانی دایەنگی لە خۆی گرتووە، بەو مانایەی ئایا توانای هەیە لە بەرانبەر دەرەوەدا خۆی بکاتەوە، تا جیاوازییەکانی بخاتەووو؟ جیاوازی بە چ مانایەک؟ بەو مانایەی ئایا ئەو دەقە لە هێی شتە زانراوەکانەوە خۆی دامەزراندووە، یان هەووی لە نەزانراوە و ئاستی شاراوەی ئەو شتانەی پشان داوە؟ تا ئەو دەقە کراوەتر بێت، پتر زەوینە بۆ دەرکەوتنی چالاکیی خوێنەر خۆش دەکات. لەرەدا کردەی هاڤبەشکردن، کە هەر ئەویش جووڵە دەخاتە دەقەوە و بەردەوامیی پێ دەدات. واتە دەقی کراوە لە دوو ئاستدا دەردەکەوێت، کە دەکرێت بە شیعریەتی دامەزراندن و شیعریەتی هاڤبەشکردن ناوبنێین. یەکەمیان هێی نووسەر و دووەمیان هێی خوێنەرە. کاتێ دەق ئەوە نمایش ناکات، کە هەیە، بەڵکوو ئەوە دەردەبڕێت، نەناسراوە، ئەوە خوێنەرەکی هاڤبەشکەر دەخوازێت، تا لەکدانەوەی جیاواز بۆ دەربڕاوەکانی بکات. دەقی باو بەوەدا کەشف و پەردە باوەکان لە بەرچاو دەگرێت، ئەوە جۆرێ لە بنەمای (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی) دەکاتەوە و لە هێی هەمان شێوازی باوەوە خۆی دەردەخاتەوە، کە لەرەدا بەشایی نییە، تا تێیدا خوێنەری هاڤبەشکەر چالاکی بنوێنێت، بەڵکوو شتەکان بە هێهایی هاتوون و لەکدانەوە هەڵناگرن. دەکرێت بگوترێت دەقی باو دوو دەرگەی هەن، کە نووسەرەکەی خوێنەر ناچار دەکات بەمیانداِ بچێتە ژوورەوە و بەویانداِ بێتە دەرەوە. لەرەدا نووسەر نەک هەر پشتر بەیاری داوە چۆن دەق دابەشێت، بەڵکوو خوێنەریشی ناچار کردووە، بەو ئەنجامە بکات، وا خۆی پێی گەیشتووە. کاتێ لە دەقی کراوەدا بنەمای (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی) تێک دەشکێت، ئەوە سەرتاپێی بونیادەکەی دەگۆڕێت، بەو مانایەی ئەو دوو دەرگەیە هەڵدەگیرێن، کە بە هاتنەناوەوە و چوونەدەرەوەی خوێنەر کراون، بەڵکوو لە هەر خاڵێکدا بەژمار دەرگە دەکرێنەوە. وەک پارادکسێک دەقی کراوە بەدەرگەیە، بەوەی بوونی دەرگە ئاماژەیە بۆ هەبوونی دیوار و مانای وایە شتەکان سنووردارن. ئینجا مادام هیچ دەقێک تەواو نەبووە، ئەوە چالاکیی خوێنەر لەرەدا بایەخی هەیە. (ڕۆلان بارت) لە گوتاری (دەقی فرەئاراستە)دا پێی وایە ئەو (من)ـەی لە دەق نزیک دەبێتەوە، هەر خۆی پشتر بریتییە لە کۆمەڵێک دەقی تر و کەدی بکەتایی، یان بە دیاریکراوی کۆمەڵێک کەدی ونبووە، بەو مانایەی بنچینان نادەزێنەوە.

دەگەینە ئەوەی بڵێین دەقی کراوە نە بە خوێنەرەکی دیاریکراو نووسراوە و نە لە پێناوی گەیاندنی تاکە مانایەکیشدا، بەڵکوو لە

□□ی ئاماژە بەسنووركانیەوە □□ی خوێنەر دەدات بە دوای مانا شاراوەكانیدا بگەڕێت، بۆیە خوێندنەوە و ڕاڤە لە بەرهەمهێنانی مانادا هاوشانی یەكن، بگرە خوێندنەوە خۆی بریتییە لە ڕاڤە. دەقی كراوە و فرەئاستە لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەكی جیاوازدا، بە شێوەی جیاواز لە هیی پێشووی خۆی دادەڕێژێتەوە، بە ئەوەی دەرگەكی چەسپاو بە خۆیەوە بگرێت، بەڵكوو توانای هەیە بەردەوام بچێتە دەرەوەی دیكەی جیاوازەوە.

سابیر ڕەشید :



بە ئەوەی بێتەواوی لەهاوكێشەی "نووسەر – دەق – خوێنەر" بگەین، دەبێ ئەوەش بزانین كە ئێم پێوەندییە لە تیەری وەرگرتندا هەر لە مێژووەوە تا ئێستاكە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیووە. یەكەمیان: كە لەسەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا هەبووە و لەم میتەدە □□خنەییانەدا لەم هاوكێشەی سەرەوە كە باسمان كرد. یەكەمیان " نووسەر"، هەگەرەوەی هاوكێشەكە بووە و بەڵای ئەویشدا شكاوەتەوەو ئێم پەیوەوە لای نووسەر و تۆژەر و □□خنەگرانی ئێم سەردەمەدا نووسراوە و بەاوكراوەتەوە و لەسەری □□یشتوون. ئێم كاتی لەم هاوكێشەیەدا تەنیا نووسەر دیار بوو و دەق و خوێنەر تەنیا بەشدارێكی هاوكێشەكە بوون و □□ی سەرەكییان نەبوو. واتە دەقەكان بۆ خوێنەر بوو، تەنانەت وەریشدەگرت، بەڵام خوێنەر لەدەرەوەی دەق بوو تەنیا چێژی لەوەردەگرت و سوودی لەدەبینی. دووەمیان : □□ی :دەق بوو كە لە ساڵانی پەنجاكان و شەستەكانی سەدەی بیستەمدا، ئەوكاتەی بونیادگەری پەیدابوو و نووسەر و تۆژەرانی وەكوو □□ان بارت و جۆلیا كریستیڤا و تەدەرۆف بایەخییان بە دەقدا لەم هاوكێشەی سەرەوە كە باسمان كرد بەتایبەتی □□ان بارت كە چەمكی "مەرگی نووسەر"ی ڕاگەیاند و لەپلەی سفری نووسینی دەقدا، تەنیا دەق گرنگ بوو، نووسەر و خوێنەر لەدەرەوەی دەق بوون و خوێنەریش چێژەرگر و شێوەكار و وەرگرێكی دەق بوو، بەڵام ئەو □□ی نەبوو وەكوو ئەوەی دەقەكە جێی بایەخی سەرەكی بوو. سێیەم : □□ی خوێنەر لەم هاوكێشەی سەرەتا باسمان كرد " نووسەر – دەق – خوێنەر"، ئەمەش لەقۆناغی

دووەمی بونیادگەری و پاش بونیادگەری و تیۆری وەرگرتندا. واتە بایەخدانەکە لەنووسەر و دەقەوە دەگوازرێتەوە بۆ خوێنەر.
ئەم میتۆدە سنوورەکی بۆ پیرەزی نووسەر و دەق دانا، بۆتایبەتیش لەدەرکەوتنی میتۆدە ڕەخنەییەکانی دوای بونیادگەری وەکوو: هەرمەنیتیکا، سیمیۆلۆژیا و هیتر ئاماژەکیان خستە ناو شیکردنەوە و لێکدانەوە و وەرگرتنی خوێنەر. تەنانەت لە بیردۆزی وەرگرتندا مافی وەرگرتن و لێکدانەوە و تەنانەت بەشداری کردنی لەدەقدا بە خوێنەر گەیاندەوە، تەنانەت بە گوێگر و بینەریش لە هونەرەکانی تری جگە لە نووسیندا. لەم نوێکاریانەدا کە هاتنەدی لایەنی زمانی و زمانەوانی ئەستیان بە دەق گەیەنەوە و زمان بووە پردی گەیاندن بە خوێنەر. لەوکاتەدا کە دەق بەرەو و دەلالەتخوازی و شیفرە و کۆد و ئاودیوی دەق و تەمومژ و دەقی ڕەشنبیری و گەمە شاردراوەکانی مانا و زمانەوانیش بەرەو هاوکێشەی " گادامەر"ی دەبرد کە بریتی بوو لە تێگەیشتن و تێئویلی و پراکتیزەکردن.
نووسینەکانی بارت و کریستیڤا و تەدەرۆف و دواییش نووسینەکانی سیمیۆلۆژیستەکانی وەکوو ئەمبرتۆ ئیکۆ و بنەماکانی فەلسەفەی فینەمینەلۆژیای هوسرڵ و هایدگەر و گادامەر کە ڕەهی وەرگر لە توانا و نوسینی دەقدا بەرز دەنرخێنن و لای ئەوان مانا بایەخی دەق دیاری دەکات و کارلێکی دەق و خوێنەر ئاوێتەی یەکتر دەبن.
لەدەقی نوێدا بۆتایبەتی لە چیرۆک و ڕەماندا خوێنەر دێتە ناو دەق و نووسەرەکە ئاستوخۆ لەگەڵ خوێنەردا دەدوێ و پرسیاریان پێدەکات و خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات و باسی بیرۆکەی دەقەکەی دەکات وەکوو ئەوەی لەدوای بونیادگەریدا میتۆد، یان شێوازێکی نوێ پێدا بوو کە ناویان لێناوە میتاگێڕانەوە، لەچیرۆک و گێڕانەوەدا، لەڕەمانیشدا وەکوو "میتاڕەمان"ی پێدەڵێن. لای خەمان ڕەمانووسانی وەکوو عەبدوڵا سەراج و عەتا نەهایی و عەتا محەمەد پێیانوی ئەم جۆرە نووسینەیان کردووە، لە چیرۆکیشدا ڕەئوف بیگەرد و ڕەئوف حەسەن و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و هی تریش ئەم جۆرە دەقانە بە بەشداری خوێنەر دەنووسن. هەروەها لەدەقی نوێشدا بۆتایبەتی لەچیرۆک و ڕەماندا بەچەندان شێواز و تەکنیکی نوێ دەنووسرێ، بۆتایبەتی دوای باو نەمانی سیانەی مەباسانی (سەرەتا – گرێچن – کۆتایی)، لەکۆتایی کراوەدا ، چیرۆک یان ڕەمان کۆتاییەکەی بە خوێنەر وەکوو بەشدارێکی دەقەکە خۆی چێنی بوو وەها کۆتایی بە دەقەکە دابنێ. من خەم لە چیرۆک و ڕەمانەکانمدا لەزەربەیان داوا لە خوێنەر دەکەم و پێی دەڵێم: تۆش وەکوو بەشدارێکی تری دەقەکەم دەتوانی خۆت کۆتاییەک ، یان ئەنجامی دەقەکە دیاری بکەیت.
بە وەڵامی پرسیارەکانیش، ئەوا وەڵامەکەی من ئەوەیە خوێنەری کورد

ئەستاکە ئەو خوێنەرە ساویلکە و ئاسایی‌ی جاران نییە کە تەنیا دەقی ئەدەبی بە مەبەستی مانا و چێژ بخوێنێتەوە و لەدەرەوەی دەقدا بێت، بەڵکوو ئەو خوێنەرە، مەبەستم خوێندنەری ئێستایە کەلەم سەردەمی پشکۆتن و تەکنەلۆژیا و زەری سەرچاوەی ڕۆشنبیری هەروا دوور‌پەرز نابێت لەگەڵ دەقدا، بەڵکوو پەیوەندیی‌کی گیانی لەگەڵدا دادەمەزرێنێت و خەی دەکات بە بەشدارێکی تری دەقەکە و خەیشی بەنامە نازانە لەدەقدا. لەئاستە جیاوازەکانی زمان و مەعریفەشدا گرفتەکانی خوێندنەوە ئاسانتر دەکات، چونکە خوێندنەواری‌کی سەرسەختی هەموو جۆرەکانی خوێندنەوەیە، واتە سەری لە زۆر ژانرە ئەدەبی و زانستیی‌کاندا دەردەچێ و تەکنەلۆژیای سەردەمیش نایەڵێ هیچی لە بزر بێت، بەڵکوو ئینتەرنێت و گووگڵ و سایتە جۆراو جۆر و فەیسبووک و هەکارەکانی تریش پاڵپشتن بە زانین و چاوکراوەیی، بەیە خوێندنەوەش نابێتە گرفت و لای ئاسانە و دەتوانێ تەی بگات و بگوترێ ئاستی تێگەیشتنی خەی بەشدارێکی تری کارامەی دەقە و هەر ئەمەش لە ئەدەبی نوێ و مەدەرنە و پەست مەدەرنەدا مەبەستە، خوێنەر چەقە گرنگەکەیە.

بە ئیسلامیکردنی نالی و دیدێکی ناکوردانە.. سەدیق سەعید وەندزی

بگومان نالی، یەکێکە لە شاعیرە هەرە دیارە کلاسیکەکانی ئەمە و ئەم شاعیرە، شوێن و پێگەیەکی گەورەی لە مێژووی شیعری کوردیدا هەیە و شیعرەکانی هاوتەریب لەگەڵ قەناغ و سەردەمەکان ماونەتەوە، بە ئێستاشەوە شیعرەکانی دەحوێنرێنەوە. مامۆستا مەسعود محەمەد لە بارەی نالییەوە دەڵێت:(هەر دەڵێ شیعرەکی ئەوە دەهێنێت چەندین ساڵی بە تەرخان بکرێت تا ڕاڤە و شیدەکرێتەوە) لەو سەنگێشەوە دەبینین، کە لە بواری نالی ناسی و کارکردن و توێژینەوە لە شیعرەکانی، تەنها چەند کارێکی کەم کراون، بە بەراورد لەگەڵ جاحی قادری کۆیی. لە دوای نالی، چەندین شاعیری دیکەی کلاسیکی لە ئەدەبی کوردیدا دەردەکەون، بەڵام دواجار نالی دەمێنێتەوە

و ئەمەش بۆ لێهاتوویی و توانای شیعری نالی دەگەڕێتەوە، کە شاعیرێکی هوشیار و شارەزا و زمانزان بووە و بە کوردی و عەرەبی و فارسی شیعری نووسیوە و ئاگایەکی زۆری لە شیعرکانی بەر لە سەردەمی خۆی، هەروەها هوشیارییەکی درك پێکراوی تێنانێت لە بارەی مەدرەنە و ڕەشنگیری و ئازادییەکانی تاك و خود گەرایی هەبووە، ئەمەش بە ڕوونی لە شیعرکانیدا هەستی پێ دەکرێت و دەبینرێت. نالی، بە شانازییەوە باسی خۆی و شیعرکانی دەکات و لە چەندین شیعردا، ئەو توانا و لێهاتوویەی خۆی لە بواری شیعر نووسیندا خستەڕوو، لە ڕووی وەسف و بەلاغە و چواندن و چەندین هونەرکاری دیکەی شیعریش، دەستکی دیاری هەبووە، ئەمە وەرای ئەوەی لە هەمووی گرنگتر، بایەخی بە زمان و بە کوردی نووسین داوە و تێنانێت ئەو شیعرشی کە بە پێیامبەری ئسلام، لە لاوندنەوەی ئەو نووسیوێتی، بە کوردی نووسیوێتی، بگومان ئەمە بەو مانایە نییە، کە زمانی شیعری نالی، زمانکی تەواو پەتی و کوردانە بێت، بە پێچەوانەوە سەدان وشەی عەرەبی و فارسی لە شیعرکانیدا هەن، بەڵام نابە ئەوەمان بیر بچێت، کە نالی شاعیری سەردەم و قەناغك بووە، کە زمانی بەرکار و نووسین و پێەوکراو، هەر ئەو زمانە ئاوێتە یەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا، نکۆی لە نالی وك شاعیرك لە پێشخستن و دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی ناکرێت. شاعیرێ کلاسیکەکانی ئەمە، گەرچی دەرچووی شوێنە ئایینییەکان، تەکیە و خانەقاکان بوونە، گەلکیان هەڵگری شوناسی ئایینی لە شێوەی شێخ و حاجی و مەلا بوونە، بەڵام هیچ کاتك بە تەنها ئایینگرایانە بیریان نەکردەتەوە، بەڵکو هاوکێشەیکی دیکەیان بە ئایین هەبووە. بەردەوام خەونیان لە کارکتەرە ئایینییەکان لە شێوەی مەلا و سۆفی و شێخ گرتووە، دیاردە گەردوونی و فیزیکی و ئیلاهییەکانیان، چواندووە بە نەخش و چا و هاوخساری ژن و بگرە هەندکیان بە تووش ئاستی خەونە گرتنیان هەموو هیەکی سووری بەزاندووە، وك شێخ ڕەزا. لە نوێشیاندا نالی، لە چەندین شوێنی دیوانکەی (1) خەونەی لە پیاوانی ئایینی گرتووە، بە نمونە لەشیعرکدا دەڵێت:

سەماعە گەردشی عیشقە حەقیقەت
لە سۆفی و ڕەقسی تەقلیدی نەما باس

نالی، باس لە بەزمی گواگرتن لە گەرانی و هەسوەاوانی خۆشەویستی دەکات و هاوکات سەمای سۆفی بە ناسۆن و تەقلیدی و بە سەرچوو دەناسێنێت، کە مەبەست لێی حالەتی سرووشتییە. یاخود لە دەڵێ شیعرکی دیکەدا دەڵێت:_

ێشکەی پان و درێژ و بە ریا خزمەت دەکا

زاهیرە هەر کەس بە تووڵ و عەرزی ریشیدا ریا
نالی باس لەوانە دەکات، کە چۆن لە پەراوێزی ژیش هەشتنەوە وەک سونەتێکی ئایینی، خەڵکی فریو دەدەن و لە پێناو خواپەرستی و جێبەجێکردنی سونەتەکان، ڕیشیان پان و درێژ ناکەن، بەڵکو بە ڕیای دنیا و فریودان و خەڵواندنە لە بڕگێکی ئایینیدا، کە لە بنەڕەتدا وانین. بە گشتی شاعیرانی ئێمە، ڕاستە پەروەردەیەکی ئایینی و ئیسلامییان هەبووە، بەڵام هیچ کاتێك ئەو شوناسە ئایینییە، وەک ناسنامەیەك بە شیعرەکانیان ناکەنە پێوەر بە ناسینەوەیان. ئێمە کە نالی و حاجی و شاعیرە کلاسیکەکانی دیکەمان هەن، لە بڕ ئەوە نییە کە مەلا، یاخود شێخ و حاجی بوونە، بەڵکو لە سەنگی ئەوەیە کە خەیان شاعیر بوونەو شوناسە ئایینییەکەیان، ڕاستە ڕەنگدانەوەی لە نەو شیعرەکانیان هەبووە، بەڵام تێمە و شوناسی بنەڕەتی شاعیر بوونیان نییە، بەو مانایەی نالی کە نالییە لەبڕ ئەوە نییە کە مەلایە و بە ئایین ئیسلامە، بەڵکو خەی نالییە و بوونی هەیە. هەر هەوڵێکیش بەو ئاراستەیە بێت، کە ئێم شوناسە مەزوویی و ئەدەبی و نەتەوەییە، لە شاعیرە کلاسیکەکانی ئێمە بسڕنەتەوە و بارگاوی بکات بە شوناسی ئیسلامی، مایەی ڕەتکردنەوە و تە نەگەیشتنە لە دنیای نالی. لەو سەنگەیەوە (د _ ڕەبین) ناوێك لە ماپەڕەی چاودێردا نووسیویەتی (کورد کە بووە موسەمان نالی و مەلای جزیری لە بەرهەم هاتووە) (2) واتا ئەگەر کورد نەبووایە بە موسەمان، کە پێ دەچێ شارەزایی مەزووی ئەوەی نەبێت، کورد چۆن کراوە بە موسەمان، ئەوا نە نالی، نە مەلای جزیری، بگرە هیچ کام لە شاعیرە کلاسیکەکانی ئێمە بوونیان نەدەبوو. ئێمەش مانای وایە، فەرهەنگ و میراتی شیعری کلاسیکی کوردی و شاعیرە کلاسیکەکانی دیکەی کورد، بەرهەمی موسەمانبوونمان و ئایینەکەمانە و دەبێ تا مردن، خەمان بە قەرزاری ئیسلام بزانین، دەنا شاعیرەکمان نابوو ناوی نالی بێت ! بەگومان هەوڵدان بە سەینەوەی شوناسی ڕاستەقینەی نالی، لە شوناسەکی کوردانە، شاعیرانە، کلاسیکییانە و دروستکردنی شوناسەکی ئیسلامییانە بەی، بەرهەمی ئەقڵکی عەرەبی، سەلەفی و دینییە، کە لە پەراوێزی بە ناو ئەکادیمیێت و توێژینەوەی زانستیدا لای هەندێك کەس دەبینرێت. نالی و هەموو شاعیرە کلاسیکەکانی دیکەی ئێمە، لە بڕ ئەوە شاعیر نین، کە موسەمانن و بە هاتنی ئیسلام بوونەتە شاعیر، بەڵکو خەیان وەک شاعیر و وەک کوردێك شاعیرن، مەگەر نالی، خەی لە شیعرەکانیدا، ستایشی زمانەکەی ناکات ؟ مەگەر نالی گاڵتە بە ئەقڵی خورافی و لاهووتی ناکات و گەمە بە سەفی و ئایینداریی و ڕیایی ناکات؟ شاعیرانی ئێمە لە بڕی ئەوەی خەیان وەک شەهیدی ئایین بناسێنن، دێن لە پێنا و زولف و ئەگریجە و ئافرەتدا، شەهید دەبن و

خەیان شەهید دەکەن. مانگ و ڕۆژ و ئەستێرە و توخمە گەردوونییەکان، کە دروستکراوی خودان، لە ئاست ڕوحی یارەکەیاندا، بە بەها دەبینن، هەر وەك نالی دەڵێت:

لە خەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەر وەکو شەت
بە ڕوو زەردی هاتە و کەوتە کەوان

نالی بەردەوام وەك ڕۆخنەگرێکی ئایینی لە شیعرەکانی دەردەکەوێت و سیمبولە ئایینییەکانی لە شێوەی سۆفی و شێخ دەداتە بەر ڕۆخنە. ئەگەر نالی، هێندە موسڵمانانە بیری کردبایەوە، ئایا ئەڤڕۆکی ڕۆخنەیی و ڕیفۆرمی لەو شێوەیەی دەبوو؟ هەر ئەم نالییە، لە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێت:_

بە نیەتی تەقبیلی دەمت عاتیلە ڕۆژووم
بە حەزرەتی میحرابی برۆت باتیلە نوێژم

نالی، دوو ڕوکنی گەورەی ئیسلام بەتاڵ دەکاتەوە لە بنەما ئاینییەکانیان و دەیانبەستێتەوە بە دەم و بڕی ژنێك، بەو مانایەی ڕۆژ و نوێژی ئەو وەرناگیرێت، ئەگەر بەر لە بە ڕۆژو بوون، دەمی ئەو ماچ نەکات! هاوکات نوێژکەشی بەهەمان شێوە، ئەگەر بڕی ئەو نەبینێت. ئەمە ڕوانگەی نالییە، نالی وەك سایکۆلۆژستێك دەچێتە ناخی مرۆڤکانی سەردەمی خۆی، کە چۆن لە پەنای ئایینداری بە ڕووکەش و فریودەرانە، سۆفی و سمبولە ئایینییەکان، سەرقاڵی فریودان وبە لادە دابردنن و ئاوەڵی دەیکەن بە دنیایە، نەك بە ڕۆژی دوایی! یاخود ڕۆخنە لەو مرۆڤانە دەگرێت کە پارێیان بە لاوە هەموو شتەکە و بە دەگمەن تیایان دایە، دەستگیرەیی هەزارەك بکات، هەروەك لە شیعرێکدا دەڵێت:_

ئەهلی دنیایی لەبەر حیرس و تەمەع هوشیارن
بە خسووسی بگرە مەست و خیردەمەندی نیین

هەر ئەو نالییەی، دکتەر ڕۆبین پێی وایە بەرهەمی هاتنی ئیسلامە بە کوردە، لە شیعرێکی دیکەیدا، بە ڕوونی، بە سەرمینەوەیەکی کەمایەتی و نەریتی و ئایینی، وەسفی ڕووخساری کۆی لووس و سەرنجڕاکێش دەکات، کە هەشتا مووی لە نەهاتوو و دەڵێت:_

کۆ ئاینەیی حوسنی، تا وەك کچە مەنزوورە
گرتی کە غوباری موو چینی کۆ و مینا کچ

مامۆستای پایەبەرز مەلا کەریمی مودەڕیس کە شارەزای ئەم شیعرەی کردووە دەڵێت :_(ئاوێنەی جوانی ڕووماتی کۆ تا وەك هی کچ وایەو مووی لە نەهاتوو، بە تەماشاکردن ئاشکرا، بەڵام کە تازی دەزی گەنە تووکی لە نیشت، وەك قاپی فەخفوری لە دە، کەچی کچ هەر بە شووشەیی

خەی ئەمنەتەوە و هیچی لە نایە) (3) نالی لەو شیعرەیدا، باس لەوە دەکات تا سیما و ڕووخساری کوە بە ێیشە، وەك هی کچ جوان و سەرنجڕاکێشە، مەنزوورە، واتا مایەی تەماشکردن و سەرنجدانە، بەڵام کاتێ موو دەگرێت، ئەو مەنزووریەی نامێنێت،. لەڕەوەش مەنزوور پتر بە مانای سەرنجڕاکێشان و سەراسیمەیی دێت، نەك هەر تەماشاکردن. بەمەش نالی کۆمکی بە موو، دەکاتە تەمای شیعریی، کە ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانبینییە ڕەشنگیرەی خەی بووە، چونکە نالی شاعیرێکی بیر کراوەو بە ئاگا بووە. کەچی ئەم بەڕێز، دێت سووك و ئاسان نالیمان لە دەکاتە ئیسلامی و دەڵێت کورد کە بووە موسەمان، نالی و مەلای جەزیری لە کەوتوە، کە ئەمەش دیدەکە هەڵگەی ئەقڵکی ئیسلامی و سوونەتییە نەك ئەکادیمی و زانستی، چونکە بە ئیسلامیکردنی شاعیرکانمان و دامایینیان لە شوناسی کوردانەی خەیان، بە تایبەتیش بە شاعیرکی وەك نالی، کە زمانکی تازە دەنێتە نەو شیعری کوردی و نابە کەسیش پێی بڵێ خەکردییە و خەکوردییە، خەی لە خەیدا دیدگایکی ئیسلامییانەی لە پشتە. نالی شاعیرکی کوردە و خەکی خاك و خەی شارەزوورە و هیچ پەیوەندییکی بە میرات و کولتووری ئیسلامەوە نییە، کە میرات و کولتووری عەرەبکانە. هەمووشمان دەزانین کورد چەن و کێی و بەتە موسەمان؟ بەیە بە ئیسلامکردنی شاعیرکانمان، لە بری بە کوردیکردنیان، خزمەت بە ئەدەبی نەتەوایەتیمان دەکات؟ کە دەڵێت ئەگەر ئایینی ئیسلامیش نەبووایە، نالی و مەلای جەزیری هەمان ئەو شاعیرانە نەدەبوون؟

پەراوێزکان:

1_دیوانی نالی، بە ەاڤێی مامەستای پایە بەرز مەلا عەبدولکەریمی مودەیس.

2_ ماڵپەڕی چاودێر، د –ەبین ئەحمەد، کورد کە بووە موسەمان نالی و مەلای جەزیری لە بەرهەم هاتووە، بەرواری 16/3/2024. ئەمەش لینکی بابەتکەیە
https://chawder.org/detailnews.aspx?jimare=37652&cor=15&related=2

3_ دیوانی نالی، بە ەاڤێی مامەستای پایە بەرز مەلا عەبدولکەریمی مودەیس، ل 165.

*ئەم بابەتە لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە (1347) لە 14/11/2024 بڵاوکراوەتەوە.

چـژ و خـشـویستی و هیومـانیزم لای شـکسـپیر.. عـبـدولـحمان فـرهادی

لـ دـقی ـماندا پـویستـ چـند ـگـزـك هـبن، گرنگ ئـویـ نووسـر پـیامـك بگـیـنـتـ خوـنـر، جگـ لـمـش چـندین مـرجی گرنگ هـن کـ لـ دـقـکاندا هـن کـ زـر لـ خوـنـران نـائاگان لـیان! چـنیـتیی گـانـوـ و شـواز و شـون و کات و سـردـم و پـسن و پـسنکاریی ناو ـستـکان و دیالـگ و کـسایـتیـکان و پـتـویی زمان کـ لـ نووسینی ترمدا باسم لـمـ کردووـ، ئـمانـ بـبـتی گرنگن کـ نووسـری داهـنـر و بـتوانای ئـم بوارانـ لـیان ئاگابـاو نیـ. هـروـها بیـرـکـی سـرـکیی ئـم دـقانـ جا چ ـمان بـت یان چیـك یاخود دراما و شانـنـامـ، هـمـوویـان تـواوکـری دـقی سـرـکـوتوون، بـ هـمـوویـان ـگـزی تـشویـق لـ دـق دـچـنـن کـ ئـمـیـش بـ بـردـوامیـی پـرسـی خوـندنـوـ لـلایـن خوـنـر و چـژی دـق بـ خوـنـر زـر گرنگن. یـك لـ خاـ گرنگ و هاوبـشـکان لـ نـوان ئـم ژانـر جـراوجـرانـ بریتیـ لـ گرـچن کـ لـرـدا دـمـوـ کـمـك لـی بدوـم. گرـچن لـ دـقی ـمان و چیـك و دراماداـ، هاوشانی زمان و ـگـزـکانی دیکـ، بریتیـ لـ بنیادـکی گرنگی دـق، بـیـ هـست دـکـین ئـو دـقانـی لـ ـووی زمان یان تـوزیفی گرـچنـوـ کز و دـستـپاچـن، ناچنـ خانـی بـکـشکردن و وروژاندنی خوـنـر و نـابنـ دـقـکی زیندووی چـژبـخش و خوـنـری کـم و مردـیان دـبـت، بـیـش دـبنـ جـرـك لـ دـقی مردوو و فـرامـش کراو! لـ دـقـ ناودار و جیهانییـکانی گـورـ نووسـراندا، هـست دـکـین داهـنـرـ گـورـکـانی ئـم ژانـرانـ بـ گرنگییـکی زـرـوـ بـرهـمـکانیان دـپـخشـنن. لـو داهـنـرـ گـورانـی ئـم بوارـ کـ لـ دـقـکانیدا، گرـچن لـوپـلـی دایـ و هـزـکی گـوریـشی داوـتـ بنیادی دـقـکانی و بـردـوام بـهـی شیعرچنیی دـقـکانیشی، وـنـی نـو ـستـ و بابـتـکانی لـ درـوشانـوـدان، ئـویش ولـیـم شـکسپیرـ. لـ کارـ درامییـکانی شـکسپیردا هـست بـ گرنگییـکی زـری گرـچنی شیعرین دـکـین، ئـم ـگـز و خاـ بنـتـییـ لای شـکسپیر چـندین ـهـند دـگرـتـ خـی، لـوانـ بـ نموونـ لـ هاملـت دا هـست دـکـین گرـچن

سەراسەی دەقەکەی گرتووە، بەشوەیەك ناچگیرییەکی سەرنجاویی لە دراماکەدا دروست کردووە، ئەم جگە لە نیگەرانی و گەڵانکارییە دەروونییەکانی کەسایەتییەکان و ئاڵوزکاریی ئیستاتیکیانەی ڕووداوەکانی نەو دەقەکە. گرچن لای ئەم نووسەرە گورەیە چەندین ڕەگەز دەگرتە خەی، لەوانە ئاڵوزکاری کە بەهەی گرچنکان پەرشوبڵاو و چەند ڕەهەندیی تەکاڵاون، دیسانەوە چیەك و ڕووداوە درامییەکان لە دەقەکانیدا ئاوەزانن بە پیلانکاری و بابەتی ئامیاری و ناپاکی لە کەسایەتییەکان. توانای شەکسپیر لەوەدا خەی دەبینتەوە کە گرکان بە شوەیەکی هونەریی بەرز چنراون و هەر بەم شوە هونەرییە بەرزیش کاڵفەی ئەو گرە چنراوانە یەکاڵا و شی دەکاتەوە. خاڵی بەهەزی ناو دەقەکانی شەکسپیر لەوەدایە کە ئەم چاونوازییە هەموو جار پچەوانەی پشبینی و بچوونی خوەنەر یان بینەر بووە، ئەگەر نا هەر دەقەك دەبتە بابەتەکی مردڵ و ئەمەش لە بەرهەمی ئەم داهەنەرە گەورانەدا ئەستەمە. شەکسپیر لە ڕەمیە و جەلەت، گرچنە جەراوجەرەکان و زنجیرەی ڕووداوەکان بەسەر یەکدا کەڵەکە دەکات و دواجار بە تراژیدیا کەتاییان پە دەهەنەت! لەم دەقانەی شەکسپیر، گەڵانکاری و ڕووداوەکان لەناکاو و چاونەڕوانکراون! ئەمەش وا دەکات خوەنەر و جەماوەر بوروژن و زیاتر چەژمەند بن. هەروەها ململانێ لەنەو دەقەکاندا بریتییە لە خاڵکی بەهەزی گرچنکان لای شەکسپیر، جا ئەم ململانێ جەراوجەرانە بریتین لە دوو لایەن، ڕووکاری دەرەوە، ئەمەش بابەتی ئامیاری و باری کەمەایەتی دەگرتە خەی، یان شەکسپیر لە دەقەکانیدا ئەم ململانێیە دەباتەوە ناوەوە کە لەمەیش کار لەسەر سایکەلۆجیا و باری دەروونیی کەسایەتی و پاڵوانی ناو دەقەکان دەکات، بە نموونەی وەك لە ماکبەس و تەتەللە(کە دوو لە شاکارە تراژیدیەکانی شەکسپیرن)دا ئەم سەرنجانەمان لا دروست دەبێت. لە دەقێ تراژیدیەکانی شەکسپیردا زەربەی جار کەتایی دیمەن و ڕووداوەکان، بە مەرگ و ماوەرانی و لەناوچوونی کەسایەتییە سەرکییەکان دەت! وەك لە شا لییەر و ماکبەس، وەلێ لە دەقێ کەمیدییەکانی، کە دیمەن و ڕووداوی تەنزئامێز دەگرنەخ، (بە نموونە لە دوازدەمین شەو و خوەنی هاوینشەوێ) ئەمە بە پچەوانەیە! و کەتایی دیمەن و ڕووداوەکان بە شادمانی و ئاشتەوایی و هاوسەرگیری و گێشتنە ئامانج دەگەنە بنبەست! گرچن لەکن شەکسپیر، بریتییە لە ئاوەتەیەك لە ئامانی فەلسەفە ئامێز و یەکانگیریی هەستی قووڵی ئینسانیی لەگەڵ ڕووداوەکان، بەیش هەمیشە دەقەکانی وی بە خوەنەر و جەماوەری بینەری بەرهەمەکانی، نەمر و ئاوپەڕی چەژبەخشن.

هەردوو چەمکی خشوەیستی و هیومانیزم(ئینسانییەت- چەمکی ئامان و

بەچوونی ڕۆوشتامەز کە پەیامەکی بەرزی مرۆڤانەیە) لای شەکسپیر بریتین لە بنیاد و پێکهاتەی پەکهاتەکانی، ئەمەش وای کردووە شاکارەکانی بە نەمری بە سەرتاسەری مرۆڤایەتی بمێننەوە و ببنە پەیامێك بە هەموو سەردەم و زەمانێك، دیسانەوە بە ڕۆگەزی بەرچاوی داهێنان و چەمکەکی قووڵی جوانی بخوێنرێنەوە، بەیەش ئیستاتیکای شیعرامەزی نەو دۆکانی، خوێنەر و جەماوەر بەردەوام لە سەراسەدا دەهێنەوە، هەروەها سەزی هیومانیانە لای شەکسپیر، چەندین هەهند دەگرنە خە، خەشەویستی و لەبوردەییش تەوەرێکی گرنگی شاکار و پەیامەکەیەتی، تەنانەت لە چەمکی خەشەویستیدا هەست دەکەین زەرجار ڕۆهەندی تراژیدیانە وەردەگرێت و هەر بەم ستایلەیش کۆتاییان دێت. لە شاکارەکاندا، بە نموونە لە ڕۆمیە و جولێت چەمکی خەشەویستی ستایلەکی نموونەیی وەردەگرێت، کە بەردەوام لەلایەن کەڕۆگاوە ڕووبەڕووی لەمپەر و ئاستەنگ یان بەربەستی جەراوجەر دەبێتەوە، خەشەویستی لەنێوان ڕۆمیە و جولێت بریتیە لە ئەقینەکی فرە سەزدار و قووڵ! ئەگەرچی ئەم چەمکە لەگەڵی فشاری دەوروبەرەوە، ڕووبەڕووی هەڕەشەش دەبێتەوە، بە نموونە کەشە و ململانێی نێوان هەردوو بنەماڵەکەیان!
لە شانامەی ژاوەژاوی بە هاێین، سەرنج دەدەین چەندین دیمەنی تەنزاوی هەن! کە ئەوانیش پەیوەندییان بە چەمکی خەشەویستیەوە هەیە، لەوانە چەندین دیاڕەگی ساتیرامێز لەنێوان کارەکتەرەکان لە بارەی خەشەویستی و هاوسەرگیری، هەموو ئەمانە دەچنە چوارچێوەی خەشەویستییەکی گونجاو و قەبووڵکراو، ئەگەرچی تەهەکەشیشن بە ڕووداوی تراژیدیانە! بەتەوام لە کلیپاترا و ئەنتۆنیدا خەشەویستیەکی نەگونجاو و ڕوخێنەر سەرهەڵدەدەن، چونکە گومان و ئیرەیی و چاوپەهێنەهاتن بەرجەستەی کارەکتەرەکان دەبن و دەبنە تەپك و دیمەنی بەرچاوی ڕووداوەکان، ئەمەش دیسانەوە وادەکات شاکارەکان بە تراژیدیا کۆتاییان بێت! لەڕدا هەست دەکەین چەمکی خەشەویستی لەم دەقانەدا، بنیادەکی بەهێزی وەرگرتووە، پاشتریش چەمکەکە هەر بەهێزەوە ڕووبەڕووی نەهامەتی و داڕووخان دەبێتەوە. چەمکی خەشەویستی لەکن شەکسپیر، هەر تەنە لە بابەتەکانی تراژیدیا و کۆمیدیادا خەی نابینێتەوە، بەڵکە زەرجار ئەم چەمکە بریتیە لە خەشەویستیی نێوان کەسایەتی و تاك و کارەکتەرەکان، کە لە ئەنجامدا چوارچێوەیەك لە پەیوەندیی پتەوی نێوان هاوڕێ و هاودەمەکان دەگرێتە خەی، هەروەها زەرجار چەمکی خەشەویستی، نیشتمانیش دەگرێتەوە. لە شالیەردا هەست دەکەین چەمکی خەشەویستی، ئامێز و باوەشی پە سەزی باوکایەتی دەگرێتە خەی، باوك لەوەدا لە ململانێی نێوان شالیەر و کچەکانی، دەبێتە سەنتەری خەشەویستی، هەر لەم شاکارەدا هەست

دەکەین مرۆڤ دەتوانێت لە هەمان کاتدا هیومانییانە و دڕندانەیش بێت، هەروەها هەر لە هەمان کاتدا، بەهەڵە و لاوازیش هەڵفتار بکات، دواتریش دەبینین ئەم خۆشەویستییە بە تراژیدیا دەگۆڕێت! چونکە ناحەزیبوون لە چەمکەکدا هەیە. بلیمەتیی شەکسپیر لەوەدایە کە توانیویەتی لە کارەکانیدا هەردوو چەمکی خۆشەویستی و هیومانیزم بە ستایلێکی وەها بەرجەستە بکات کە وەرگر(خوێنەر و بینەر و گوێگر) هەست دەکات هەوداو و دراماکان، هەروەها کارەکتەر و پەیوەندییە جەراوجەرەکانیان بنیادیان لێنێو کەتواردا(واقیع) وەرگرتووە. شەکسپیر سەتان ساڵ لەوبەر، دڵق و شاکارەکانی خۆی نووسیوە، گرنگیی داهێنانەکانی لەوەدایە کە سەرجەمیان ئاوێتەی کەتواری ئێستا هەموو سەردەماکانن! نەك تەنە هەر ئابردوو، هەر ئەمشە وەهای کردووە دڤەکانی بە هەتا هەتایە ببن بە دڤقی نەمر.

لە هەژی جیهانی هەژاریدا، کەمەک ئاستی و هەندەک داتا!.. عەبدوڵا ساڵح

ماركس دەڵێ: (مێژووی مرۆڤایەتی مێژووی گەدانە بەدوای خەراکدا)!

نەتەوە یەکگرتووەکان هەژی (١٧ تشرینی یەکەمی) هەموو ساڵێکی وەک "هەژی جیهانی هەژاری" دیاری کردووە، لەو هەژەدا لە ساڵی (١٩٨٧) زیاتر لە سەد هەزار کەس لە گەڕپانی (ترکادەرۆ) لە پاریس کەبوونەوە، کە هەمان ئەو شوێنەیە جاڕنامەکەی مافی مرۆڤی جیهانی تێدا واژۆ کراوە ساڵی (١٩٤٨)، ئەویش "بە هەزلێنان" لە قوربانیانی هەژاری لەدایکبوون و برسێتی و توندوتیژی، لەوەدا ڕایانگەیاند کە هەژاری دەچێتە خانەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ.
بەپێی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەژاری، تەنیا کەمی داهات یان دەستبەرکردنی سەرچاوەیەکی بەردەوامی بژێوی ژیان نییە، بەڵکو لەوێش تێپەڕدەکا بە بەدخراکی، نەبوونی دەرفەتی خوێندن، و دەستاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، ئەوە جگە لە هەڵاواردنی کەمایەتی، دوورخستنەوە لە کەمگا، و نەبوونی

دەرفەت بۆ بەشداریکردن لە بەیاردان.
لە دونیای ئەمڕۆدا کە بە ئاستێکی بێ وێنەی گەشەسەندنی ئابووری و پەرەسەندنی ئامرازە تەکنەلۆژییەکان و سەرچاوە دارایییەکان دەناسرێتەوە، هەژاری چیتر و تەنها دیاردەیەکی سادەی فرەهەند نییە، بەڵکو بەرهەمێکی واقیعی و یەکجار لە دڕەهاویشتەکانی سیستەمی چینایەتی، واتە سیستەمی زاڵمانەی سەرمایەداریی داسەپاوی ئێمە سەردەمە. هەر وەک چۆن مارکسیش دووپاتی دەکاتەوە: (کۆمەڵگا بوونی سامان لە جەمسەرێکی کەمەڵگادا لە هەمان کاتدا کۆمەڵگا بوونی هەژاری و نەهامەتییە لە جەمسەرەکەی تردا).
جا ئەکخراوی (نەتەوە یەکگرتووەکان) کە ئەکخراوی ئەو وڵاتە سەرمایەدارییانەیە، وە پاسەوانی ئێم سیستەمە چینایەتییە جیهانییەیە، لایەک بە ئاوەی نەهامەتی و تاژیدیاکانی سیستەمەکە کەم بکاتەوە و ڕووخسارەکەی ڕووتوش بکات، وە لە لایەکی تریشەوە ڕۆگەیەکی چاکسازییانە بخاتەڕوو بە چینە چەوساوە و تووڕە برسی و هەژارەکان تا ڕوونەهێنن بە ڕۆگەیەکی شۆشگێڕانە، ئێم ئەکخراوەی (نەتەوە یەکگرتووەکان) ڕایگەیاندووە کە "هاودەنگی"ی هەژارانە و "پابەندە" بە هەوڵدان بە کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و هەلومەرجێک بڕەخسێنێ کایەوە کە "مەترسی دۆزەخی هەژاری لە دڵی ئێم خەڵکەدا وەلانێ" و ژیانێکی باشتریان بۆ فەراهەم بێنێ! بەڵام لە ڕاژی دامەزراندنی ئەو ئەکخراوەوە تا ئێستا هەژاری و برسیەتی و جەنگ و ئاوارەییش لەگەڵیا لە پەرەسەندن و زیاد بووندان.
بەراوردێکی سادە لە نێوان ژمارەی خەڵکی هەژار لە جیهاندا و ژمارەی کەسە داراکان بە ڕووتی سروشتی ئێم سیستەمە و دەندەی یەکەی دەردەخات. پۆڕێکی هەژاری فرەهەندی جیهانی بە ساڵی (٢٠٢٣)، کە ئامارکانی ساڵی (٢٠٢٢) دەگرێتە خۆی، باس لەبووونی(١،١) ملیار خەڵکی هەژاری دەکا لە کەی (٦،١) ملیار کەس کە لە (١١٠) وڵاتدا نیشتەجێن، ئەوەش بەپێی ئامارکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ژمارەی هەژارترین هەژاران کە تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵەوەیە نزیکەی (٥٨٤) ملیۆن منداڵ و هەرزەکار، هەروەها ئەو ڕێژەیە لە نێو منداڵانی کەرپە (٢٧،٩%) بە بەراورد بە (١٣،٥%) لە نێوان گەورەکاندا، زەرینەی هەژارترین هەژارەکان، واتە (٨٣،٢%) ی ئەوان، لە ئەفریقای باشوری بیابانی گەورە (الصحراء الكبرى) و باشووری ئاسیا دان، واتە نیوە دورگەی کیشوەری هیندستان کە لە هەموو ناوچەکانی جیهان پڕ دانیشتووترە. هەر ئەستاش یەمەن و فەلەستین و سودانی بخرێ سەر، کە برستی لە دەرگایان دەدات.
بەو پێیەی ماپەکەی (فەربەس) – کە ماپەکە تایبەتە بە کاروباری سەرمایەدار و دەوڵەمەندەکانی جیهان – دەڵێ :{سەبارەت بە ژمارەی

دارا و دەوڵەمەندەکانی جیهان، ساڵی (٢٠٢٤)، کە هەشتاش نەگەیوەتە کۆتایی، شاهیدی ساڵێکی ناوازە بووین، لەو ساڵەدا، تا ئێستا، (٢٧٨١) ملیاردێری لە سەرانسەری جیهاندا تۆمارکراوە}، بەگوێرەی ئەو ماڵپەڕە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەم ژمارەیەکی بە وێنەیە تا ئێستا لە جیهاندا ڕوێنداوە لە کەمتر لە ساڵێکدا [١٤١] ملیاردێر زیاد بکا بە بەراورد بە ساڵی (٢٠٢٣).
بە نموونە لە هیندستان، کە لە پلەی سێیەمی جیهاندایە لە هەبوونی زۆرترین ژمارەی ملیاردێرەکان لە دوای ئەمریکا و چین، ژمارەی ملیاردێرەکان بەرزبوونەتەوە بە بەرزترین ئاست کە تا ئێستا نمونەی نەبووە ئاوێش بە تۆمارکردنی (٢٠٠) ملیاردێری لەو وڵاتە.
ئامارەکانی ئۆکسفام) – کە ئۆکخراوەکی جیهانییە و نوێنەرایەتی ملیەنان کەس دەکات کە هاوبەشی بنەمایەکن دژە "جیهان دەوڵەمەندە بە سەرچاوەی بژێوی و هەژاری حەتمی نییە"، – دەریدەخات کە تەنها هەشت(٨) کەس لەسەرگەزی پیاو خاوەنی سامانەکن لە جیهاندا هاوتایە لەگەڵ دەرامەدی نیوەی هەژارترین دانیشتوانی جیهان! ئەو ئۆکخراوە باس لەوە دەکا کە قەشتی نایەکسانی لە سامان و دەرامەتدا زیاتر لە جاران فراوان بووە و داتاکانی چین و هیندستان ئاماژە بەوە دەکەن کە نیوەی هەژارترین دانیشتوانی جیهان خاوەنی کەمترین داهاتن لەوەی پێشتر خەمڵێنراوبوو، و ئەوەی تەنها نە (٩) کەس لە جیهاندا خاوەندارێتی دەکەن هاوتایە لەگەڵ ئەوەی (٣،٦) ملیار کەس کە بەدەستی دەهێنن، ئەوش نیوەی هەژارترین مرۆڤکانی جیهان پێکدێنن.
وەک دەڵێن، جامەکە لەسەریەوە ژاوە و لافاوەکە گەیشتووەتە سەرلوتکەی چیاکان، هەژاری و نەداری هەموو سنوورکانی تێپەڕاندووە، هەژار کاتێک برسی دەبێ کە دەوڵەمەند لەتەریدا ورگی هەڵماسێ، ئەم ئامارە ترسناکانەش ئاماژن بەوەی تەقینەوە بۆمبەکە، بەڵام ئەم تەقینەوەیە حەتمیەتکی مێژوویی نییە، بەڵکو پەیوستی بە کاری ئاگاهانە و هوشیاری و ئۆکخستن هەیە و وەک مارکس دەڵێت: (هەژاری شۆڕش دروست ناکات، بەڵکو ئەوە هەشیاری ئاگا بوونە بە هەژاری کە شۆڕش دروست دەکات، ئەرکی ستەمکار ئەوەیە هەژارو نەدارت بکا و ئەرکی قۆڕ و مەلای ستەمکارانیش ئەوەیە کە هەشیاریکەت و نبکا) واتە تەنیا بوونی هەژاری بەبێ هەستکردن بە ستەم و نادادپەروەری شۆڕشێک دروست ناکات، ئەگەرچی لەوانەیە ببێتە هەی تەقینەوەیەکی جەماوەری کە لەگەیەوە تووڕەیی و تەسەندنەوە و ڕقی پەنگخواردوو بتەقێنێتەوە، وەک ئەوەی لە ڕوداوەکانی (١٧ شوباتی ساڵی ٢٠١١) لەکوردستان و ئاپەینەکەی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩) لە ناوەڕاست و خواروی عێراق دا ڕوویدا، بەڵام نایتوانی هیچ

ئاوگۆکی پیشەیی بەدیبهێنێ.
ئەو پرسیارەی کە لێرەدا، بەگوێرەی ئەو داتایانەی سەرەوە، دەتە ئاراوە ئەوەیە: ڕۆگای بنبڕکردنی یەکجارەکی و تەواوەتی هەژاری چییە؟ بەدنیاییەوە ئەوە نییە کە ڕۆژێک بەهەژاری و وەبیرهێنانەوەی دەردەکانی لە جیهاندا دابنرێ، هەرچەندە خەبات بۆ سەپاندنی چاکسازی و باشترکردنی ژیان و دابینکردنی هەلومەرجی گوزەرانی گونجاو پرسەکە لە ڕۆوتنی ململانێ لەگەڵ بەرژوازی و سیستەمی سەرمایەداریەکەیدا نابێ دەستی لەهەڵگیرێ.
بەڵام بەدیهێنانی جیهانێکی خاڵی لە هەژاری، جیهانێکی ئازاد و یەکسان تەنها لە ڕۆگای شۆڕشی سۆسیالیستییەوەیە، ئەو شۆڕشەی کە چینی کرێکار وەک چینێکی ڕۆکخراو و یەکگرتوو لەگەڵ هەموو توێژە زەحمەتکەش و هەژاران و ژنانی ستەملێکراودا ئەنجامی دەدەن.
٢٠٢٤-١٠-٢٥

عەبدوڵا ساڵح

کامەلا هاریس بۆچی دۆڕا؟.. لوقمان ئابڕاخی

هەڵبژاردنی ٢٠٢٤ ی ئەمریکا بە سەرکایەتی لە نزیک دەناڵد ترەمپ کە لە ٢٠١٦ بە ٢٠٢٠ چل و پێنجەمین سەرکی ئەمریکا بوو و کامەلا هاریس، کە کۆسی دووهەمی ئیدارەکەی بایدن بوو لە ٢٠٢٠ هەتا ٢٠٢٤.

فاکتەرە هەرە سەرەکیەکانی بردنەوە لە هەڵبژاردنکانی سەرکایەتی ئەمریکا، ئەو ویلایەتانەیە کە بە (Swing States)واتە (الویلایات المتأرجحة) ناسراون کە نە سوورن(کۆماری) و نە شینن(دیموکرات) چونکە ویلایەتکانی تر بە زۆرینە یان سوورن یان شینن.
ویلایەتکان و ژمارەی ئەلیکتەرەکانیان(Electoral Colleges) ئەو ویلایەتانە ئەمانەن:
میشیگەن ١٥، ویسکۆنسن ١٠، پێنسلڤانیا ١٩، کارۆلاینای باکوور ١٦، جۆرجیا ١٦، نیڤادا ٦، ئەریزۆنا ١١.
ترەمپ هەر هەموو ئەو ویلایەتانەی بردەوە.

دەنگی جەماوەری، پتر لە ٧٥ ملیۆن و نیو دەنگ بە ترەمپ بەرامبەر بە ٧١ ملیۆن نزیکەی نۆسەد هەزار دەنگ بە کامالا هاریس، وە ئەلیکتۆرەکانی کۆلێجی ، ترەمپ ٣١٢ بەرامبەر بە ٢٢٦ بە کامالا هاریس بوو. بەڵام تەنها ئەلیکتۆرەکانی کۆلێجەکان براوەی هەڵبژاردنەکە دیاری دەکەن نەک دەنگی جەماوەری(Popular Votes).

دیموکراتەکان مافی زۆرینەیان لە ئەنجومەنی پیران (سەنەت) دەماند، ٥٣ کورسی بە کۆمارییەکان و٤٧ کورسی بە دیموکراتەکان، و لە ئەنجومەنی نوێنەرانیش (کۆنگرەس) چەند کورسیەکی تریان لە دەستدا، ٢١٤ کورسی بە کۆمارییەکان و ٢٠٥ کورسی بە دیموکراتەکان، هەروەها لە ئاستی حاکمی ویلایەتەکانیشدا کۆمارییەکان ٢٧ ویلایەت و دیموکراتەکان ٢٣ ویلایەتیان هەیە.

هەڵکارەکانی دەماڵانی کامالا هاریس:

چی لە هەڵبژاردنی کامالا هاریسدا هەبوو؟
هاریس کەسی دووهەمی ئیدارەکەی بایدن بوو و لە ماوەی ٤ ساڵدا هیچ شتێکی وای نەکردبوو کە سوودی بە ئەمریکیەکان هەبێت و بە توانایی ئەو دەربخات وە لە کامپەینەکەیشیدا بەرنامەیەکی ووونی نەخستە بەردەم ئەمریکیەکان.
کامالا هاریس کە چەپ و لیبراڵێکی ڕادیکاڵە، هەموو ئەو بۆچوونانەی کە بە ئەمریکیەکانی ئەدا لە کامپەینەکەیدا، هەڵگرانەوەیەکی تەواو بوو لە ئایدیاڵجیاکەی کە چەندین ساڵە بە کردار جێبەجێیکردون و لە ووتارەکانیدا درزنی، دووڕوویی و زانیاری ناڕاست بەردەوام ئامادەگی هەبووە لەبەرئەوە ئەمریکیەکان بە گومان بوون لە قسەکانی.
بە نمونە، هاریس کە لە خەزانەکی دەوڵەمەندەوە هاتووە و باپیرانی خاوەنی کێڵبوون، تاکو چەند مانگێک پێش بە کاندیدبوونی خۆی بە هندستانی دەناساند. بەڵام کە کرا بە کاندیدی دیموکراتەکان بە سەرکایەتی، خۆی بە ڕەش پێست دەناساند وە لە کەوکەبوونەوەکەیدا لەگەڵ ڕەش پێستەکاندا باسوخواسی بە قەرەبووکردنەوەی ئەو ڕەش پێستانەی کە باپیرانیان کێڵە بوو ئەدا بە گوێیاندا.
ئەو بۆچوونە کاردانەوەی نەرێنی بە دوای خۆیدا هێنا چونکە ئەوانەی کە باپیرانیان خاوەن کێڵە بوون دەیانووت، ئەمە بۆچی بە کار و کرداری باپیرانمان سزابدرێین؟
بۆچی پارەی باجی ئەمە کە خاوەن کێڵە نەبووین بدرێت بەو کەسانەی کە ئێستا نەک هەر کێڵە نین بەڵکو هەموو مافێکی هاووڵاتیبوونیان هەیە و زۆریان پڵە و پێستی باشیان هەیە و خاوەن ساماڵیشن؟

هەموو ئەوانەی کە سپی پێست، ڕەش پێست، لاتینەکان و ئەو ئەمریکیانەی کە پێشتر کۆچبەری یاسایی بوون و باپیرانیان لە ئەمریکاش نەبووە کە خاوەنی کێڵە بووبێت، ئەو پرسیارە دەکەن کە بۆچی ئەمانیش کە بە ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان دابینکردووە، پارەی باجی ئەوان بدرێت بەو کەسانەی کە ئێستا کێڵە نین و کەشەی ژیان و بژێویان نیە؟

کامەلا هاریس وەکو کەسێکی هیپوکریت دەردەکەوت چونکە ئەو هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی جۆ بایدنەوە دەیزانی کە بایدن نیشانەکانی (دیمێنشا) لەبیرچوونەوەی تێدا هەبوو، بەڵام ئەو ئەمەی لە ئەمریکیەکان شاردەوە و درێی لەگەڵدا کردن و بەردەوام لە میدیاکاندا ئەیوت کە تەندروستی بایدن باشە و کێشەی بیرچوونەوەی نیە. بەڵام کە دیموکراتەکان فشاریان خستە سەر بایدن کە واز لە خەڵەبژاردن بهێنێت و بابەی هەڵبژاردنی نەوان دیموکراتەکان، کامەلایان کرد بە کاندید، کامەلا کەوتە باسکردنی تەندروستی بایدن.

کامەلا هاریس و ژنان

لە کامپەینەکەیدا، هاریس ژنبوونی خۆی بەکارهێنا بۆ ڕاکێشانی سەزی ژنان و بۆ وەدەستهێنانی دەنگی ژنان.
بە ئەو مەبەستەیش بابەتی مافی ژنان بۆ لەباربردنی منداڵی کرد بە سەرەکیترین بابەتی کامپەینەکەی و ژنانی بەوە ئەترسان کە ئەگەر ترەمپ ببێت بە سەرۆک، مافی ژنان بۆ لەباربردنی منداڵ لە سەرتاسەری ئەمریکادا قەدەغە دەکات.
هاریس لە کامپەینەکەیدا بەردەوام باسی بەرگریزی ترەمپی دەکرد بەرامبەر بە ژنان و لەمەیشدا دیموکراتەکان و ئەو کەناڵ و ڕۆژنامە چەپ و لیبراڵانەی لە بەشکی ئەم ووتاردا ناوم هێناون، بەردەوام دژ بە ترەمپ بوون و پشتگیری هاریسیان ئەکرد.
سەیر لەوەدایە کە سەرەکی کامپەینەکەی ترەمپ ژن بوو کە گرنگترین وەهستیارترین پێستە لە هەڵبژاردندا.
داتاکانی دوای هەڵبژاردنەکە ئەوە دەردەخەن کە ڕێژەی دەنگی ژنان بۆ ترەمپ لە ٥٪ لەسەدا پێنج زیاتر بووە لە ڕێژەی دەنگی ژنان بۆ هاریس.

لێشاوی کۆچی کۆچبەری نایاسایی بۆ ناو ئەمریکا

کاریگەری نەرێنی ڕەگەدان بۆ لێشاوی کۆچبەری نایاسایی زۆر گەورە بوو لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئەمریکیەکان وە کاریگەری چوار ساڵی حوکمڕانی بایدن-هاریس بۆ ئەمریکیەکان نەرێنی بوو چونکە:

١-واڵاکردنی سنووورکانی ئەمریکا لەشاوی کۆچبەری نایاسایی بەخێوکەوە بینی کە پتر لە ١٢ ملیۆن کۆچبەر بوون.
بەڵام، لە ناو ئەو کۆچبەرانەدا کەسانێک هەبوون لە ووڵاتکانی خێیان هەڕهاتن بۆ دابینکردنی ژیانێکی باشتر، بەڵام ئەوەی کە ئەف بی ئای و هێزکانی پاراستنی سنووورکان پێیانزانیوە ئەوەیە کە سەدان سیخوڕی چینی، ڕوسی، کۆریای باکوور، ئێران و چەندین ووڵاتی تر هاتوونەتە ناو ئەمریکاوە. ئەوانەی کە بۆ دزیەوە داخڵ بوون و لایەن هێزی ئاسایشی ئەمریکا نەزانراوە زۆر لەوە زیاترە کە مایەی دووڕوویی و ترسی خەڵکی ئەمریکایە چونکە هەکاری تێکدانی ئاساییشی نیشتمانی و سەقامگیری ناو ئەمریکایە.
لەسەر ڕەشنایی ئەم زانیارییانە، بۆ بەچوونی من ئاگادار ئیدارەی ترەمپ چالاکانە بەدوای ئەو تێکدەر وسیخوڕانەدا ناگەڕێت و دڕیان نەکات، بۆ دووری نازانم کە پشوێی و ئاشوب و تێنانێت تێقینەوە لە ناو ئەمریکادا ڕووبدات.

٢-هەر لە ناو ئەو کۆچبەرە نایاساییانەدا، هەزاران ئەندامی گانگستەر و مافیا ئاسا داخڵی ئەمریکا بوون کە بەهەیانەوە ژمارەی تاوانکان، لاقەکردنی سێکسی، دزی و تاوانکانی تر بۆ ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزبوونەوە بۆ تایبەتی لە ویلایەتە شینەکاندا کە زۆرینەی ئەو کۆچبەرە نایاساییانە پێشوازیان لێکراوە.

٣-ئەو قاچاخچیانەی کە بە لەشاو ئەم کۆچبەرە نایاساییانەیان دەهێنایە ناو ئەمریکاوە، جگە لەوەی کە خێیان لاقەی سێکسی منا وهەرزەکارانیان دەکرد، ئیستیغلالی بەشێکی بەرچاوی ئەو کۆچبەرانەیان کردووە، بۆ تایبەتی کوڕ و کچە گەنجکان، و بازرگانیان پێوەکردوون و بە لەشفرۆشی بەکاریانهێناون.

٤-هەر بەهەی واڵاکردنی ئەو سنوورانەوە، هێنانی فێنتنێتێ و مادەی هۆشبەرەکانی تر بۆسنوور زیادیکرد بۆ هەیەوە ژمارەی ئالوودەبووان زۆر زیادیکرد کە هەکاری تێکچوونی باری تەندروستیان بوو وە ژمارەی خەکوشتن تیایاندا بەرزبوەوە کە ئەمەیش یەکێک بوو لەو قەیرانانەی کە ئەمریکیەکانی هەراسان و بێزار و تووڕەکردبوو .

ئاخر تاکو دوا ساتی حوکمڕانی ئیدارەکەی ترەمپ-پێنس، سنووورکان تەکەم و پارێزرابوون وە ژمارەی کۆچبەران تەواو سنووردار کرابوو. بەڵام واڵاکردنی سنورەکان بە بەیاری ئیدارەکەی بایدن - هاریس لە هەمان ڕێژی دەستبەکاربوونیانەوە کرا کە ئەمانە هەمووی بە بەرچاوی ئەمریکیەکانەوە ڕووياندا چونکە بەیاری واڵاکردنەکە بە

بەرچاوی هەموو میدیاکانی ئەمریکاوە لەلایەن بایدن و بە ئامادەگی هاریسن ئیمزاکرا.

٥- سەرچاوەی یارمەتی مادی، تەندروستی و خزمەتگوزاریەکان بە ویلایەتەکان و باشترکردنی باری ژیانی خەڵک بەکاربهێنرایە.
٦-هەرچەندە هەموو یارمەتیەکانیان لە حوکمەت وەرئەگرت، کۆچبەرە نایاساییەکان ئیشی دەکەن و باج نادەن کە ئەمە لەلایەکەوە زیان بە ئابووری ئەمریکا ئەگەیەنێت و لەلایەکی تریشەوە هەلی کار بە کۆچبەرە یاساییەکان و بە هاووڵاتیە ئەمریکیەکانیش سنووردار ئەکات.

ئەمە لە کاتێکدایە کە پتر لە ٦٠٠٠٠٠ شەش سەد هەزارهاووڵاتی ئەمریکی بێماڵن(Homeless)ن وە ژمارەی ئەو هاووڵاتە ئەمریکیانەی کە لە خوار هێڵی هەژاریەوەن پتر لە سی و هەشت ملیۆن و نیو هاووڵاتین، واتە ١١.٥٪ ژمارەی دانیشتوانی ئەمریکا لە خوار هێڵی هەژاریەوەن.

کامەلا هاریس و ئیلیت و ئەستێرەکانی هۆلیوود
کامەلا هاریس بە پشتی تایەڵر سویفت، بیانسە، ئۆپرا وینفری، ئەم ئاند ئەم، ڕۆبێرت دی نیرۆ، کوین لەتیفە و..هتد کامپەینی ئەکرد، کە هەمویان ئەستێرەکانی هۆلیوودن وە ئیلیتن و خاوەنی سەدها ملیۆن دۆلارن وە لە جیهانی خەیاندا ئەژین و بێئاگان لە موعاناتی ژیانی ڕۆژانەی ئەمریکیەکان.

بە یارمەتی ئیلیت و کۆرپۆریشن و ئەستێرەکانی هۆلیوودەوە یەک ملیار دۆلار بە کامپەینەکەی کامەلا هاریس کۆکرایەوە کە تا ئێستا لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرکایەتی ئەمریکادا هیچ کاندیدێک نەو بڕە پارە خەیاڵیەی بە کەنەکراوەتەوە.
یەکێک لە فاکتەرە سەرکیەکانی بردنەوەی هەڵبژاردنەکان لە ئەمریکادا، کەکردنەوەی پارەیەکی زۆرە بە کامپەینەکە کە بۆ ملیار دۆلارەوە وە بۆ پشتگیری تەواوەی میدیا سەرکیەکانی ئەمریکا کە: سی ئێن ئێ، ئێن بی سی، ئەی بی سی، ئیم ئێس ئێن بی سی، سی بی ئێس، زۆ نیویەرک تایمس، واشینگتن پۆست، یو ئێس ئەی تودەی...هتد، بوون، دەبوایە بیبردایەتەوە. بڕیام لەبەرئەوەی کە خاوەنی کاریزما و بەرنامە نەبوو وە لەبەرئەوەی کە لیبرال و چەپێکی ڕادیکاڵ بوو،

شکستیهنا.

هیتلر، نازیکان و زبو و خاشاک

کامالا هاریس خاوهنی بهرنامهیهک نهبوو کو قهناعهت بهو ئهمریکیانه بکات کو شایستهی دهنگکانی ئهوانه جگه لهو خهنمایشکردن لهگهل ئیلیتکاندا و وهناکردنی ترهمپ به هیتلهر و هاوادارکانی به نازیکان، وه کو جهو بایدن لایهنگرانی ترهمپی به زبو وخاشاک وهسفکرد، کامالا هاریس به ووشهیکیش ناماژایهتی خهی بهرامبهر بهو سووکایهتیهی بایدن دهرههی کو ئهمریکیکان بهویان لهکدایهوه کو ئهو تهنها بهچوونی بایدن نیه بهکو هی هاریس و دیموکراتکانیشه.

کو مهترسیه بو دیموکراسیهت؟

- ترهمپ بههای ووتارو توندوتیژکانی بایدن، کامالا هاریس و دیموکراتکان دوو جار هاوهی کوشتنی بو درا و هاوهکی تریش بو کوشتنی لهلایهن ئهرانیکانهوه پلان بو دانرا بووکه له ۷ ی ئوکتوبهری ۲۰۲٤ دا جهجهکبکرهت، بهنام ئهف بی ئای زووتر پهیانزانی و ئهو کهسانهیان دهستگیرکرد و پلانهکه پووچهلکرایهوه.
- بهپهی پهیامو و پهگرامی دیموکراتکان ئهبوایه بایدن خهی هاوبژاردایهتهو بو خولی دووهم.

له حالهتی نهخوشی سهرکدا، دیموکراتکان جارکیتر هاوبژاردن له نهوان خهیاندا دهکهنهوه به هاوبژاردنی کاندیدی ئهلتهرناتیف.

بهنام دیموکراتکان به زهر بایدنیان وهلا نا وه به هیچ هاوبژاردنهک، کامالا هاریسیان کرد به کاندیدی ئهلتهرناتیف.

سهیر و سهمهرهلهوهدایه کو دیموکراتکان ترهمپیان به مهترسی بو دیموکراسیهت وهسفدکرد.

لهگهم نهبیت، دوژمنی منیت

تهلسی گابارد جگه لهوهی کو له ۲۰۱۳ هتا ۲۰۲۱ خانمه کهنگرهس بوو لهسهر لیستی دیموکراتکان، به ماوهی ۱۷ ساڵیش ئهفسهر بووه له پاسهوانی نیشتمانی ویلایهتی هاوای کو سوپای تایبهته به ویلایهتکان.

دوای ئهوهی کو تهلسی گابارد پشتیوانی بهرنامهکهی ترهمپی کرد، لهلایهن ئیدارهکهی بایدن و هاریسهوه خرایه ناو لیستی چاودیری تیرهریستانهوه.

تەلسی گاباردیکەکش بوو لە بەربژێری هەڵبژاردنە بەراییەکانی دیموکراتەکان بۆ کاندیدی سەرکایەتی ساڵی ٢٠٢٠.
هەر ئەوەی کە دیموکراتەکان حوکمەتیان بکارهێنا کە هاووڵاتیەکی ئەمریکی کە ئەو هەموو پلە و پستە هەستیارانەی هەبووە بخرێتە ناو لیستی چاودێری تیرۆریستانەوە، دەیسەلمێنێت کە دیموکراتەکان تەنها ئەو کەسانە قبووڵدەکەن و ڕقیان لەدەگرن کە وەکو خۆیان بیربکاتەوە و لە کاتی دەستەیشتنیشیاندا سزای ئەوانە ئەدەن کە وەکو خۆیان بیرناکەنەوە و هاوڵایان نین.
سەیر لەوە یشدایە کە هاریس و دیموکراتەکان بەردەوام دەنگدەرانیان بەوە دەترسانند کە ئەگەر ترامپ ببێت بە سەرۆک، حوکمەت بکاردەهێنێت بۆ سزادانی نیارەکانی.
نموونەیەکیتر، ئاڵ ئێف کەی جونیەر کە دیموکرات بوو، پێیوابوو کە بەهەی بارودۆخی تەندروستیەوە، بایدن بەکەمکی سەرکایەتی نایەت و داوای لە دیموکراتەکان کرد کە لە جیاتی بایدن دژ بە ترامپ خەی کاندید بکات. بەڵام دیموکراتەکان بەوە ڕازینەبوون و بەبە هەڵبژاردنی نەو دیموکراتەکان خۆیان، کامەڵا هاریسیان کرد بە کاندید لەبەرئەوە ئاڵ ئێف کەی جونیەر وەکو بڵایەن خەی کاندید کرد کە بەهەیەوە دیموکراتەکان دژایەتیەکی زەر و تەنانەت سوکایەتیشیان پەکرد.

کامەڵا هاریس و بەها کەمەڵایەتیەکان

دیموکراتەکان بە گشتی و کامەڵا هاریس بەتایبەتی باسی مافی ئافرەتیان ئەکرد بەڵام هیچ ڕەزەکیان بە ئەو دایکانە نەبوو کە بە فەرمانی دیموکراتەکان لە هەندەک لە ویلایەتە شینەکان لە قوتابخانەوە منەڵکانیان دەبران بۆ نەخۆشخانە بۆ گەینی ڕەگەزەکەیان لە نەرەوە بۆ مەیان بپێچەوانەوە و دەرمانی گەینی هەرمانەتیان پەدەدان بەبە ئەوەی پرس بەو دایک و باوکانە بکەن.

کامەڵا هاریس، پاپشتی ئەو پەسەیەی دەکرد و پشتگیریکردنی گەینی ڕەگەزی ئەوانەیشی کردوە کە تاوانبار بوون و حوکمدراون و لە زیندانداببوون.
هەبەتە گەینی ڕەگەز پەسەیەکە کە لە ئەمریکادا پارەیەکی زەری تەدەچێت کە لەو بودجەیەوە سەرفدەکرێت کە پارەکەی لە باجدەرە ئەمریکیەکان وەردەگیرێت کە بەردەوام نرخی بیمەی تەندروستی لە بەرزبوونەوەدایە بۆ ئەوان. بەڵام ئەو پەسەیە بە خەڵایی بۆ ئەو زیندانیانە دەکرا کە بەرژەوەندیان لەوەدابوو کە لە زیندانی ژناندا بن نەک هی پیاوان.

ئەم بابەتی جێندەر لە تیمی وەرزشکارانیشدا مایەی بێزاری و تووڕەیی ئەمریکیەکان بوو چونکە لە هەندێک حاڵەتدا نەرێک لە هەر یارییەکی وەرزشیدا لە نێو نەرەکاندا توانای بردنەوەی کەبەکەی نەبوایە، ڕەگەزەکەی خۆی دەگەڵی و ئیدی ڕێگەی پێدەدرا لە کەبەکەی مێیەکاندا بەشداربێت کە دیسانەوە ئەو زوڵم و غەدرەکی گەورەیە لە ژنان کرا چونکە ئەوەی کە جێندەرەکەی لە نێرەوە بە مێ گۆڕیوە، هەیکەل و توانا و ماسولکە نێرینەکەی لە دەستنەداوە. ئەمە وەکو ئەوە وایە کە پیاوێک بڕامبەر بە ژنێک کەبەکە بکات.
لە کاتێکدا کە ئافرەت هیچی لە پیاو کەمتر نیە وەکو مرۆڤ، بەڵام لە بواری وەرزشی و ئەو بوارانەی کە پێویستی بە ماسولکە و هێز هەیە، پیاو باڵادەستە. هەروەکو چۆن لە بواری تردا ژن باڵادەستترە لە پیاو بەهەی پێکهاتەی بایۆلۆجی و فسیۆلۆجیانەوە.
لە ویلایەتە شینەکان بابەتی هاوڕەگەزخوازی کراوە بە مانهەج بە منانانی قوتابخانە سەرەتاییەکان کە باوکان و دایکان دژی ئەو مانهەجەن چونکە ئەوان پێیانوایە ئەو تەمانە هی ئەوەنیە کە ئەو بابەتانەیان بە باسبکرێت.

"جیهانگیری" کامەڵا هاریس و "ئەمریکا یەکەم"ی دۆناڵد ترەمپ

ئاراستەیەکی بەهێز هەیە بە بە جیهانگیریکردنی جیهانێک بەرهەمدەهێنەت لە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیەوە دوورببکەوێتەوە و دەسەزی(ولاء) تەنها بە بژێوی و بژێوی دروستکەر بێت کە لە ئەمریکادا ملیاردەرەکانی وەکو جەرج سۆرۆس و بیە گەیت و مارک کوبا و ...هتد نوێنەری دەکەن کە دیموکراتەکان و کاندیدەکەیان، کامەڵا هاریس لەو بۆچوونەدان و پشتگیریان ئەکەن و لە بازنەکەی ئەواندا دەخولێتەوە.
کاتێک ترەمپ ئەڵێت "یەکەم ئەمریکا" و "جارێکیتر ئەمریکا بەهێزدەکەینەوە"، هاوڕانبوونیەتی بە جیهانگیری و سەینەوەی ئەمریکا چونکە لە جیهانگیریدا ئەمریکا زیانی پێدەگات لەبەرئەوەی ئەگەر جیهانگیری بەو شێوەیەی ئەم ملیاردەر و کۆرپۆرەیشنانە دەخوازن جیهان بگرێتەوە، تەنها تا ئەو شوێنە بەدەکات کە خزمەت بە ئاجێندەاکانی چین و ڕووسیا ئەکات. بەڵام ئاماژەیە بۆ جیهانگیری بوونی هەیە و واڵاکردنی سنووری ئەمریکا بە کۆچبەرە نایاساییەکان، خزمەتێکی زۆر بە ئاجێندای ئەو ملیاردەرانە ئەگەیەنێت کە بە کۆیلەکردنی مۆدێرن یەکێکە لەو ئاجێندایانە.

ئەمریکیەکان دەنگدان بە کامەڵا هاریس یان دۆناڵد ترەمپ بە مافی خۆیان دەزانن بە گوێنەدانی هەر سیستەمێک یان سیاسەتێکی

ئابووری، کۆمەڵایەتی کە لە خزمەتیاندا بێت و ئەو خەڵکەی لە ناوەوە و دەرەوەی ئەمریکا کە وەکو ئەستێرەکانی هەلیود و چەپە ئیلیتەکان بیردەکەنەوە دەنگدەری ئەمریکی بە گەمژە وەسفدەکەن ئازادن بەڵام وەکو پەندە کوردیەکە ئەڵێت: ئەوەی دەستی لە ئاگردایە وەکو ئەو کەس نیە کە دەستی لە ئاودایە.
ئەگەر پتر لە ٧٥ ملیۆن کەس گەمژە و گەل بوونایە، ئەمریکا هەرگیز لە هەموو جیهان پێشکەوتووتر نەدەبوو.

سەرئەنجام
هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەمریکا دەربارەی کەسایەتی و قسەزانی نەبوو بەڵکو پەیوەندی ئاستەوخۆی بە بەرنامەی هەڵبژاردنەوە هەبوو.
دۆناڵد ترەمپ ئەیزانی خەڵك لە چی بێزار و تووڕەن و بەرنامەکەی ترس و دڵەڕاوکێ و داواکاری وپۆپیستیەکانی ئەمریکیەکانی تێدا بەهێند وەرگیرا بوو کە تەواو پێچەوانەی کامەڵا هاریس بوو کە خاوەنی بەرنامەیەکی ڕوون نەبوو بەڵکو تەنها کاری لەسەر ترساندن و تێقاندنی ئەمریکیەکان ئەکرد کە ئەگەر دەنگ بەو ندەن ترەمپ، کە هاریس بەردەوام بە نازی و دژ بە دیموکراسییەت وەسفیدەکرد، بیباتەوە هەموو ئازادیەکانیان لە زەوتدەکات کە ئەوە ئارگیومێنتێکی لاواز بوو چونکە لە ٤ ساڵی حوکمڕانی پێشوویدا، ترەمپ ئازادی ئەمریکیەکانی زەوتنەکرد.
لە ڕاستیدا ئەمریکا ووڵاتێک نیە کە نێک ترەمپ بەڵکو هیچ سەرکردەیەک بتوانێت لە دەستووری ئەمریکا لابدات کە ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین یەکێکە لە بنەڕەتکانی دەستووریکی.
چینی مام ناوەندی بە دەست گرانبوونی سووتەمەنی و خواردەمەنی و تێکچوونی باری ئابووریەوە کە بەهۆی سیاسەتی دیموکراتەکانەوە و هەڵکانیانەوە و بەخشینی ملیارەها دۆلاری باجدەرە ئەمریکیەکان بە کڕبەرە نایاسییەکان تەواو لە دیموکراتەکان بێزار و تووڕە بوون.

هەر لەبەرئەوە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە کە بردنەوەی هەڵەای دۆناڵد ترەمپی لێکەوتەوە، تەنها دژانی هاریس نەبوو بەڵکو هی دیموکراتەکانیش بوو وە دەنگدەرانی ئەمریکا وەکو پەیامێک دایان بە گوێی دیموکراتەکاندا کە دابڕان لە کەمەگا، پشتگوێخستنی خەڵک و داواکانیان ئەمە ئەنجامەکەی ئەبێت.

لوقمان ئابڕاخی ١١/١١/٢٠٢٤

بۆ کێ دەنووسی؟!.. برایم فەقێشی

بۆ کێ دەنووسی، پرسیارێکی گرنگە. گەر کتێب کالا بێ، خاوەن کالا دەبێ بزانێ کێیە! وەرزێر پەتاتە و پیواز بۆ بازاڕ و کێیار، بەرهەم دەهێنێ! کتێب پەتاتە و پیواز نییە، لێ بۆ کەسان بەرهەم دەهێندرێ، گەورە و بچووک، پیر ولاو، ژن و پیاگ، ئەم گرووپ و ئەو گرووپ، ئەم توێژ و ئەو توێژ!
نووسەری ئەمان وەامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کە بۆ کێ و کام گرووپی کەمەگا دەنووسێ. وەشانخانە بۆ وردی خوێندنەری کتێب و نووسەرکانیان لێ بەرچاو دەگرن و زەربەیان لێ نووسەران داوا دەکەن کە چۆن بۆ خوێندنەری جگای مەبەست بنووسن. ئەوەش قانوونی بازاڕە و کالایە!
ئەمە نک بازاڕی کتێب، بازاڕی سینەما، ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن و سەرجەم مەدیا و سۆسیال مەدیا دەگرێتەوە. ئەوەش بۆ مانایە نییە، وەامی ئەم پرسیارە نەدرێتەوە کە نووسەر خۆی کێیە و بۆ کێ دەنووسی؟ ئایا هەر نووسەر، فیلەسووف و زانستپێشە بۆ بازاڕ دەنووسن؟
هەندێک نووسەر بۆ مەبەست بۆ کەسان و توێژ و گرووپی جگای نەزەری خۆیان، دەنووسن و لە ڕگای کتێب و نووسینکانیانەوە لە گەڵ ئەم توێژە گرێدەدرێن. هەندێک بۆ مەبەست بۆ گرووپێکی تایبەت نانووسن، بەڵام خوێنەری تایبەت بۆ خۆیان پەیدا دەکەن. ئەوەش زەربەی ئەو نووسەرانە دەگرێتەوە کە لە بازنەیەکی تایبەت بۆ خۆیانەدا دەخولێنەوە، چ وەک بابەت، چ وەک ژانر و چەشنی ئەدەبی.
ئەو نووسەرەی خەی بۆ شیعر، چیرۆک، ڕۆمانەوە، خەریک دەکات و ئەویتر لە بواری وەک شانۆ، سینەما، فەلسەفە، هونەر، مۆزوو، فەرهەنگ و زانست دەنووسێ، خوێنەری خەی پەیدا دەکات.
بەرتەلت بڕشت دەیگوت: "نووسەر ناتوانن بۆ خڕاییەی دەوڵەتکان شڵ ساز دەکەن، بنووسن. نووسەر دەبێ بیر بکاتەوە!". لە سەردەمی ئێستا کە خوێندنەوەی کتێب بە گشتی ڕوو لە کەمی دەدات و منداڵ و لاو کەمتر ڕوو لە خوێندنەوە دەکەن و خۆیان لە بۆژمار پلاتفۆمی ئینترنێتدا دەبینەوە و زەربەی کاتی شەو و ڕۆژیان لە بەر سمارتفۆن و تابلێت تەدەپڕێ، خڕا خڕا نووسین و ڕووکەشی تێوانین و بەشداربوون لە تگەیشتنی گشتی، بەتە نڕم. ئەوە دایک

و باب و گۆرەکانیش دەگۆڕێتەوە، کە بڕدەوام کاتیان بە پلاتفۆرمەکانەوە دەرباز دەبێت و نیاز بە خوێندنەوە نابینن!
ئەمڕۆ ئەم پرسیارە گرنگتر دەبێتەوە کە نووسەر بۆ کێ دەنووسێ؟ ئایا نووسەر دەبێ خۆرا بنووسێ و بۆاوی کاتەوە؟
گونتر گاو، ژیۆنالیست لە گونتر گراسی شاعیر و ڕۆمانnوسی پرسیار: "بۆچی چەند ساڵێ هیچت نەنووسیوە، ئایا خوێنەرەکانت لە دڵست نادەی؟" گراس لە وەڵامدا دەڵێ" نووسینی دوا ڕۆمانی من چوار ساڵی خایاند!"
نووسین بەرهەمی بیرکردنەوە و بیرکردنەوە دژوارترین کاری مرۆڤ و کاتی گەرەکە، بە پێچەوانە فرۆشیار بە پێی ویستی بازاڕ خۆرا دەجوڵێنەوە. وەشانخانە ئەو کاتە لە سەر نووسەر بە تەواوبوونی بەرهەمەکەی ئامادەستە، کە بازاڕیان بە تەر بکات. ئەبێت ئەوە هەموو وەشانخانەیەک ناگرێتەوە و هەیە کە خەمی گۆڕیان بۆاوکردنەوەی زانیین و زانیاریی و بیروهزرە!
بە دڵگەن چیرکنووس، ڕۆمانnووس، فەیلەسووف، نووسەری بابەتی سیاسی، ئابووریی، تەکنیک، زانست، هونەر و بواری تر، لە سەسیال مەدیا بابەت بۆاو دەکەنەوە. سەسیال مەدیا شوێنی خۆرا خوێندنەوە و پێین لە سەر ئەم بابەت بە ئەو بابەت و ئەم لاپەڕە بە ئەو لاپەڕە، کە هەمووی لە چرکەساتدا تەدەپەڕێ. ئەم چرکەساتانە بیروهزری قووڵی لێناکەوێتەوە و دەرفەتی چوار ساڵێ بە نووسینی ڕۆمان ناڕەخسێنێ. هەر بۆیە زەربەی هەرە زەری ئەو نووسەر و بیرمەندانەی دەنووسن، خۆیان لە سەسیال مەدیا نابیننەوە، مەگەر ئەوەی سەسیال مەدیا و مرۆڤی ناو سەسیال مەدیا، ببێتە بابەتی نووسین و لێکۆڵینەوە!
بە کوردی بە کیان، بە مەدیا، بە سیستەم کە خۆی لە بازنەی کەمەگای ئیسلام-دا دەبینێتەوە، کە کەمترین خوێنەری کتێب لە سەر گۆی زەویین، ئەم پرسیارە گرنگتر دەبێ کە نووسەری کورد بۆ کێ دەنووسێ و بۆ کێ دەبێ بنووسێ؟ بۆ خۆک و نەتەوەیەک کە تاکەکانی لە ساڵدا سێ کتێب ناخوێننەوە؟ بۆ سیاسیی و خوێندکارانی زانستگای کە بەدگەمەن کتێبی دوور لە بواری وانەی زانستگا دەخوێننەوە؟ نووسەر دەبێ بۆ کێ بنووسێ؟
لە هەموو کوردستان هەر چوار پارچە، بە دگەمەن چاپی کتێب دگاتە ٥٠٠٠ و تیراژی کتێب لە دەوری ١٠٠ بۆ ٥٠٠ و کەمتر لەوە دەخولێتەوە و ئێستا بە هۆی تەکنیکی خۆرای چاپی کتێب، زۆر لە وەشانخانەکانی کورد، ڕۆژی چاپی کتێبیان هەناوەتە خوار٥٠ کتێب و گەر داواکار هەبوو ئەوجا کتێبەکە لە چاپ دەدرێتەوە.
٥٠٠٠ و ٥٠٠ و ٢٠٠ و ٥٠ کتێب بۆ نەتەوەیەکی سەرووی پێنجا ملیۆن،

دەبێتە چی؟ بەر لە زەربوونی سیستەمی میدیا خوێنەری ماپ‌ەکانی کورد لە هەفتەدا چەند دەهەزار بوو، ئەمە بە دڵگەن ماپ‌ەکان خوێنەریان هەیە.
نووسین و خوێندنەوە گرێدراوی حەز و ویستی کەسەکانە، ویست بە فڕبوون، بە وەرگرتنی زانیاریی، بە تێگەیشتن لە بوون و چۆژ وەرگرتن لە ژیان. خوێندنەوە گرێدراویی ئاگابەخۆبوونی مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی گرێکی بە لە بازنەی تەسک و هووکەشی تێگەیشتن، دەربازی قووڵایی تێگەیشتن لە دیاردەکان بە.
ژیانی هووکەشی بەرهەمی ئەتەماتیسم و عادەت و دووبارەبوونەوەیە و مرۆڤ بەرەو قووڵایی تێگەیشتن لە بوون و ژیان نابا. میدیا و سیستەمی میدیای زانیاریی بەرتەسک بەخش، زەرترین کاتی شەو و ڕۆژی مرۆڤ بە گشتی و مرۆڤی کورد بەتایبەت لە خە دڵگرێ و ئەوەش، چەنیەتی کەمەگای کوردستان دەردەخات کە زەرتر و زەرتر بەرەو هووکەشیبوون دەکەشرێ.
میدیا و سیستەمی میدیای دەرەوەی کورد زەرترین دەور و کاریگەریی دڵگەن بە ئەوەی مرۆڤی کورد لە بازنەی تەوانینی بەرتەسکدا بمێنێتەوە. نەتەوەیەک کە تاکەکانی دوور لە زانیاریی بە تێگەیشتن لە خەی و سەردەم بمێنێتەوە، گەان لە ژیانیاندا پێک نایات!

برایم فەقێشی
١٤/١١/٢٠٢٤

نامەی نەیەم و دەیەم.. شەماڵ بارەوانی

نامەی نەیەم

ئازیزەکەم، نەخێر، هیچ لە مردن ناترسم. بەچی بترسم؟ جا چی هەیە دوای مردن تا لەی بترسم؟ ئەوەی من لەی حاڵی بووم، تەنها عەدەم هەیە و هیچی تر. کەواتا بەچی بترسم؟ هەموومان مردنێک قەردارین. ئەمە یەکانی بەیانی، هەر دەبە بمرین. بەیە من هەرگیز "مردن نامتەقنە، بەکو ئەوەی دەمتەقنە ژیانە!"* ئازیزی من، ئەفسووس!

بە ویستی خەمان لە دایک نەبووین و بە حەزی خۆشمان نەژیاین. دەی هەر هیچ نەبێت با مردنێک بمرین بە دەستی خەمان و بە دەی خەمان بێت و مەرگێتی هیچ کەسێکی پێویست نەبێت. ئازیزەکەم، ئارەزوو دەکەم دوای مردنم تەرمەکەم بسووتێنن. بیرت نەچێت بڵێ لە سووتاندنەکە هەر بۆشکی لاشەم کە سوودی بە ئەوانی تر دەبێت، مەبەستم گورچیلە و هەرشتێکی ترمە، بیبەخشن بەو هەژارانەی کە پێویستیان پێیەتی. دوای ئەوە گەم تەبەردەن. دەنیام کاهینەکان وەک چۆن لە ژیاندا دەستیان لە ژیانمان وەردا، بە مردنەکەشمان ئاوا و هێگە نادەن تەرمەکەم بسووتێنن. دەی گەر لە گەستانتان ناشتم، لەسەر گەڵکەم بنووسن: هیـــچ. بیرم چوو ئەوەشت پێ بڵێم، با هیچ کاهینێک لە کاتی ناشتنەکەمدا ئامادە نەبێت، نەشمبەم بە هیچ پەرستگایەک.

---

*محەممەد زەفراف، چەند بازەکان(هەمان)، وەرگێڕانی: مەدینە ئەحمەد.

نامەی دەیەم

ئازیزەکەم، وەکو من مەبە، هەوەدە سوریالیستانە بژی و زیاتر یاخی بە. تا بێت دەکرێت هەنەر بە. هەنەرەکان بنیاتنەری جیهانن. بەوا بکە منیش هەندە کەسێکی سوننەتی و کەیلەی دەستی قەدەر و ئەرە نیم. ئاستە کەسێکی هەندێک نەستالۆژیکم و جارجار حەزم لێیە بەهەوە کەهانەکانی ئابردوو و لە زەمانی منداڵیدا گیر بخەم، دنیابە ئەوە تەنها عاتیفەیەکی کاتییە. من چەندە پابەندم بە ئابردوو، هەندەش کەسێکی واقیعیم و سەربە ئەستام. هەموو نووسین و کتێبەکانم بخوێنەوە، ئینجا دەزانیت کە من چەندە کەسێکی هەنەر، یاخی و ناپابەندم بە کەدەکان. هیچ کاتێک حەزم نەکردووە لە کەس بچم و کەپی ئەویتر و ئەوانی تر بم. هەمیشە هەوەم داوە جیاواز و خەم بم. بە ئەوەش باجی زەرم لە پێناو بەچوون و بیروباوەڕی دژباوم داوە. دووچاری زەر ئاستەنگ و ناخۆشیی و کێشە بووەتەوە. زەر جوێنم پێ دراوە. زەر سووکایەتیم پێ کراوە. زەر کەس لەم دوورکەوتوونەتەوە. هەگری لە چاپدانی بیرەوەرییەکانم کراوە. تەنانەت هەڕەشەی کوشتنیشم لە کراوە. چاوەڕێی چوونە زیندان و تەنانەت تیرۆرکردنیشم دەکەم. ئاوایە ئازیزی من، مادام بڕیارت دا خێت بیت و لە وانی تر نەچیت و قبووڵی نەکەیت پاشکۆ و سەبەری ئەوم و ئەوی تر و ژمارەیەک لە ژمارەکان بیت. دەبە ئامادەی باجدانیش بیت. دەبە بەرگەی ئازار و فرمێسک و تەنیاییش بگریت. ئازادی خۆن و باجی دەوە، باج. هەرکاتێک هەستکرد کەمەگا و دەوروبەر هیچ کێشەیکیان لەگەڵتدا نییە، مەبەستم کێشێت بە نانێنەوە، لەوە دنیابە تە ساختەچی و

دووڕوویت. مرۆڤی هۆشیار و کەسی ئاشنبیر هەمیشە لەگەڵ کەمێک بت لە کێشمەکێش، شەڕ، ناکۆکی و ململانێدایە. مرۆبەستم هەموو ئەو بتانەیە کە نیچە باسی لێوەکردوون. سیرە، ئاشنبیر بیت و توانای خۆگونجاندنت لەگەڵ کەمێگادا هەبێت! ئازیزی من، منیش وەکو ژان ژاک ڕۆسۆ هیچ کاتێک"حەزناکەم لەناو خەڵکدا بژیم، هێندە گوناهەکەم لە ئەستۆی ئەواندایە، هێندە لە ئەستۆی منداا نییە."* گوتم دەبێ بەرگەی دووڕکەوتنەوەی ئەوانی تر بگریت و خۆت لەگەڵ تێنایییدا ابێنیت. بەڵێ، تێنایی ناسنامەی مرۆڤ هۆشیارکانە. ئازیزی من ئاستێ "تێنایی ئەو جۆگایەیە مرۆڤ تێیدا ئەوانی تر لەدەست دەدات، وەلێ خۆی تێدا دەدەزێتەوە."* ئازیزی من،"من
تێنـــــــــــیـــــــــــام
تێنـــــــــــــــــــیـــــــــــــام
تێنـــــــــــــــــــــــــیـــــــــــــــام وەک سـۆگ…"*
پەویستێ تەش خۆرا لەو دزانێ دوور کەوێتەوە و تێنایی بکەیت بە ناسنامەت. بەڵێ، ئەوان هەموویان دزن. ئازیزی من "دز ئەوکەسە نییە ماڵەکەت دەدزێت، بەڵکو دزی ئاستقینێ ئەوەیە بوونت دەدزێت." دەزانم کە " بەکەسی و تێنایی چەند پەویستێ بە داهێنان، هێندەش ترسناکێ بە لە دەستدانی مرۆڤ و عەقڵی مرۆڤ."* وەلێ چارمان نییە و دەبێ بەینێ پڕاوەزترین جوگرافیای ئەو بوونە نەفرەتییە و لەوانی تر دووردوور بکەوینەوە. ئازیزی من، ئاستێ من هەمووانم لە دەست دا، بەڵام لە کۆتایدا تێنایییم بە دەستهێنا..

---

*با فەلسەفییانە بیر بکەینەوە "ئەو25 بیرمەندەی ژیانی ئەمڕیان گۆڕی"، عەلی حوسێن، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی یەکەم، ل ٣٥٤-٣٥٥.
*ئەش.
*ژانرەکانی تر، توانا ئەمین.
*جۆبران و هونەر و نووسین، ژیفان خەرانی، ماڵپەڕی(وشە)، PM:10:42:18/10/2017.